# سیناریۆی پینەوپەڕۆکردنی عێراق و بژارەکانی کورد



دکتۆر کەمال کەرکووکی*

تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە

سەرلەنوێ بەغدا بە تەنگژەیەکی نوێوە بۆمان گەڕایەوە، تەنگژەیەکی دیکە دەخرێتە سەر ئەو زنجیرە تەنگژانەی کە هیچ شتێکی تازەی بۆ بارودۆخی عێراق پێ نییە و بارودۆخەکە لەوە خراپتر دەکات کە ئێستا هەیە، گومانیشی تێدا نییە ئەم تەنگژانە جگە لە ئاکامی وردی ئەو کەموکورتییە مێژووییە گەوهەرییەی لە بونیاد و هەیکەلەی عێراقدا هەیە، شتێکی دیکە نییە.

وێڕای ئەو هەموو هەوڵە نێودەوڵەتییەی کە دەیان ساڵە دەدرێن بۆ پینەوپەڕۆکردنی (الترقیع) عێراق، بەڵام واقیعی سیاسی ئێستا و ڕووداوەکانی ئەم دواییە بێگومان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە پرۆسەی پینەوپەڕۆکردنی عێراق پرسێکی دۆڕاوە و

جگە لە بەفیڕۆدانی هەوڵێکی زۆر و خەرجییەکی زۆر و قوربانیی هاووڵاتیان هیچ ئاکامێکی نابێت و کێشەی قووڵتر و ئاڵۆزتر دەخوڵقێنێت. هەر بۆیە ئێمە وەك حزبە کوردستانییەکان ئەگەر لەگەڵ خۆمان و گەلەکەمان راشکاو نەبین و بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی نەخەینە ژێر بەرژەوەندیی نیشتمانی، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەگەڵ بەغدا دەخزێینە نێو جەرگەی کێشەی مەحاڵەوە کە هەرگیز کۆتایی نایەت و سەرەنجامیش دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ئەو کارەسات و نەهامەتییەی رووبەڕوومان بۆتەوە و هەتا ئێستاش رووبەڕوومان دەبێتەوە.

هەربۆیە لەم وتارەمدا هەوڵدەدەم گرنگترین ئاکارەکانی واقیعی سیاسی ئێستای عێراق و بژارەکانی کورد لە هەمبەر ئەم واقیعە بخەمەڕوو.

● سەرەتا بە باری ئابووری دەست پێدەکەین. عێراق کە خاوەنی چوارەمین یەدەگی نەوتی جیهانە و ژێرخانێکی تەواوی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەیە، هەموو بازاڕەکانی جیهانی بۆ هەناردەکردن بەڕوویدا واڵایە، بە خراپترین تەنگژەی ئابووریدا تێدەپەڕێت، ئەمەش نەك بە هۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، بەڵکو بەهۆی فەشەلی گەوهەریی ئەو خەڵکانەی کە سیاسەتی نەوتی عێراق هەڵدەسووڕێنن و لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆنتراکتەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندا فەشەلیان هێناوە.

هەر لە بواری ئابووریدا دیسان، عێراق دەناڵێنێت، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کێشە و نارەحەتیی گەورە و راستەقینە بۆ گەلەکەمان لە هەرێمی کوردستان دروست بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بونیادی دابەشکردنی داهات لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان و پێکهاتەکانی عێراق لاوازە و تەواو دژی ئەو بنەمایانەیە کە لە دەستووری عێراقدا هاتوون.

عێراق هەتا ئێستاش پابەندە بە هەموو ئەو یاسایانەی کە پێشتر سەدام حوسێن دایڕشتبوون، هیچ حکومەتێکیش لە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ هیچ کام لەو سیاسەت و یاسایانەیان نەگۆڕیوە کە کەرتی نەوت و داهاتی عێراقی پێ بەڕێوەدەبرێت، بە درێژایی ئەو ماوەیەی رابردووش نەتوانراوە بازنەی ئەو کێشە و پێچ و دەورانە بشکێندرێت کە بەغدا وەك ئاستەنگ دەیخاتە بەردەم دۆسیێ یاسای نەوت و گاز و داهاتەکانی هەناردەکردن، بۆیە هەر جارێك تێیدا دەگەینە رێککەوتن، ئەوا زۆر بەخێرایی بۆ چوارگۆشەی یەکەم دەگەڕێینەوە. بەمجۆرە و بەشێوەیەکی کردەیی کابینەکەی عەبادی-یش هیچ هەنگاوێکی لەو هەنگاوانە نەگۆڕیوە کە پێشتر لە کابینەی رابردوودا مالیکیی هاوڕێی هەڵیگرتووە.

● دووەم لە بواری سیاسیدا. دوای ساڵی ٢٠٠٣، کورد لەناو «عێراقێکی دیموکراتی و فیدڕاڵی و لامەرکەزی» بە وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی سەرووەریی دەستی پێکرد، هەتا گەیشتۆتە ئێستا بە وەزارەتەکانی خزمەتگوزاری کۆتاییمان پێهێناوە و لەناو هاوکێشەی سیاسیدا کە دوورە لە هاوبەشی راستەقینەی کورد لە بڕیاری چارەنووسساز و سەرووەریدا. لەم ئاماژەکردنەدا دەمەوێت ئەوە وەبیر ئەو لایەنانە بهێنمەوە کە داوای ئەوە دەکەن لە ژێر چەتری ئەو بەغدایە بمێنینەوە کە هەر ئەو دەوڵەتەی عێراقە کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوو دروستکراوە، پێشتریش کورد بە پۆستی وەزاری گرنگ دەستی پێکردووە، بەڵام لە نێو هەموو حکومەتەکانی پێشووی عێراقدا بەدەست سیاسەتی پەراوێزخستن و راگوێزان و کوشتارەوە ناڵاندوویەتی، هەتا کورد گەیشتە پرۆسەی کۆمەڵکوژی و راگواستن و ژینۆساید و گۆڕە بەکۆمەڵەکان، ئەمەش وایکردووە یادەوەریی مێژووییمان زامەکانی هەڵەبجە و ئەنفال (گەرمیان و بادینان) و کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و کوردانی فەیلی و بە هەزاران شەهید و بێسەروشوێن لەناخیدا هەڵبگرێت.

● سێیەم، لە بواری سەربازیدا سوپای عێراق بە هۆی نەبوونی باوەڕێکی سەربازی و هەستێکی نیشتمانی و نەبوونی باوەڕێك بە گرنگیی ئازادکرنەوەی خاکەیان، بەدەست کێشەیەکی بونیادییەوە دەناڵێنێت، ئەمەش واتە عێراق بە دەست نەبوونی ئیرادەیەکی تەواوی سەربازییەوە دەناڵێنێت کە ناتوانێت خاك ئازاد بکات و بیپارێزێت. هەر بۆیە گوندێك لەم لا ئازاد دەکەن، کەچی لەولاوە شارێك لەدەست دەدەن، ئەمە وێڕای پشتگیریی

تەواوی ئەمریکا، بەڵام باری سوپای عێراق لە حوزەیرانی ٢٠١٤ ـەوە تا دەگاتە ئێستا کە ٢٠١٦ـەیە گۆڕانێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە، ئەمە سەرباری زیادبوونی گروپی پەرتەوازە لە نێو ژمارەیەك لەو گروپە چەکدارانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتن، هەروەها پەیدابوونی فەرماندەکانی شەڕ کە ئەجێنداکان لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بەڕێوەدەبەن.

لەبەرامبەردا هێزی پێشمەرگەی قارەمان دەبینین کە وێڕای کەمیی ئیماکانییەت و سەرچاوەی ئابووری، بەڵام سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن تۆمار دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پێشمەرگە خاوەنی بڕوایەکی پۆڵایینی نیشتمانی و بیروباوەڕێکی سەربازیی قووڵە و ئەمەش وایکردووە کە پێشمەرگە بتوانێت وەك پاسەوانێکی ڕاستگۆ خاکی کوردستان و سەروماڵی هاووڵاتیان بپارێزێت.

● چوارەم ئەگەر بە کورتی ئەم تەنگژەیەی دوایی شرۆڤە بکەین. ئەوا دەبینین عێراق وێڕای ئەو هەوڵەی کە لایەنە نێودەوڵەتییە گەورەکان بە هەموو شێوەیەك بۆ نەشتەرگەرییەکەی دەیدەن، بەڵام نەتوانراوە پێکهاتە جیاوازەکان و پەرلەمانتاران و سیاسەتمەدارەکانی پێکەوە کۆبکەنەوە. هەربۆیە دوای سێ مانگ لە ململانێی سیاسییانە لە ئاژاوەگێڕی و پۆپۆلیستییەکی ڕاشکاوانە، ئەوا ئەو هێزە نێودەوڵەتییانە بە هەموو توانا و نفوزی خۆیانەوە سەرکەوتوو نەبوون کە شتێکی زۆر سادە بدۆزنەوە کە لە کەلێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بونیاد و هەیکەلەی عێراقدا پینەوپەڕۆ بکەن.

کێشە و تەنگژەکانی عێراق زیاتر و زیاتر هەڵدەکشێن و هیچ هیوایەك لە ئارامکردنەوە، یان چارەسەرکردنیدا نییە، هەر بۆیە ئێمەی کورد ئەگەر ئامادەباشی نەکەین بۆ هەڵگرتنی هەنگاوێکی مێژوویی بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی و بە دیهێنانی ئیرادەی گەلەکەمان بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووس، ئەوا بە ئاگری ئەو کێشە ئاڵۆز و تێکچڕاوانە دەسووتێین کە ئێمە بە هیچ جۆرێك دەستمان لە دروستکردنیدا نەبووە. ئەوجا پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی پەلی خۆمان و گەلەکەمان بۆ ناو ئەم شەڕە ڕابکێشین؟!

بۆیە لێرەدا داوادەکەم و وەبیر لایەنە جیاوازەکانی دەهێنمەوە، بەتایبەتی ئەوانەی بەو جۆرە تێڕوانین دەکەن و داوای گرنگیی مانەوە لە ژێر کۆنترۆڵی بەغدادا دەکەن، بەوەی پێویستە دوای ئەو هەنگاوە بکەوین کە مافی سروشتیی گەلەکەمان پشتبەستوو بە یاسا نێودەوڵەتییەکان بەرجەستە دەکات بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی و دوایان لێدەکەم و بەبیریان دەهێنمەوە پێویستە خوێندنەوەیەکی واقیعییانە بۆ واقیعی ڕاستەقینەی عێراق بکەن. هەروەها زۆر پێویستە بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی بخرێتە سەرووی بەرژەوەندیی تەسکی حزبییەوە، کە پێش هەر لایەك زیان بە خۆیان دەگەیەنێت و گەل و مێژووی کوردستانیش چاوپۆشیی ئەوەیان لێ ناکات کە ئاستەنگ لە بەردەم ڕەوڕەوەی سەربەخۆیی و بەرجەستەبوونی نەتەوە و گەلی کوردستان دروست بکەن.

واقیعی ئێستای عێراق قابیلی چارەسەر نییە، واقیعی ئێستای عێراق بەردەوامە لەسەر دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سەرکردە و ئەقڵییەتی شۆڤێنی و دیکتاتۆرییانە کە بە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو هەر ئەمەی بەرهەم هێناوە، بۆیە هەتا ئێستاش ئەم واقیعە و ئەم پێکهاتە سیاسییە دژی هەموو بەرژەوەندییەکی کوردە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەبێت بژارەکانمان لە بەر ڕۆشنایی ئەم واقیعە لەبەریەك هەڵوەشاوەیە بن کە دەمانخەنە نێو تەنگژەگەلێك کە بەدرێژایی دەیان ساڵ قابیلی چارەسەرکردن نەبوون؟ ئایا دەتوانین بە مانەوەمان لە چوارچێوەی ئەم تەنگژانەدا چ دەسکەوتێك بۆ گەلەکەمان بەدەست بهێنین؟ بینیمان چۆن بەغدا لە کێشەیەك دەرباز دەبێت و بە خێرایی بەرەو کێشەیەکی دیکەی زۆر ئاڵۆزتر دەچێت. بۆیە لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە گەوهەرییە بخەینەڕوو کە لە قووڵایی هاوکێشەی ئێستای واقیعی عێراق سەرچاوە دەگرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئایا دەمانەوێت گەل و هەرێمی کوردستان بەشێك بێت لەم تەنگژە بێ چارەسەرە کە هەرگیز هێور نابێتەوە؟ ئایا ئەوە ڕاستە ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و بەرجەستەبوونی گەل و نەتەوە ڕابگرین و چاوەڕێی بەغدا بکەین؟ ئایا ئەوە ڕاستە قوربانییەکانی هێزی پێشمەرگەی قارەمان و شەهیدە سەربەرزەکانمان بکەین بە قوربانی ئەو هەیکەلە سیاسییەی کە بێجگە لە کارەسات

و نەهامەتی هیچی دیکەی بۆ گەلەکەمان بەدینەهێناوە؟

ئێمە لەو بڕوایەداین هەر ڕۆژێك تێدەپەڕێت و ئێمە بە چوار دەوری کێشەکانی بەغدا دەخولێینەوە، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە دەرهەق بە خەباتی گەلە تیکۆشەرەکەمان دەیکەین. چۆن دەتوانین بڕوا بە ئایندەیەکی پرشنگدار بۆ منداڵەکانمان بکەین، لەگەڵ عێراقێکدا کە تەنیا یەك ڕۆژیش بڕوای بە هاوبەشی راستەقینەی کورد نەبووە؟ ئایا کارلێکەکانی تەنگژەی ئەم دواییەی چی بوون؟ جگە لە هەڵوێستێکی زۆر روون و راشکاوانە بەرامبەر رۆڵی کورد لە بەغدا. حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق هیچ هەلێکیان بازنەداوە و چەندی پێیان کرابێت هەنگاویان بە ئاراستەی پەراوێزخستنی زیاتر و پاڵپێوەنانی زیاتری کورد بووە بۆ دەرەوەی پرۆسەی سیاسی و هاوکێشەی بڕیاری سیاسی. کەواتە بۆچی خۆمان گرێبدەینەوە بە شتێك کە مێژوو سەلماندوویەتی، رووداوەکانیش رۆژ لە دوای رۆژ پێمان دەڵێن قابیلی راستکردنەوە و پینەوپەڕۆ نییە؟ چەندین ساڵە هەوڵدەدەین کێشە گەوهەرییەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، بێ تاقەت نەبووین لە گرێدانی دانوستاندن و سەردانی یەك لەدوای یەك لەبەر ئەوەی پابەندی تەواو بووین بە گرنگی درێژەپێدانی رێگاکانی سیاسەت و دیموکراتی، بەڵام یەك پرسیاری سادە کە بە مێشکی هاووڵاتیانی کوردستاندا تێدەپەڕێت، ئەوەیە لە هەموو ئەمانە چی بەدیهات و چیمان دەستکەوت؟ ئایا توانیمان هیچ لەو ئەقڵییەت و پێکهاتەی لە بەغدا دەسەڵاتدارن بگۆڕین؟ ئایا هیچ کام لەحکومەتە یەك لە دوایەکەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ رێزیان لە بەڵێن و ئەو رێککەوتنانە گرتووە کە لەگەڵ سەکردایەتی و حکومەتی کوردستان گرێیان داوە؟ ئەمە سەرباری ئەوەی هەموو کات هەرێمی کوردستان رۆڵێکی ئەرێنی و بونیادنەرانەی هەبووە بۆ هێورکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان سەرکردە جیاوازەکانی دەستەبژێری سیاسی لە عێراقدا، سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی دڵۆپێك خوێن نەڕژێت و پرۆسەی سیاسی بەردەوام بێت و کارەکانی حکومەت راست ببێتەوە و ئەو تەنگژە سیاسییانەی هەن، کۆتاییان پێبهێندرێت، بەڵام لە بری پابەندبوون بەو رێککەوتنە سیاسییانەی لەگەڵ هەرێم گرێیانداون و بۆ رێزگرتن لەو رۆڵە ئەرێنییەی کە سەرۆك بارزانی گێڕاویەتی بەوەی پابەندبن بە بەڵێن و ئیمزاکانی خۆیانەوە، کەچی حکومەتە یەك لە دوایەکەکان لە بەغدا هەموو هەلێکیان قۆستۆتەوە بۆ ئەوەی رۆڵ و بڕیاری کورد پەراوێز بخەن!

بەمجۆرە، لەبەر رۆشنایی مێژووی عێراق و بەرەوپێشچوونی رووداوەکان و کارلێکەکانی لە ٢٠٠٣ـەوە تا ئێستا، ئەوا ئەم رووداو و تەنگژە یەك لە دوایەکانە، داڕووخانێکی گەورە لە هەموو کۆڵەگە سەرەکی و جیاوازەکانی عێراقمان پیشان دەدەن. ئەوجا لەسەر ئاستی سیاسی، یان سەربازی، یان ئابووری بێت، هەر بۆیە لە کاتێکدا کورد هیچ رۆڵێکی لەم لەبەریەکهەڵوەشانە یەك بە دوایەکانەی عێراقدا نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە کورد بەدەست سیاسەتی سەرکوتکاری و داپلۆسێنەرەوە ناڵاندوویەتی و ئەو سیاسەتە بۆتە هۆکاری قوربانی و کارەساتێکی گەورە بەسەر هەموو تاکە جیاوازەکانی گەلەکەمانەوە.

بۆیە دەڵێین: ئێمە گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کە بژارەکانی کورد لە بەغدا، لە بنەڕەتدا لە گەلەکەمانەوە لە هەرێمی کوردستان دەست پێدەکات، لەوەوە دەست پێدەکات کە هەنگاوی بە متمانە و راستەقینە و بوێرانە هەڵبگرین بەرەو ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووس، با لێگەڕێین گەلەکەمان بە شێوەیەکی دیموکراتی و راستەوخۆ و ئازادانە بۆ ئەو بژارەیە بڕیار بدات کە لەگەڵ ئاستی قوربانی بەرگرییەکەیدا دەگونجێت و هاوتەریبە، ئێمەش دەبێت لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتییەدا بین کە گەلەکەمان دەیخاتە سەرشانمان و نابێت دوودڵ بین لە بەرەو پێشەوە بردن و بەدیهێنانی هیواو ئاواتە رەواکانی گەلەکەمان.

---

* بەرپرسی هێزەکانی پێشمەرگە – میحوەری پێنجەم (باکوور و رۆژئاوای کەرکووك) و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان.

محەمەدی حاجی مەحمود

سکرتێری حزبی سوشیالیست دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە بەغدا وەرنەوە و لە کوردستانەوە بۆ سەربەخۆیی یەکدەنگ بن

## نەوشیروان مستەفا لە ١٩ی ئاب پرۆژەکەی سەرنەکەوت و گەڕانەوە و نەگەڕانەوەی وەک یەکە و کاریگەری نابێت



## تەنیا بەو هێزی پێشمەرگەی کە ئێستا هەمانە، دەتوانین کوردستان بپارێزین و نەهێڵین هیچ هێزێک هەڕەشە لە کوردستان بکات



**لە ئێستادا پرۆسەی سیاسیی عێراق خەریکە بە تەواوەتی لەبەریەك هەڵدەوەشێت، هاوکات لایەنی کوردستانی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق پەراوێز خراوە و شتێك بە ناوی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی و پەرلەمانێك کە نوێنەرایەتی هەموو عێراقییەکان بکات، بوونی نەماوە، لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستانیش کۆمەڵێك کێشەی هەڵواسراو و کۆمەڵێك قەیرانی ئابووری و سیاسی بوونی هەیە، وێڕای ئەمانەش لایەنی کورد لە خۆئامادەکردندایە بۆ ئەوەی وەك لایەنێکی سەرەکی لەگەڵ هاوپەیمانان و سوپای عێراق و حەشدی وەتەنی سوننە بەشداری پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ بکات. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و پێگەی کورد لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا سەردانی محەمەدی حاجی مەحمود فەرماندەی پێشمەرگە و سکرتێری حزبی سوشیالیست دیموکراتی کوردستانمان کرد و لە تاوتوێکردنی ئەم پرسە گرنگانەدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

**ئەگەر مام جەلال لە پرۆسە سیاسییەکە دوور نەبوایە، لەوانەیە ئەو بارودۆخەی ئێستا هەم لە کوردستان و هەم لە عێراقیش روونەدایە. مام جەلال چەترێک بوو هەموو پێکهاتەکانی کۆدەکردەوە و کێشەکانی چارەسەر دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو هێزانە هەر یەکەو کێشەی خۆی هەیە و ناتوانن بڕیار بدەن، هەتا ئێستا لە کوردستان لە بری یەکتری قبووڵکردن، یەکتری ڕەتکردنەوە هەیە**

*** دەمێکە ئەوەتان ڕاگەیاندووە کە کوردستان و عێراق تەنیا لە ئاسمانەوە یەکپارچەن، ئەم قسەیەتان ئێستا بۆتە واقیع و ئەوەی ئێستا لە بەغدا دەیبینین، بە تەواوەتی پچڕاندنی داوی نێوان کوردستان و عێراقە، ئایا ئەم بارودۆخەی ئێستا چۆن دەبینن؟**

- بەڕاستی ئێستا بارودۆخەکە ئاڵۆزە و ئەوەی من هەستی پێدەکەم، ئەوەیە کورد لە بەغدا جێگەی نەماوە و ئێستا شتێك نەماوە بەغدا و کوردستان پێکەوە گرێبداتەوە، ئەوە بوودجەی کوردستانە بڕاوە و نەماوە، سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیش، خۆتان دەزانن ماوەیەك پێش ئێستا جێگری سەرۆك وەزیران و کۆمەڵێك وەزیری کوردیان ناردەوە بۆ کوردستان، چەند ڕۆژێکیشە ئەو ٣ وەزیرە کوردەی لە بەغدا ماون، بە قسەی خۆیان لایان دەبەن و بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ لای کورد، خەڵکی دیکە لە شوێنیان دادەنێن، هەروەها پێشتریش سوپاسالاری عێراق کە کوردە، لایان بردووە، لەهێزی ئاسمانی کورد فەرماندە بووە، لایان بردووە، بۆیە ئەگەر عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب بێت، ئەوا دەبێت عێراق وەك نەتەوەی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ کورد بکات، خۆ ئەگەر کوردی لەگەڵدا نەماوە، ئەوا عێراقیش وەك سعودیەی عەرەبی و یەمەنی عەرەبی و مەغریبی عەرەبی لێ دێت و بوونی نامێنێت. بۆیە لەمە زیاتریش کە من هەستی پێدەکەم و زۆرجار پێم خۆش نییە بیڵێم، ئەوەیە کە لە بەغدا سووکایەتیش بە کورد دەکرێت، هەر بۆ نموونە لە هەفتەی ڕابردوو هەموو پێکهاتەکان کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆك کۆمار هەبووە، کورد لەو کۆبوونەوەیە بەشدار نەبووە، ئەمانە هەموویان مانای ئەوەن کورد لەبەغدا پەڕوباڵ کراوە و هیچ بوونێکی نەماوە و کورد خۆی بەغدا بەجێ ناهێڵێت، ئەگەرنا عێراق لەسەر دەستی شیعە و سوننە بۆتە سێ دەوڵەتی جیاواز و پێویستە کورد بەغدا بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە.

*** بەڵام لەسەر ئەم بارودۆخە دەڵێن کورد لە بەغدا یەکهەڵوێستە، حەتمەن گوێتان لەوە بووە، ئایا ئەم یەکهەڵوێستییەی کورد شتێکی باش نییە؟**

- بەڵێ منیش گوێم لەوە بووە، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە لەدوای چی یەکهەڵوێستن؟ ڕەنگە یەکهەڵوێست بن لە دوای هەریسەکەدا، مەگەر هیچ لەبەغدا ماوە تا لەسەری یەك هەڵوێست بن؟ ئەگەر لایەنە سیاسییەکان ڕاست دەکەن با لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم یەك هەڵوێست بن، با یەك هەڵویست بن لەسەر شەڕی داعش و هەموویان بەشداری تێدا بکەن، با یەك هەڵوێست بن لە سەر قۆناخی دوای ئازادکردنەوەی موسڵ، با یەك هەڵویست بن لەسەر سەربەخۆیی کوردستان. ئایا ئێستا لە بەغدا لەسەر چی یەکهەڵوێستن؟ یەك هەڵوێستن لەسەر ٢- ٣ وەزیر و ٢-٣ بریکاری وەزیر، بۆیە ڕای من بەو جۆرەیە کورد کۆببێتەوە و بڕیار بدات هیچ کەسێکی لەبەغدا نەمێنێت. سەرنج بدەن جاران ئەگەر کورد بیگوتایە من لە بەغدا دەکشێمەوە و لە حکومەت بەشداری

ناکەم، بە یەك جار شاندەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و ئێران و بەغدا دەگەیشتنە کوردستان، بەڵام ئێستا خۆیان دەڵێن با کورد بڕوات و لە کۆڵمان بێتەوە.

*** بەڵام ئێستا لە سلێمانی لایەنی سیاسی هەن، هەتا ئێستاش داوادەکەن کورد لەگەڵ بەغدا بمێنێتەوە و شانسێکی دیکە بدەن بە بەغدا، ئایا چۆن سەیری ئەو بۆچوونانە دەکەن؟**

- ئێمە شانسی زۆرمان داوە بە بەغدا و سوودیان لێوەرنەگرتووە، کاتێك لە ٢٠٠٣ سەدام حوسێن رووخا، عێراق کۆتایی هات، سوپا بوونی نەما و هیچ دامەزراوەیەك نەمابوو، لەو کاتەدا کورد خاوەنی هێزی پێشمەرگە بوو، قەوارەیەکی هەبوو ماوەی ١٢ساڵ بوو نیمچە سەربەخۆ بوو، بەڵام کورد بڕیاری دا بچێتەوە بۆ بەغدا و هەر لە کوردستانیشەوە تەلەفۆن بۆ هەموو ئەو بەرپرسانەی ئێستای عێراق کرا کە پێشتر لە ئۆپۆزسیۆن بوون و هەموویان لە دەرەوەی عێراق بوون، تەنها ئەحمەد چەلەبی لە کوردستان بوو، ئەویش لە دوکان-ەوە چوو بەشداری یەکەم کۆبوونەوەیانی لە ناسریە کرد. واتە لە ماوەی دوای ٢٠٠٣ هەتا ئێستا کورد زۆر شانسی بە عێراق داوە، بەڵام ئێستا شیعە و سوننە لەسەر عومەر و عەلی یەکتری دەکوژن و بە کردەیی عێراقیان کردۆتە سێ دەوڵەت، هەر بۆ نموونە ئەگەر سبەی لە هەولێرەوە بچیت بۆ موسڵ و لەوێشەوە بۆ بەغدا، بە واقیعی سێ دەوڵەت دەبینیت. بۆیە دەبێت کورد لەم بارودۆخەدا واقیعییانە بارودۆخە بخوێنێتەوە. دەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت کە بە درێژایی مێژوو کاتێك باری سەقامگیری و سیاسیی ناوچەیەك تێکچووە، بارودۆخی جوگرافیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەگەر سەیر بکەین پێش شەڕی یەکەمی جیهانی هەمووی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەبوون، لەبەر ئەوەی نەتەوەکان هەمووی لە ژێر دەستی چەند ئیمپراتۆریەتێکدا بوون، بەڵام دوای شەڕی یەکەمی جیهانی زیاتر لە ١٠٠ دەوڵەت دروست بوون، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ١٧ ملیۆن کەس لەو شەڕەدا کوژران، لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی کە لەو شەڕەشدا زیاتر لە ٥٣ ملیۆن کەس کوژران، بەڵام ٧٠-٨٠ دەوڵەتی دیکە دروست بوون، لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، تەنیا ١٥ دەوڵەت لە کۆمارەکانی پێشووی یەکێتیی سۆڤیەت دروست بوون، لە هەڵوەشانەوەی یوگسلافیاش چەند دەوڵەتێکی دیکە دروست بوون، بۆیە مێژوو پێمان دەڵێت هەر کاتێك باری سیاسی و سەقامگیری ناوچەیەك تێکچوو، گۆڕانکاریی جوگرافیش روودەدات، بۆیە لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هەلومەرجێکی زێڕین بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە، ئەگەر کورد سوود لەم فرسەتە وەرنەگرێت، ئەوا دەبێت ئەوە بزانین کە کاتی بەفیڕۆ داوە، کاتیش وەك شمشێرێکی دووسەرە وایە، نەیبڕیت، دەتبڕێت. بۆیە ئێستا باشترین ساتەوەختە بۆ ئەوەی کورد بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات.

*** ئەگەر سەیری باری سیاسیی ناوخۆی کوردستان بکەین، هەست دەکەین ئەویش بارێکی ئاسایی نییە، هەتا ئێستا پارتی و یەکێتی لەسەر فۆرمێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و کارکردنەوەی پەرلەمان رێکنەکەوتوون. ئایا تاچەند گرنگە پەلە لەچارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان بکرێت؟**

- ئێمە نازانین پێشتر ئەو لایەنانە لەسەرچی رێککەوتوون، لەبەر ئەوەی ئێمە لە حکومەتدا نەبووین، ئەو ماوەیە هەموو پرسەکان لە نێوان پێنج حزبدا قۆرخ کرابوون، هەتا لیژنەی نووسینەوەی دەستوور و لیژنەی کۆمسیۆنی باڵا و دەستەکانی بەغداش، هەمووی لە نێوان ئەو پێنج حزبە سووڕی دەخوارد، هەتا بارودۆخی کوردستانی گەیاندە ئەم قۆناخەی ئێستا. بۆیە ئەوەی ئەو پێنج حزبە ناویان لێنابوو حکومەتی بنکەفراوان، بە بۆچوونی من هەر سەرەوەی فراوان بووە، لە خوارەوە فراوان نەبووە، خۆ ئەگەر بنکەفراوان بوایە ئەوا میللەتەکەمان سوودی لێوەردەگرت، کەچی بارودۆخەکەی گەیاندە بنبەست. لایەنە سیاسییەکان هەموویان زەلیلی بنکەی جەماوەری خۆیانن و دەترسن دەنگدەرانیان لە دەست بچێ. بۆیە کاتێك سەرکردایەتی زەلیلی قەواعیدەکەی بێت و لە ترسی دەنگدان نەوێرێت بڕیار بدات، وڵاتەکە وەك ئێستای لێ دێت، بۆیە لە بارودۆخی لەم جۆرە، یان دەبێت بەرپرس بیت و بڕیار بدەیت، یان دەبێت وازی لێ بهێنیت، بۆیە بە رای من پێویستە هەموو لایەنەکان پێکەوە و بە جددی گرنگی بە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان بدەین، هەوڵیش بدەین پێکەوە ئەم بارودۆخە تێپەڕێنین. باسەیر بکەین ئەمریکا بەو هەموو هێز و توانایەی خۆیەوە هاوپەیمانییەکی پێکهێناوە ٦٤ دەوڵەتی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە، سعودیە بە وڵاتانی عەرەبیشەوە نەوەستاوە مالیزیا و پاکستانیشی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە، رووسیا بە هەموو هێزی خۆیەوە چەندین دەوڵەتی لەگەڵ خۆی کردۆتەوە، تورکیاش بەهەمانشێوە، هەمووشیان هاتوون لە سوریا و عێراقدا لەسەر ناوچە کوردییەکان شەڕیانە، پرسیار ئەوەیە بۆچی لەم بارودۆخەدا کورد بۆ خۆی یەکگرتوو نییە؟ بۆیە هیچ چار نییە دەبێت کورد یەکگرتوو بێت، بۆ چارەسەری

**دەبێت بەرپرسیاریەتییەکە پارتی و یەکێتی شانی بدەنەبەر، لەبەر ئەوەی ئەوان هێزیان هەیە، ئاسایشیان هەیە، پۆلیسیان هەیە، بیری نەوتیان هەیە، پێوەندی دەرەوەیان هەیە، هەموو شتەکان لای ئەوانە و دەبێت ئەوان چارەسەری بکەن**

**لە ماوەی ئەم شەڕەدا کۆمەڵێک گەنجی قارەمان لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵکەوتوون، رەنگە ژەنراڵی هیچ سوپایەک قارەمانی وەک ئەو گەنجانەی ئێمەی تێدا نەبێت، هەموویان شارەزای شەڕ بوون، راستە لەم شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەمان شەهید و بریندار بوون، بەڵام توانیومانە پێداچوونەوە بە هێزەکانماندا بکەین**

**پێشمەرگە ورەی زۆر بەرزە، بە ئاستێکە ئامادەیە ١١ پێشمەرگە لەسەر یەک رەبایە شەهید بێت، بەڵام بستێک لە خاکی کوردستان نەکەوێتە بەردەستی داعش**

**ئێستا پێشمەرگە هەر شوێنێکی بوێت، دەتوانێت ئازادی بکات، تەنیا ناوچەیەک مابێت و ئازاد نەکرابێت، ناحیەی بەشیرە، ئەویش هۆکاری سیاسی هەیە و پێوەندە بە حکومەتی ناوەندەوە لەبەر ئەوەی برا تورکمانەکان لەو ناحیەیە نیشتەجێن**

**ئێمە لە سەرەتاوە هەستمان بەوە کردبوو کە داعش دەیەوێت کەرکووک داگیر بکات و دەست بە سەر نەوتی کەرکووکدا بگرێت، هەر واشیان کرد، چەند رۆژێک دەستیان بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی خەبازەدا گرت و هەوڵی زۆریاندا بێنە پێشەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هیممەتی هەمووولایەک نەک هەر توانییان پێشڕەویی داعش رابگرن، بەڵکو هێزەکەی داعشیان تەفروتونا کرد**

**لەو کاتەوە سەرۆک بارزانی بڕیاریداوە لە کەرکووک بمێنمەوە، لەوێ ماومەتەوە، مانەوەکەشم لەبەر ئەوە نییە من بەرپرس بم. لەوانەیە ئەو هێزەی ئێمە لە کەرکووک لە چاو هێزەکانی پارتی و یەکێتی هێزێکی کەم بێت، بەڵام ئێمە چووین بۆ هاوکاری هەموو سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی هەموو فەرماندەکانی یەکێتی و پارتی دەکەم، هەرچییەکم پێگوتبن، وەک پێشمەرگەکانی خۆمان جێبەجێیان کردووە**

کێشەکانیش ئەرکی گەورە لە سەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بۆیە دەبێت ئەم دوو لایەنە بڕیار بدەن و لەسەر هیچ لایەك رانەوەستن و پێکەوە هەموو حزبە سیاسییەکان کۆبکەنەوە و هەوڵبدەن بڕیار بۆ چارەسەری کێشەکان بدەن، بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخەی هاتۆتە پێشەوە لە دەستی نەدەین. دەبێت بزانین ئەوەی ئێستا لە ناوچەکە بەڕێوەدەچێت یارییەکی گەورەیە، یارییەکە لە نێوان ئەمریکا و رووسیا و سعودیە و ئێران و تورکیایە، بۆیە ئەگەر یەکگرتوو نەبین، زەرەرمەندی گەورە کورد دەبێت، هەر بۆ نموونە ئێمە ژمارەیەکی گەورە نین لە بازاڕی نەوت، بەڵام لەبەر ئەوەی سعودیە لە دژی ئێران و سعودیە نرخی نەوتی شکاندووە، ئێمەش زەرەرێکی گەورەمان کردووە، بۆیە کۆتایی ئەم یارییە سەبارەت بە کوردستانی عێراق لە دوای ئازادکردنی موسڵ دەست پێدەکات و بۆ کوردستانی سووریا لە دوای ئازادکردنی رەققە دەست پێدەکات. بۆیە دەبێت لە خۆمان بپرسین دوای ئازادکردنی موسڵ لە کوێی رووداوەکان دەبین؟

*** وەك سیاسەتمەدارێك ئاگاداری کێشەکانن و دەزانن ئەو کاتەی ئەم بارودۆخە دروست بوو، پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمان خۆیان هۆکاری ئەم کێشەیە بوون. لەسەر ئەم پرسە پارتی داوای رێککەوتنێکی تازە دەکات، ئایا سەبارەت بەم پێشنیارەی پارتی چی دەڵێت؟**

- لە هەموو جیهاندا جۆرێك لە ململانێ لە نێوان پەرلەمان و حکومەت هەیە، بەڵام ئەم ململانێیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانە. لە کوردستاندا ئێستا میللەتەکەمان لە حزبەکان هۆشیارترە و پێش رووداوەکان دەکەوێت و خەڵکی سەرشەقام زیاتر هەست بە کێشەکان دەکات، هەر بۆیە لەوانەیە ئێستا رای خەڵك ئەوە بێت کە ئەوان بەدەست پەرلەمان و حکومەتەوە گیریان خواردووە، بۆیە ئەگەر پەرلەمان و حکومەت پێکەوە هاوکاربن رەنگە کێشەکان چارەسەر بکەن، ئەم کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ خاڵێکی گرنگ، ئەویش ئەوەیە ئێمە لە کوردستان دەستوورمان نییە، کە دەستوور نەبوو، ناتوانین یاساکان رێکبخەین، کە یاساکان رێکنەخران، ناتوانین هەر سێ دەسەڵاتی حکومەت و پەرلەمان و دادوەری لێك جیابکەینەوە، کە دەسەڵاتەکان جیانەکرانەوە، مافی تاك و کۆمەڵ ناپارێزرێت، ئەوکاتە هەر کەس و لایەنێك بە مەزاجی خۆی کار دەکات و پێوەرێك نابێت بۆ ئەوەی بزانین کێ دەبێتە ئەندامی پەرلەمان و کێ دەبێتە وەزیر و کێ ئەم وڵاتە بەڕێوەدەبات، ئەمەش وادەکات هەر کەسێك خۆی بە حزبێکدا هەڵواسێت و دەچێتە ناو پەرلەمان و حکومەت، ئاکامەکەشی وەك ئێستای لێ دێت.

*** بەڵام ئەگەر کێشەکە کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بێت، وەك هەندێك لایەن ئاماژەی پێدەکەن، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووجار لە سەری ساڵی زایینی و لە نەورۆزیشدا سێ رێگە چارەی پێشنیار کرد و لەگەڵ حزبە سیاسییەکانیش کۆبوونەوە بۆ موناقەشەی ئەو سێ رێگەچارەیە، ئایا بۆچی حزبەکان ئەو کێشەیان چارەسەر نەکرد؟**

- ئەوەی من لێی تێناگەم ئەوەیە، ئەوەی حزبەکان لە کۆبوونەوەکان باسی دەکەن و ئەوەشی لە دەرەوە باسی دەکەن، دوو شتی لێك جیاوازن، چونکە بەردەوام لە کۆبوونەوەکان قسەیەك دەکەن، پاشان لە دەرەوە قسەیەکی دیکە دەکەن. سەبارەت بەمەسەلەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو پێشنیارانەی خستەڕوو، داوای لێکردن، یان خۆتان رێکبکەون کەسێك هەڵبژێرن، من ئامادەم لە ماوەی دوو هەفتەدا پۆستەکەی تەسلیم بکەم، هەم سەبارەت بە هێزی پێشمەرگە، هەمیش سەبارەت بە پێوەندییەکانی دەرەوە هەمووی تەسلیم دەکەم، یان با بارودۆخەکە بەمشێوەیە بێت تا ٢٠١٧، یان بڕیار بدەن هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام ئەو حزبانەی کە لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بوون، بڕیاریان لەسەر هیچیان نەدا و داوایان کرد لیژنە پێکبهێنرێت، ئەوجا کە مەسەلەیەکیش لیژنەی بۆ پێکهێنرا و تەسلیمی لیژنەیەکی دیکە کرا، مانای ئەوەیە ئیشەکە نەکرا، بەڵام لەو کۆبوونەوەیەدا کەسێك نەبوو، بڵێت باشە فەرموو با هەموومان پێکەوە بڕیارێك بدەین و بەم رێگەیان کێشەکە چارەسەر بکەین.

*** کەواتە سەرۆکی هەرێم ئەو کێشەیەی یەکلایی کردەوە، ئایا دوای ئەوە کێشەکان لەسەر چین؟**

- من پێموایە کێشەکان لەوە زیاترن، تەنیا کێشەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان نییە، لە پشت ئەم کێشانەوە پرۆژە و بەرنامەی دیکە هەیە کە زۆر لەوە گەورەترن.

*** ئایا پێتوانییە لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان، دەستی دەرەکی ئەم کێشانەی وا ئاڵۆز کردووە؟**

- بەڕاستی من تاوانەکە ناخەمە سەر هیچ وڵاتێك، چونکە ئەگەر ئێمە خۆمان دەستی ئەوان رانەکێشین، هیچ وڵاتێك نایەت پێمان بڵێت وا بکەن و وا مەکەن،

بۆیە ئەوە خۆمانین زەمینە خۆش دەکەین، بۆ ئەوەی وڵاتێك بێتە ناوەوە و پێمان بڵێت وابکەن و وامەکەن، ئەگەر خۆمان یەك قسە و یەکگرتوو بین، بڕوا ناکەم کەس بتوانێت بێتە ناومان، یان درز و کەلێن لە نێوانمان دروست بکات، لە باری واقیعیشدا لە نێوان حزبەکاندا بۆچوونی جیاواز هەیە. من زۆر جار گوێبیستی ئەوە بووم کە لە نێوان پارتی و یەکێتی، یان لە نێوان یەکێتی و گۆڕان، ڕێککەوتنی ستراتیژی هەیە. پرسیاری من ئەوەیە ڕێککەوتنی ستراتیژیی حزبەکان لەسەر چییە؟ بێگومان ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەیان لەسەر گومرگ و نەوت و پۆستەکانی کوردستان و عێراقە، خۆ لەسەر ئەوە ڕێککەوتنی ستراتیژییان نییە کە ئایا کوردستان سەربەخۆ بێت، یان نە، تەنیا لەسەر شتی لاوەکی ڕێککەوتنی ستراتیژییان کردووە.

*** بەڵام ئێستا خەریکە هیچمان لەگەڵ بەغدا نامێنێت، ئایا ئەگەر لەم قۆناخە سەربەخۆیی رابگەیەنین، ڕووبەڕووی مەترسی گەورە دەبینەوە؟**

- بە بڕوای من هیچ مەترسییەك نابێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێستا سەربەخۆیی رابگەیەنین، ئەوانەی لەدەوروبەری کوردن هیچیان لەگەڵ یەکتری ڕێك نین، هەتا پێکەوە ڕێککەوتن بکەن و دژی کوردستان رابوەستن، ئەگەر سەیر بکەین نە عەرەب لە ناوخۆی ڕێکە، نە عەرەب و ئێران، نە تورکیا و ئێران، نە سعودیە و ڕووسیا، واتە ئەو سەردەمە ڕۆی هەموویان ڕێکبن و وەزیرانی دەرەوەیان کۆببنەوە و دژی کوردستان بڕیار بدەن. بۆیە ئێستا باشترین فرسەتە بۆ کورد و هەر بڕیارێك بدات، خۆی خاوەنی بڕیاری خۆیەتی. ئێستا کورد تەنیا هێزە لەسەر زەوی شەڕی داعش دەکات، خۆ ئەگەر پێشمەرگە لە سەر زەوی شەڕی داعش نەکات، هەموو هێزی ئاسمانی ئەمریکا و ئەوروپا یەك گوندی پێ رزگار ناکرێت، لە شەڕی دووەمی جیهانیدا، ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بە ڕێگەی هێزی ئاسمانی لەندەن-یان خاپوور کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیانتوانی بە ڕێگەی دەریایی و زەمینی بگەنە بەریتانیا، پاشان بەریتانیا وەك قارەمانی شەڕی دووەمی جیهانی خۆی پێناسە دەکرد، بۆیە لە ئێستادا کە ئێمە خاوەنی ئەو هێزە قارەمان و بەتوانایەین، دەبێت چاوەڕێی چی بکەین، لە کاتێکدا بارودۆخی ناوچەکەش بەتەواوەتی تێکچووە؟ بۆیە کورد مافی خۆیەتی ئەم فرسەتە لەدەست نەدات.

***وەك دەزانین هەفتەی رابردوو لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوویتەوە، ئایا تێڕوانینی سەرۆك بۆ سەربەخۆیی کوردستان چۆن دەبینێت؟**

- سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەك هەر لە کۆبوونەوەکان، بەڵکو بەردەوام لە راگەیاندنەکانیش باسی سەربەخۆیی دەکات، بۆیە بە تەئکید لەو کۆبوونەوەیەش باسی سەربەخۆیی کوردستان و باسی شتی دیکەش کراوە، بەڵام سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی من پێموایە هەندێك خەڵك و لایەن خۆیان تووشی وەهم کردووە، بۆ نموونە پرسەکە دەخەنە ئەگەر و مەگەرەوە، ئەگەر سەربەخۆییمان راگەیاند، وامان بەسەر دێت، یان ئەگەرچی، پرسیاری من ئەوەیە چیمان بەسەر دێت، قابیلە لەمەی ئێستا خراپترمان بەسەر بێت؟ یان هەندێك لایەن پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆمیان کردۆتە شتێکی زۆر موهیم، دەڵێن وەڵا ئەگەر ریفراندۆم بکەین، ئیتر دنیامان بەسەردا دەڕووخێت، ئەمە لە کاتێکدا یۆنان ریفراندۆمی بۆ ئەوە ئەنجامدا ئایا لە زۆنی یۆرۆ بمێنێتەوە، یان بێتە دەرەوە، ئەوە بوو دوای ئەوەی یەکێتی ئەوروپا بۆی دەرکەوت ئەگەر یۆنان لە زۆنی یۆرۆ بێتە دەرەوە، نرخی یۆرۆ ٤٪ دەشکێت، بەوەش یەکێتی ئەوروپا بە ترلیۆنەها یۆرۆ زەرەریان دەکرد، بۆیە ٨٠ ملیار دۆلاریان خستە بانکەکانی یۆنان، یۆنانیش لە زۆنی یۆرۆ مایەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ریفراندۆم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانە، بۆیە بۆ ئێستای کورد ریفراندۆم زۆر پێویستە، بەتایبەتی کە شەڕی داعش و چەندین کێشەی دیکەشمان هەیە، دەبێت ئەم پرسە لە دەستی حزبەکان دەربهێنرێت، حزبێك بڵێت ئەگەر ریفراندۆم بکەین و لە بەغدا جیاببینەوە لە برسان دەمرین. نابێت حزبەکان بازرگانی بەم کارتەوە بکەن و دەبێت ئەم کارتە لە دەستی حزبەکان نەمێنێت و میللەت خۆی بڕیاری لەسەر بدات، ئەگەر میللەت بڕیاریدا لەگەڵ بەغدا بمێنێنەوە، فەرموو هەموومان بڕیار دەدەین لەگەڵ بەغدا بمێنینەوە، ئەگەر میللەت بڕیاریدا سەربەخۆ بێت، ئەو کاتە بڕیارێکی لی دەدەین، بزانین چی دەکەین. کەواتە بۆچی حزبەکان لە بری میللەت بریار بدەن؟ ئەمرۆ هەموو حزبەکان کۆبکەرەوەو لەلایەك دایان بنێن و میللەتیش لەلایەك دابنێن، میللەت لە هەموو حزبەکان زیاترە، بۆیە پێویستە واز لە هەندێك فیکر و بۆچوونی کاڵ و کرچ بهێنن و ئەو هەلومەرجە لەدەست نەدەین و بیر لە میللەتی خۆمان بکەینەوە.

*** دیارە راگەیاندنی سەربەخۆیی پێویستی بە پشتگیری نێودەوڵەتی هەیە. ئایا ئەوەندەی ئاگادار بیت، سەرۆك بارزانی هێندە پشتگیری نێودەوڵەتی کۆکردۆتەوە تا کوردستان بپارێزێت؟**

**هەندێک لایەن پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیان کردۆتە شتێکی زۆر موهیم، دەڵێن وەڵا ئەگەر ڕیفراندۆم بکەین، ئیتر دنیامان بەسەردا دەڕووخێت، ئەمە لە کاتێکدا یۆنان ڕیفراندۆمی بۆ ئەوە ئەنجامدا ئایا لە زۆنی یۆرۆ بمێنێتەوە، یان بێتە دەرەوە، ئەوە بوو دوای ئەوەی یەکێتی ئەوروپا بۆی دەرکەوت ئەگەر یۆنان لە زۆنی یۆرۆ بێتە دەرەوە، نرخی یۆرۆ ٤٪ دەشکێت، بەوەش یەکێتی ئەوروپا بە ترلیۆنەها یۆرۆ زەرەریان دەکرد، بۆیە ٨٠ ملیار دۆلاریان خستە بانکەکانی یۆنان، یۆنانیش لە زۆنی یۆرۆ مایەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕیفراندۆم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانە، بۆیە بۆ ئێستای کورد ڕیفراندۆم زۆر پێویستە، بەتایبەتی کە شەڕی داعش و چەندین کێشەی دیکەشمان هەیە، دەبێت ئەم پرسە لە دەستی حزبەکان دەربهێنرێت**

**ئێستا کورد تەنیا هێزە لەسەر زەوی شەڕی داعش دەکات، خۆ ئەگەر پێشمەرگە لە سەر زەوی شەڕی داعش نەکات، هەموو هێزی ئاسمانی ئەمریکا و ئەوروپا یەک گوندی پێ رزگار ناکرێت**

- بڕیاری سەربەخۆیی پێوەندی بە پشتگیری نێودەوڵەتییەوە نییە، لەبەر ئەوەی هیچ کاتێك دەوڵەتانی جیهان لەسەر سینییەکی زێڕ سەربەخۆیی بۆ هیچ نەتەوەیەك نابەن، بۆیە دەبێت میللەتی کوردستان بڕیار بدات کە سەربەخۆ بێت. بۆیە کاتێك گەلی کوردستان بڕیاریدا هەموو شتێك دەگۆڕێت. هەر بۆ نموونە ئێستا وڵاتێك دەیەوێت نەوتت لێ بکڕێت، بەڵام بەغدا دەڵێت نابێت و دەبێت لە ڕێگەی منەوە بێت، وڵاتێك دەڵێت چەك دەدەم بە کوردستان، بەغدا دەڵێت نابێت، دەبێت لە ڕێگەی منەوە بێت، بەڵام کاتێك بڕیاری سەربەخۆییمان دا، لەوانەیە لە قۆناخی یەکەم هەندێك ئاستەنگ دروست بێت، بەڵام دوای ئەوە وردە وردە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە دوای بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕێن، زۆر لە دەوڵەتانی جیهان کە سەربەخۆییان ڕاگەیاندووە، سەرەتا هیچ وڵاتێك پشتگیری لێ نەکردووە، بەڵام کە خۆت شت بوویت، ئەوانیش پشتیوانیت دەکەن. هەر بۆ نموونە ئەگەر ئێمە هێزی پێشمەرگەمان نەبوایە کە شەڕی داعشی بکردایە، ئایا چ وڵاتێك چەکی بە کورد دەدا؟ سەرۆك وەزیرانی ئوستراڵیا لەو پەڕی دنیاوە نەیدەگوت من یارمەتی کورد دەدەم، هەروەها وەزیری بەرگری فەرەنسا هەفتەی ڕابردوو نەدەهات سەنگەر بە سەنگەری پێشمەرگە بە سەر بکاتەوە و بڵێ من یارمەتیتان دەدەم. واتە پێشمەرگە خۆی هەبوو، شەڕی داعشی کرد، بۆیە ئەوانیش دێن یارمەتیمان دەدەن.

*** ئێوە لە دەستپێکی شەڕی داعش، خۆبەخشتانە چوونە میحوەری کەرکووك، پاشانیش لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاسپێردران کە لەوێ بمێننەوە، ئایا بۆچی میحوەری کەرکووکتان هەڵبژارد، ئایا تاچەند لەماوەی ئەم شەڕە پشتگیری کراون؟**

- کەرکووك بۆ کوردستان شتێکی تایبەتییە بۆ کورد و هەتا ئێستاش سیمبۆلیکە و بۆ داگیرکەرانیشمان بۆتە گرێیەکی گەورە، هەر لەبەر ئەم تایبەتمەندییەی کەرکووك من لەساڵی ١٩٩١یش بەشداری شەڕی کەرکووکم کردووە و لەو شەڕەشدا بریندار بووم. لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا دیسان بەشداری ئازادکردنی کەرکووکمان کردووە و چەندین پێشمەرگەی حزبی ئێمە لەو شەڕە شەهید بوون، دوای ئەوەی ئەو هێزەی پێیاندەگوت هێزی دیجلە و دەیویست بێتە ناو کەرکووك، ئێمە دیسان چووینە کەرکووك و یەکەم هێز بووین کە چووینە خورماتوو، لە ڕۆژانی ٩و١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ـەش کاتێك داعش موسڵی داگیرکرد، ئێمە خۆمان کۆکردەوە و بەرەو کەرکووك بەڕێکەوتین، بۆ ئەوەی بەرگری لە کەرکووك و دەوروبەری بکەین، ئەو کاتی ئێمە چووین هەندێك پێیان دەگوتین خێرە هاتوون، جارێ داعش دوورە لە کەرکووك و شەڕی ئێمە ناکات. لەناو پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانتارانی هەندێ فراکسیۆن دەیانگوت بۆچی حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان چووە بۆ ئەو شەڕە، لەبەر ئەوەی ئەو حزبە نە لە حکومەتدایە و نە لە وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئایا بە چ ئامانجێك چوون بۆ ئەو شەڕە، بێگومان ئەم قسانە بۆ ئەوە بوو سەرۆکایەتی پەرلەمان بانگمان بکات و لێپرسینەوەمان لەگەڵدا بکات، بەڵام ئێمە خۆبەخشانە چووین بۆ کەرکووك و پاش ئەوەی بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتە کەرکووك و لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکان و لیژنەی ئاسایشی ئەو شارە کۆبوونەوە، بەڕێزی پێشنیاری کرد وەزعی کەرکووك لە مەترسیدایە، یان ئەوەتا پێویستە خۆی بمێنێتەوە، یان من، بێگومان منیش پێمگوت بەتەئکید من دەمێنمەوە. بۆیە لەو کاتەوە سەرۆك بارزانی بڕیاریداوە لە کەرکووك بمێنمەوە، لەوێ ماومەتەوە، مانەوەکەشم لەبەر ئەوە نییە من بەرپرس بم. لەوانەیە ئەو هێزەی ئێمە لە کەرکووك لە چاو هێزەکانی پارتی و یەکێتی هێزێکی کەم بێت، بەڵام ئێمە چووین بۆ هاوکاری هەموو سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی هەموو فەرماندەکانی یەکێتی و پارتی دەکەم، هەرچییەکم پێگوتبن، وەك پێشمەرگەکانی خۆمان جێبەجێیان کردووە. بەڵام دیسان دووبارەی دەکەمەوە من وەك پێشمەرگەیەك بۆ بەرگری خاکی کوردستان لەوێ بووم، نەك وەك بەرپرس، بەڵام ئێمە لە سەرەتاوە هەستمان بەوە کردبوو کە داعش دەیەوێت کەرکووك داگیر بکات و دەست بە سەر نەوتی کەرکووکدا بگرێت، هەر واشیان کرد، چەند ڕۆژێك دەستیان بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی خەبازەدا گرت و هەوڵی زۆریاندا بێنەپێشەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هیممەتی هەموولایەك نەك هەر توانییان پێشڕەویی داعش ڕابگرن، بەڵکو هێزەکەی داعشیان تەفروتونا کرد، ئێستاش سوپاس بۆ خوا بە دووری ٥٥ کیلۆمەتر لە کەرکووك دوورمان خستوونەتەوە و ١٨ کیلۆمەتر لە حەویجە دوورین، لەمەش زیاتر داعش لە مانگی مارتی ٢٠١٥ هەتا ئێستا توانای ئەوەی نەبووە هێرش بکاتە سەر سەنگەرەکانمان لەو میحوەرە، ئێستا پێشمەرگە هەر شوێنێکی بوێت، دەتوانێت ئازادی بکات، تەنیا ناوچەیەك مابێت و ئازاد نەکرابێت، ناحیەی بەشیرە، ئەویش هۆکاری سیاسی

**ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەیان لەسەر گومرگ و نەوت و پۆستەکانی کوردستان و عێراقە، خۆ لەسەر ئەوە ڕێککەوتنی ستراتیژییان نییە کە ئایا کوردستان سەربەخۆ بێت، یان نە، تەنیا لەسەر شتی لاوەکی ڕێککەوتنی ستراتیژییان کردووە**

**ئەوە خۆمانین زەمینە خۆش دەکەین، بۆ ئەوەی وڵاتێک بێتە ناوەوە و پێمان بڵێت وابکەن و وامەکەن، ئەگەر خۆمان یەک قسە و یەکگرتوو بین، بڕوا ناکەم کەس بتوانێت بێتە ناومان، یان درز و کەلێن لە نێوانمان دروست بکات**

**ئێمە لە کوردستان دەستوورمان نییە، کە دەستوور نەبوو، ناتوانین یاساکان ڕێکبخەین، کە یاساکان ڕێکنەخران، ناتوانین هەر سێ دەسەڵاتی حکومەت و پەرلەمان و دادوەری لێک جیابکەینەوە، کە دەسەڵاتەکان جیانەکرانەوە، مافی تاک و کۆمەڵ ناپارێزرێت**

**ئەوەی ئێستا لە ناوچەکە بەڕێوەدەچێت یارییەکی گەورەیە، یارییەکە لە نێوان ئەمریکا و رووسیا و سعودیە و ئێران و تورکیایە، بۆیە ئەگەر یەکگرتوو نەبین، زەرەرمەندی گەورە کورد دەبێت**

هەیە و پەیوەندە بە حکومەتی ناوەندەوە لەبەر ئەوەی برا تورکمانەکان لەو ناحیەیە نیشتەجێن. بۆیە دەتوانم بڵێم وێڕای کەموکورتی دارایی و دواکەوتنی مووچەش، بەڵام پێشمەرگە وەرەی زۆر بەرزە، بە ئاستێکە ئامادەیە ١١ پێشمەرگە لەسەر یەك رمایە شەهید بێت، بەڵام بستێك لە خاکی کوردستان نەکەوێتە بەردەستی داعش.هەروەها پێمخۆشە ئاماژە بەوەش بکەم، لە ماوەی ئەم شەڕەدا کۆمەڵێك گەنجی قارەمان لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵکەوتوون، رەنگە ژەنراڵی هیچ سوپایەك قارەمانی وەك ئەو گەنجانەی ئێمەی تێدا نەبێت، هەموویان شارەزای شەڕ بوون، راستە لەم شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەمان شەهید و بریندار بوون، بەڵام توانیومانە پێداچوونەوە بە هێزەکانماندا بکەین، ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەنیا هێزە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دەتوانێت لەسەر ئەرز شەڕی داعش بکات، ئەمەش جێگەی دڵخۆشییەکی گەورەیە.

*** هەر لەسەر پرسی ناوخۆ و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی کوردستان، دیارە کێشەی سەرەکی لە نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان-ە، بەڵام لەوەتی ئەم بارودۆخە روویداوە، نەوشیروان مستەفا رێکخەری بزووتنەوەکە چۆتە دەرەوەی وڵات، ئەوەشی لێرە ماون، هەموو شتێك رەتدەکەنەوە، ئایا بۆچی رێکخەری گۆڕان ئەم بارودۆخەی بەجێهێشت؟**

- کاك نەوشیروان پیاوێکی خوێندەوارە و لە هەموو پرسە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە تێدەگات، کە سەفەری کردووە بۆ دەرەوەی وڵاتیش دیارە ئەمە شتێکی ئاساییە و هەموو کەسێك سەفەر دەکات، بەڵام دیارە کاك نەوشیروان پرۆژەیەکی هەبوو، ئەم پرۆژەیە لە ٢٣ی حوزەیران سەرکەوتنی بەدەست هێنا و هەتا ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بە سەرکەوتوویی هێنای، بەڵام لە ١٩ی ئابی ٢٠١٥ پرۆژەکەی سەرنەکەوت، پرۆژەکەشی بریتی بوو لەوەی لە رووی سیاسییەوە گۆڕانکاری بکات و پارتی و یەکێتی لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵات دووربخاتەوە، بۆیە لە ١٩ی ئاب پرۆژەکەی سەرنەکەوت و کۆتایی هات، کە پرۆژەکەش سەرنەکەوت، دیارە دەبێ چی بکات، خۆ بە دیارییەوە دانانیشێت، بۆیە سەفەری کردووە، سەفەریش ئاساییە و هەموو کەس سەفەر دەکات، لەم روانگەیەوە گەڕانەوە، یان نەگەڕانەوەی کاك نەوشیروان باوەڕ ناکەم هیچ کاریگەری لەسەر رووداوەکان هەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر سبەی کاك نەوشیروان بگەڕێتەوە، خۆ رۆژی دواتر ناچێتە لای کاك مسعود بارزانی بڵێت فەرموو با پێکەوە ئەم کێشانە چارەسەر بکەین، هەروەها باوەڕیش ناکەم کە ئەو هاتەوە کاك مسعود بارزانی سەردانی بکات و پێی بڵێت ئەم ماوەیە لێرە نەبوویت، بێتاقەت بووم و زۆر بە خێریێتەوە با پێکەوە ئەو کێشانە چارەسەر بکەین. بڕواناکەم ئەویش ئەمە بکات، بۆیە گەڕانەوە و نەگەڕانەوەی وەك یەکە و کاریگەری لەسەر بارودۆخەکە نابێت.

*** کەواتە مەخرەجی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان چییە؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، دەبێت بەرپرسیارێتییەکە پارتی و یەکێتی شانی بدەنەبەر، لەبەر ئەوەی ئەوان هێزیان هەیە، ئاسایشیان هەیە، پۆلیسیان هەیە، بیری نەوتیان هەیە، پەیوەندی دەرەوەیان هەیە، هەموو شتەکان لای ئەوانە و دەبێت ئەوان چارەسەری بکەن.

*** پێتوانیە غیابی مام جەلال لە چۆنیەتی بڕیاردان بە یەکێتی-ـەوە دیارە؟**

- بێگومان بوونی مام جەلال کاریگەری زۆری بوو، دووری مام جەلال-یش کاریگەری خۆی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر مام جەلال لە پرۆسە سیاسییەکە دوور نەبوایە، لەوانەیە ئەو بارودۆخەی ئێستا هەم لە کوردستان و هەم لە عێراقیش روونەدایە. مام جەلال چەترێك بوو هەموو پێکهاتەکانی کۆدەکردەوە و کێشەکانی چارەسەر دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو هێزانە هەر یەکەو کێشەی خۆی هەیە و ناتوانن بڕیار بدەن، هەتا ئێستا لە کوردستان لە بری یەکتری قبووڵکردن، یەکتری رەتکردنەوە هەیە.

*** دوایین پرسیارمان تایبەت دەکەین بە بۆچوونتان سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان. دیارە سەربەخۆیی پێویستی بە پاراستنە، ئەگەر سبەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تۆی کردە سوپاسالاری پێشمەرگە، ئایا دەتوانیت گەرەنتی ئەوە بدەیت دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی، کوردستان بپارێزیت؟**

- من تا ئێستا بیرم لەوە نەکردووەتەوە هیچ بەرپرسیارێتیەك لە کوردستاندا وەربگرم، من وەك پێشمەرگەیەك بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەم و خوێنی خۆمم لەسەر داناوە، بەڵام ئەگەر شتێکی وا بێتە پێشەوە، بەڵێ من بەڵێن دەدەم دەتوانین کوردستان بپارێزین بە مەرجێك یەك هەڵوێستی سیاسیمان هەبێت، دووبارە بەڵێن دەدەم تەنیا بەو هێزی پێشمەرگەی کە ئێستا هەمانە دەتوانین کوردستان بپارێزین و نەهێڵین هیچ هێزێك هەڕەشە لە کوردستان بکات.

**هیچ چار نییە دەبێت کورد یەکگرتوو بێت، بۆ چارەسەری کێشەکانیش ئەرکی گەورە لە سەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بۆیە دەبێت ئەم دوو لایەنە بڕیار بدەن و لەسەر هیچ لایەک رانەوەستن و پێکەوە هەموو حزبە سیاسییەکان کۆبکەنەوە و هەوڵبدەن بڕیار بۆ چارەسەری کێشەکان بدەن، بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخەی هاتۆتە پێشەوە لە دەستی نەدەین**

**پێویستە هەموو لایەنەکان پێکەوە و بە جددی گرنگی بە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان بدەین، هەوڵیش بدەین پێکەوە ئەم بارودۆخە تێپەڕێنین**

**کاتێک سەرکردایەتی زەلیلی قەواعیدەکەی بێت و لە ترسی دەنگدان نەوێرێت بڕیار بدات، وڵاتەکە وەک ئێستای لێ دێت، بۆیە لە بارودۆخی لەم جۆرە، یان دەبێت بەرپرس بێت و بڕیار بدەیت، یان دەبێت وازی لێ بهێنیت**



# دروستکردنی قەسسامی شەرعی بۆ دابەشکردنی میراتی عێراق


الله اكبر

«دەیڵێم و دڵیشم پڕ لە ئاخ و کەسەرە، من لەو بڕوایەدام کە لەمەودوا لە عێراقدا گەلێکی عێراقی نییە، بەڵکو چەند پێکهاتەیەکی مرۆیی خەیاڵی هەن، کە خاڵین لە هەموو هزرێکی نیشتمانپەروەرانە و بە نەریت و بیروبڕوای پڕوپووچی ئایینی گۆشکراون. هیچ شتێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە، گوێ لە شتی خراپ دەگرن و خوازیاری ئاشوب و ئاژاوەن. هەمیشە ئامادەن دژی هەر حکومەتێک راپەڕن، ئێمە دەمانەوێ و حاڵەتەکەش هەر ئەمە دەخوازێ کە گەلێک دروست بکەین و پەروەردەی بکەین و رایبهێنین و فێری بکەین، جا ئەوەی دەزانێت کە پێکهێنان و دروستکردنی گەلێک لەم هەلومەرجەدا قورسە، دەبێ بەو هەوڵە گەورانەش بزانێت کە پێویستە بدرێن بۆ تەواوکردنی ئەم دروستکردن و پێکهێنانە. ئەمە ئەو گەلەیە کە ئەرکی پێکهێنانیم خستۆتە سەر شانی خۆم.»

**شا فەیسەڵی یەکەم**
**یەکەمین پادشای شانشینی عێراق لە ١٩٢١**

**● دڕندایەتی و زەبر و زەنگ دوو توخمی سەرەکی لە فۆرمەلەی عێراقی دەستکردد**ا

کێشەی دەوڵەتی عێراق، کێشەیەکی بونیادییە و پەیوەستە بە شێوازی بونیادنانی ئەم دەوڵەتەوە لەلایەن شانشینی بەریتانیا-وە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەم دەوڵەتە کە لە پێکەوە لکاندنی ویلایەتی بەغدا و بەسرا لەسەرەتادا وەك بەشی بەریتانیا نەخشەی بۆ کێشراوە و پاشانیش ویلایەتی موسڵ خرایەسەری لەسەر بڕیاری بەریتانیا کە لە سەر دوو بنەمای سەرەکی ئەم دەوڵەتەی دروستکردووە:

١. شەڕدروستکردن (War-Making)، ئەمەش واتە دەوڵەتێکی عەسکەرتاری گەورە و بەهێز دروست بکرێت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوچەکە بتوانێت لە ئاستکی باڵادا مونافەسەی سیستمی عەسکەرتاری ناوچەکە بکات.

٢. دەوڵەت دروستکردن (State-Making) لەسەر بنەمای سەرکوتکردنی پێکهاتە رکابەرەکانی ناو عێراق و بە میتۆدی داپڵۆسین و سەرکوتکردن مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بکرێت، بۆ ئەوەشی ئەم کارەی بۆ بچێتە سەر، هەموو کات و بە درێژایی نزیکەی ١٠٠ساڵی رابردوو هەر دەستەیەك لە بەغدا دەسەڵاتدار بوویێت، هەوڵیداوە دەسەڵات مۆنۆپۆل بکات و بە شێوەیەکی سەنتراڵی پێکهاتەکانی دیکە سەرکوت بکات، ئەگەر ئەو پێکهاتە جیاوازانەش پەنایان بۆ شۆڕشی چەکداریش لە دژی ناوەند بردبێت، ئەوا دەسەڵاتی ناوەند زۆر دڕندانە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو شۆڕشانە سەرکوت بکات.

ئەم دوو بنەمایەی کە بەریتانیا عێراقی لەسەر دروستکردووە، هەر لە سەرەتاوە بەرەنجامی ئەو بیرۆکەیە بووە کە شا فەیسەلی یەکەم کە لە حیجازەوە هێنایان و کردیان بە یەکەم پادشای عێراق و ئەویش راشکاوانە ئەوەی گوتووە «لە عێراقدا گەلێك نییە بە ناوی گەلی عێراق، بەڵکو کۆمەڵێك پێکهاتەی خەیاڵین و هیچ هەستێکی نیشتمانییان نییە» ئەمە هەروا لەخۆڕا نەگوتراوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە سەر خاکێك گەلێك بوونی نەبێت کە توخمە سەرەکییەکانی دەوڵەت (خاکی هاوبەش، زمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، ئایینی هاوبەش، داب و نەریتی هاوبەش) پێکەوە کۆیان بکاتەوە، ئەوا ناتوانرێت لەسەر سێ بنەما سەرەکییەکەی دەوڵەتی هاوچەرخ کە بریتین لە (دامەزراوە، سەروەریی یاسا، دیموکراتی) دەوڵەتی عێراقی لەسەر بونیاد بنرێتەوە و شەرعیەتی بەکارهێنانی هێز بدرێتە دەوڵەت بۆ ئەوەی سنووری ئەو وڵاتە و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ گەلەکەی دابین بکات.

بۆیە ئەگەر لێرەوە دووبارە بگەڕێینەوە بۆ وتە بەناوبانگەکەی شا فەیسەڵی یەکەم، ئەو دەڵێت:

**درێژایی نزیکەی ١٠٠ ساڵی رابردوو هەر دەستەیەک لە بەغدا دەسەڵاتدار بوویێت، هەوڵیداوە دەسەڵات مۆنۆپۆل بکات و بە شێوەیەکی سەنتراڵی پێکهاتەکانی دیکە سەرکوت بکات، ئەگەر ئەو پێکهاتە جیاوازانەش پەنایان بۆ شۆڕشی چەکداریش لە دژی ناوەند بردبێت، ئەوا دەسەڵاتی ناوەند زۆر دڕندانە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو شۆڕشانە سەرکوت بکات**

ئەرکی دروستکردنی گەلێك و راهێنان و مەشق پێکردنی وەك گەلێك دەخەمە سەرشانی خۆم. ئەمەش ئەگەر لە سەرێکەوە لەگەڵ چواردە بەندەکەی وۆردۆ ویلسن بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووسی گەلان یەکبگرێتەوە کە شەرعیەت دەداتە ماندێتی بەریتانیا و فەرەنسا بە سەر دەوڵەتە تازە دروستکراوەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەوەی پێویستە ئەو دەوڵەتە تازانە هەر هێندە لە ژێر ماندێتی بەریتانیا و فەرەنسادا بمێننەوە، تا گەلەکانیان فێری حوکمڕانی دەبن و دەتوانن خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن، بەڵام قسەکەی شا فەیسەڵ بە دیوێکی دیکەدا هاودژییەکی تەواو لەگەڵ بەندەکانی وڵسن بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە کە لە عێراقدا گەلێك بەناوی گەلی عێراق بوونی نییە و، شا فەیسەڵ خۆی دان بەو راستییەدا دەنێت و خۆی دەڵێت: ئەرکی دروستکردنی ئەو گەلە لەسەر شانی منە.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە شانشینی دروستکراوی عێراق لە سەر دەستی بەریتانیا چۆن هەوڵیدا گەلی عێراق دروست بکات؟ بێگومان بە رێگەی ملکەچ پێکردن و زەلیل کردنی تەواوی نەتەوە و مەزهەب و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بۆ حوکمڕانی عروبەی سوننە، لەمەشدا هێزی ئاسمانی پادشایی بەریتانیا لە ماوەی ساڵانی ١٩٢١-١٩٣٢ کە عێراق بە فەرمی بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، زیاتر لە ١٣٠ جار هێرشی ئاسمانی وەك پشتیوانی بۆ سوپای عێراق کردۆتە سەر ئەو شۆڕش و یاخیبوونانەی کە دژی دەوڵەتی عێراق ئەنجامدراون، وەك هێرشی سوپای عێراق و فڕۆکەی بەریتانی بۆ سەر شێخ مەحمودی حەفید و بەدیلگرتنی شێخ لە شەڕی دەربەندی بازیان، پاشان هێرشکردنە سەر شۆڕش و یاخیبوونەکانی هۆزەکانی عەرەبی شیعەی عێراق لە باشوور، دوای ئەویش هێرشکردنە سەر ناوچەی بارزان و دامرکاندنەوەی شۆڕشی یەکەمی بارزان، هەڵکوتانە سەر شۆڕش و یاخیبوونەکانی ئاشوورییەکان و دروستکردنی قەسابخانەیەکی خوێناوی دژی ئاشوورییەکان لە سێمێل، ئەمەش مانای ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە بە پشتگیری بەریتانیا هەوڵدراوە لە عێراقدا گەلێك دروست بکرێت کە لە ناو عروبەی سوننەدا بتوێنرێتەوە، گومانیشی تێدا نییە، هەوڵدان بۆ تواندنەوەی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان لەناو بۆتەی تەنیا یەك پێکهاتەدا، پێویستی بە شێوازێکی دیکەی دەوڵەتە کە پێی دەگوترێت دەوڵەتی قووڵ، یان دەوڵەتی عەسکەرتاری (Deep State)، لە عێراقیشدا، هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دەوڵەتە دەستکردەوە، سوپایەکی بەهێز بونیاد نراوە، ئەو سوپایەی کە هەموو ساڵێك لە شەشی کانوونی دووەمدا وەك سوپایەکی قارەمان و بەهێز لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە باسی پاڵەوانێتییەکانی دەکرێت، لەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق خۆیان بە خاوەنی ئەو سوپا سەرکوتکارە نەزانیوە، ئەو سوپایە لە بری ئەوەی خاکی عێراق لە هەڕەشەی دەرەوە بپارێزێت، بەردەوام بۆ سەرکوتکردنی پێکهاتە جیاوازەکانی بەکار هاتووە، بۆیە پێکهاتە جیاوازەکان ئامادە نەبوون بە شێوەیەکی خۆبەخشانە بچنە ریزی ئەو سوپایە، حکومەتی پادشایی عێراقیش خزمەتی سەربازیی زۆرەملێی ( التجنيد الاجباري) سەپاند، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی سوپا هەموو کات خاوەنی دەسەڵاتی کردەیی بێت، هەر بۆیە لە بری ئەوەی شانشینی عێراق کە بە حیساب خاوەنی پەرلەمان بوو، بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەستاودەستی دەسەڵات بکات، ئەوا هەر چەند ساڵێك دوای ئەوەی عێراق بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، لە ساڵی ١٩٣٦ یەکەمین کودەتای سەربازی لە سەردەستی بەکر سدقی ئەنجامدراوە، لەدوای ئەم کودەتایەوە، شێوازی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە عێراقدا بۆتە ئەوەی ئەم ئەفسەری پلەدار کودەتا بە سەر ئەوی دیکەدا بکات، لەمەش خراپتر چەند حکومەت لە بەغدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت تەنانەت کە بەکر سدقی-یش کە بە حیساب لە دایك و باوکێکی کورد بووە، هەوڵیانداوە لە چوارچێوەی عروبەی سوننە هێندەی دیکە دەسەڵاتی سەربازی و سەرکوتکاری قۆرخ بکەن و دژی کورد و هەر پێکهاتەیەکی دیکەی عێراق بیخەنەگەڕ، هەروەك لە چلەکانی سەدەی رابردوو جارێکی دیکە حکومەتی پادشایی عێراق هەموو هێزی پیادە و تانك و تۆپ و هێزی ئاسمانی خۆی بۆ دژایەتیکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان خستەگەڕ، ئەم بارە درێژەی هەبووە هەتا کودەتا سەربازییەکەی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ کە کۆتایی بە رژێمی پادشایەتی هێنا. عەبدولکەریم قاسم لە بەر ئەوەی دوای کودەتاکەی هەوڵیدا لە دەستووری کاتیدا بە شێوەیەکی راستەقینە پێناسەی

**ئەگەر لە سەر خاکێک گەلێک بوونی نەبێت کە توخمە سەرەکییەکانی دەوڵەت (خاکی هاوبەش، زمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، ئایینی هاوبەش، داب و نەریتی هاوبەش) پێکەوە کۆیان بکاتەوە، ئەوا ناتوانرێت لەسەر سێ بنەما سەرەکییەکەی دەوڵەتی هاوچەرخ کە بریتین لە (دامەزراوە، سەرووەریی یاسا، دیموکراتی) دەوڵەتی عێراقی لەسەر بونیاد بنرێتەوە و شەرعیەتی بەکارهێز بدرێتە دەوڵەت بۆ ئەوەی سنوری ئەو وڵاتە و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ گەلەکەی دابین بکات**

**بارزانی نەمر بەو ئامانجە لە سۆڤیەت گەڕایەوە، ئەو دەستوورە کاتییە جێبەجێ بکرێت و کورد و عەرەب پێکەوە عێراق لە سەر بنەمای شەراکەت بونیاد بنێنەوە**

**بەعس لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕی بەسەر کورددا سەپاند و لە شەڕەکەشیدا نەک هەر سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگە و پتەویی شۆڕشی ئەیلوول وایکردبوو کە حکومەتی بەعس بڕووخێت**



**دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، نەخشەی ڕێگەی ئەمریکا بۆ بونیادنانەوەی عێراق ئەوەبوو کە پێش هەموو شت ئەو سوپایە هەڵبوەشێنێتەوە کە ئامانج لە دروستکردنی بریتی بووە لە نمایشی سەربازی لەسەر ئاستی ناوچەکە و سەرکوتکردن و پاکتاوکردنی ڕەگەزی لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق**

دەوڵەتی عێراق بکات بە نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب، ئەوە بوو کورد پشتگیری تەواوی بۆ عەبدولکەریم قاسم دەربڕی و کودەتاکەیان ناو لێنا شۆڕشی چواردەی تەممووز، لەمەش زیاتر بارزانی نەمر بەو ئامانجە لە سۆڤیەت گەڕایەوە، ئەو دەستوورە کاتییە جێبەجێ بکرێت و کورد و عەرەب پێکەوە عێراق لە سەر بنەمای شەراکەت بونیاد بنێنەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی باڵی شۆڤێنی عروبەی سوننە بە ڕەگ و ڕیشەی بونیادی دەوڵەتی عێراقدا شۆڕببوونەوە و، لەبنەڕەتدا دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای تواندنەوەی پێکهاتەکان لە ناو عروبەی سوننە بونیاد نرابوو، باڵی شۆڤێنی عەرەبی بەتایبەتی حزبی بەعس، لەساڵی ١٩٥٩ هەوڵیاندا قاسم تیرۆر بکەن، پاشانیش قاسم لە بەڵێنەکەی و بەندی سێیەمی دەستووری عێراق پاشگەز بووەوە و گەورەترین هێرشی کردە سەر کوردستان و ناوچەی بارزان بۆ ئەوەی کورد سەرکوت بکات، بەڵام ئەمجارەیان بارزانی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان، شۆڕشی مەزنی ئەیلول-یان ڕاگەیاند. دیارە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووش هەتا کودەتای ١٩٦٨ کە بەکر و سەدام هاتنە دەسەڵات، چەندین کودەتای دیکەش ڕوویانداوە، بەڵام لە دوای ١٩٦٨ و هاتنی سەدام و بەکر بۆ دەسەڵات، ئیدی عێراق بە تەواوی بووە دەوڵەتێکی سەرکوتکاری پۆلیسی و دڕندە و لە ماوەی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا حزبی بەعس نزیکەی یەك ملیۆن هاووڵاتی لە عێراق بێسەروشوێن و بەند کردووە، بەتایبەتیش لە ماوەی ١٠ ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گەورەترین تاوانی دژی گەلی کوردستان ئەنجام دا کە سەرکوتکردنی هەزاران فەیلی بە




ناوی تەبعیەی ئێرانی هەناردەی ئێران کردەوە و بێسەروشوێنی کوردن، پاشانیش ئەنفالکردنی ٨٠٠٠ بارزانی و دواتریش کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفاڵ کە ١٨٢ هەزار کەسی کۆمەڵکوژ کرد.

**● شەڕی عێراق و ئێران. نمایشکردنی هێزی دەوڵەتێکی عەسکەرتاری لە سەر ئاستی ناوچەکە**

لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٨ و دوای کودەتای بەعسییەکان، ئەحمەد حەسەن بەکر بووە سەرۆك کۆماری عێراق، بەڵام کاراکتەری سەرەکی لە ناو دەوڵەتی عێراقدا سەدام حوسێن-ی جێگری بوو. سەدام لەسەرەتادا هەوڵیدا کێشەی کورد لە عێراقدا بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکات و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول-یش پێشوازی لەو هەوڵەی کرد و لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ڕێککەوتنی نێوان شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی بەعس ئیمزا کرا، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دەبوو لەماوەی ٤ ساڵدا مافی ئۆتۆنۆمی و جوگرافیای کوردستان لە عێراقدا دیاری بکرێت، بەڵام لە ماوەی ئەو ٤ ساڵە پیلانی بەعسییەکان ئەوە بوو کە بارزانی نەمر تیرۆر بکەن، هەروەها لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش پێگەی خۆیان قایم بکەن، لەگەڵ ئەوەی بارزانی نەمر و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لەم هەوڵانەی بەعس و بەغدا خافڵگیر نەبوون، بەڵام مەبەستیان بوو ئاشتی بەردەوام بێت، نەك شەڕ هەڵبگیرسێتەوە، بەڵام بەعس لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕی بەسەر کورددا سەپاند و لە شەڕەکەشیدا نەك هەر سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگە و پتەویی شۆڕشی ئەیلوول وایکردبوو کە حکومەتی بەعس بڕووخێت،

**دوای هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق لە حوزەیرانی ٢٠١٤، مەرجەعیەتی شیعە ئایەتوڵا سیستانی بە ئاشکرا داوای دامەزراندنی حەشدی شەعبی وەک سوپای شیعە کرد، بۆ ئەوەی بەرگری لە شیعە بکەن، دیارە ئەمەش بە تەواوەتی دەرگای بۆ ئێران واڵا کرد بەناوی بەرگریکردن لە شیعەوە نفوزی سەربازی خۆی بە ئاشکرا لە عێراقدا زیاد بکات**

**ئەوەی هەموو دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان لێی دەترسان، ئەوە بوو سنووری دەوڵەتە دەستکردەکانی سایکس پیکۆ بگۆڕێت، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ ڕێککەوتنێکی پیرۆزە و نابێت دەستکاری بکرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی سایکس پیکۆی دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، نەک خودی ڕێککەوتنەکە، ڕاگرتنی باڵانسی هێزە لە نێوان هێزە گەورەکان و جارێکی دیکەش لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی، پارسەنگی هێزی نێوان هێزە گەورەکان لەسەر ئەو سایکس پیکۆ-یەی ئاکامی شەڕ ڕێکخراوەتەوە**

**ئاراستەی عەرەبی سوننەی عێراق بە ڕەتکردنەوەی عێراقی نوێ، دەوڵەتانی دەوروبەری عێراقی بە دەوڵەتانی عەرەبی و شیعە و سوننەوە یەکخستبوو، بۆیە لەو کاتەی عەرەبستانی سعودیە لە ڕوانگەی عروبەی سوننەوە هاوکاری عەرەبی سوننەی دەکرد، ئەوا ئێران و سووریا وەک دوو دەوڵەتی شیعە لە ڕوانگەی ئەوەی ئەمریکا دوژمنی هاوبەشی هەر سێ لایانە هاوکاری یاخیبووانی سوننەیان دەکرد**

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمریکا لە شەڕی ڤێتنام دۆڕاندبووی و عەرەبیش شەڕی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣ بردبۆوە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی هینری کیسنجەر بەو ئاراستەیە بەڕێوە دەچوو، عێراق لەو کاتەدا کە زیاتر لە سۆڤیەت نزیك بوو، پەلی بکێشێت و لە ئەمریکا و ڕۆژئاوای نزیك بکاتەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٥ لە چوارچێوەی پیلانەکەی کیسنجەردا، شای ئێران و سەدام حوسێن لە جەزائیر کۆبوونەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا سەدام حوسێن سازشی لە سەر شەتولعەرەب کرد بەو مەرجەی ئێران هەموو پشتیوانییەکانی خۆی لە شۆڕشی ئەیلوول ببڕێت، لەمەش زیاتر ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بە هەردوو دەوڵەت سەرکوتی هەر شۆڕش و مقاوەمەتێك بکەن، ئەمە وایکرد شۆڕشی ئەیلوول بکرێتە قوربانی پیلانێکی نێودەوڵەتی و نسکۆی بەسەردا بێت. لەگەڵ ئەوەی دوای تەنیا چەند مانگێك پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی ڕێکخستەوە و سەرکردایەتیی کاتیی هەڵبژارد و دوای ساڵێك شۆڕشی گوڵان-ی وەك درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول ڕاگەیاند، بەڵام حزبی بەعس و سەدام حوسێن ڕێگەیان بۆ تەخت بوو، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی عێراق بکەنە دەوڵەتێکی عەسکەری و بەهێز لە سەر ئاستی ناوچەکە و دەوڵەتێکی پۆلیسی و ئەمنی و دڕندە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بە یەك دوو ساڵ کەوتە وێزەی حزبی شیوعی عێراق و ئەویشی سەرکوت کرد. ئەمریکا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تا هاتنەوەی ئایەتوڵلا خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩ لە فەرەنسا و ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، هەوڵیدەدا نەك پێوەندیی ئاڵۆزی لە مێژینەی نێوان ئێران و عێراق هێور بکاتەوە، بەڵکو ئامانجی ئەوە بوو ئێران و عێراق وەك دوو دەوڵەتی بەهێزی ناوچەکە دۆست بن و پێکەوەش دۆستی ئەمریکا بن، لەملاشەوە کە ڕێککەوتنی کامب دیڤید لە ١٩٧٨ لە نێوان میسر و ئیسرائیل سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، وەك هێنانەدی سەقامگیری تەواو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێندرایەوە. بەڵام بە ڕووخانی شا و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەلایەك ئەمریکا دۆستێکی گەورەی وەك شای لە دەستچوو کە ناوی لێنابوو (پۆلیسی کەنداو)، لەلایەکی دیکەوە بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، ڕاگەیاندنی ویلایەتی فەقیهـ زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ حوکمڕانی لە عێراقدا، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە پێشتر ئایەتوڵلا خومەینی چاوەڕوانی شیعەی بۆ ئیمامی مەهدی گۆڕیبوو بۆ دامەزراندنی ویلایەتی فەقیهـ، بۆیە سەرکەوتنی ئەم ئاراستەی ئایەتوڵلا خومەینی، هەروەها بانگەشەی کۆماری ئیسلامی بۆ هەناردەکردنی مودێلی ویلایەتی فەقیهـ بۆ ئەو شوێنانەی کە شیعەی تێدا دەژی، ئەمەش هەنگاوێك بوو بۆ ئەوەی چیدیکە شیعەی عێراقیش چاوەڕوانی ئیمامی مەهدی نەکەن و لە چوارچێوەی ویلایەتی فەقیهـ بکەونەخۆ و حکومەتی عروبەی سوننە بڕووخێنن. هاوکات سەدام حوسێن بۆ ئەوەی ویلایەتی فەقیهـ-ی ئێران ڕەگ دانەکوتێت، چەند مانگێك دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ویلایەتی فەقیهـ لە ئێران، کودەتایەکی سپی بە سەر ئەحمەد حەسەن بەکر-دا کرد و کەوتە گەڕان بە دوای بیانوویەك بۆ ئەوەی شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ ئێران دروست بکات و بە بیانووی ئەو شەڕەشەوە بە تەواوەتی هەموو ئەو مەرجەعانەی شیعە تەسفیە بکات و جارێکی دیکەش شۆڕشی کوردستان خامۆش بکاتەوە. دیارە سەدام حوسێن هەر سێ ئامانجەکەی بۆ هاتەدی، هەم شەڕەکەی لەگەڵ ئێران دروستکرد، هەمیش بواری ئەوەی بۆ ڕەخسا کە بە بیانووی ئەو شەڕەوە مەرجەعەکانی شیعە تەسفیە بکات، هەمیش شاڵاوێکی گەورەی ئەنفال و ژینۆساید و کیمیاباران دژی کوردستان پیادە بکات. هەموو ئەو هەنگاوانەی عێراق کە لە سەر دەستی سەدام حوسێن هەر دوو بنەما سەرەکییەکەی بونیادی دەوڵەتی عێراقی هێنابووەدی، لەلایەن ئەمریکاوە پێشوازی لێدەکرا و لەسەر ئاستی ناوچەکەش لەلایەن دۆستەکانی ئەمریکا (میسر، ئوردن، سعودیە، یەمەن و دەوڵەتانی کەنداو) پشتگیری گەورەی لێدەکرا. ئەمە هەتا ساڵی ١٩٩٠ درێژەی هەبوو، بەڵام غرووری سەدام حوسێن گەیشتە ئەوەی هەڕەشە لە داگیرکردنی دەوڵەتانی دۆستی ئەمریکا بکات، لە ساڵی ١٩٩٠ ئەمەشی کرد و کوەیت-ی داگیرکرد، لەمەدا ئەمریکا تەواو بۆی ئاشکرابوو کە چیدیکە سەدام حوسێن خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناکات، بۆیە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەدام حوسێن-ەوە پێکهێنا و گورزێکی گەورەیان لە سوپا و ڕژێمی سەدام حوسێن دا، پاشانیش بووە هۆکاری ئەوەی کە لە کوردستان و ١٤ پارێزگای

عێراقی راپەڕین دژی رژێمی سەدام حوسێن بەرپا بکرێت، بەڵام سەدام حوسێن بە دەستێکی ئاسنینی زۆر دڕندانە راپەڕینەکانی باشوور و ناوەڕاست و کوردستانی دامرکاندنەوە، لە ئەنجامدا بەشی هەرە زۆری گەلی کوردستان بڕیاریان دا رەو بکەن، بۆ ئەمەش رۆژئاوا ناوچەیەکی ئارامی لە سەرووی هێڵی ٣٦ بۆ کوردستان دامەرزاند و چاوپۆشی لە باشووری شیعەنشینی کرد، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی شیعەی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا دانەمەزرێت. ئەمریکا لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو هەتا ٢٠٠٣ کە رژێمی سەدامی رووخاند، سیاسەتی جڵەوگیری دوولایەنەی عێراق و ئێرانی پیادە کرد، بەڵام کە ئێران لە کاتی پیادەکردنی ئەم سیاسەتە توانی پەرە بە پرۆژەی نیوکلیاری بدات وەك بونیادنانی ژێرخانێك بۆ دروستکردنی چەکی نیوکلیاری، هەروەها دوای ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن عێراقی کردبووە زۆنێکی ئارام بۆ هاتوچۆی تیرۆریستانی قاعیدە و پشتگیری تەواوی حزبە ئیسلامییە چەکدارەکان، ئەمە وایکرد ئەمریکا بیر لە رووخانی رژێمی سەدام حوسێن بکاتەوە، ئەمەش بەو ئامانجەی عێراق بەو جۆرە دابمەزرێنێتەوە کە دەوڵەتێك بێت هاوپەیمانی ئەمریکا بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بە هەمان شێوازی بەریتانیا عێراقی دامەزراندەوە و بە هەمان شێوازی بەریتانیا پشتگیری یەك پێکهاتەی کرد بۆ ئەوەی عێراقێکی بەهێز بونیاد بنێتەوە، ئەوا ئەو عێراقەی لێ کەوتەوە کە ئێستا پارچەکانی بۆ کۆناکرێتەوە.

## • پۆست عێراق
## سێ دەوڵەت و سێ سوپای جیاواز

ئەزموونی سەدەی رابردووی بونیادی دەوڵەتی عێراق دەریخست، ئەو ئامانجەی عێراقی لە سەر دروستکراوە بۆ ئەوەی گەلێکی تێدا دروست بکرێت لە عروبەی سوننەدا توابێتەوە، پاشان ئەو گەلە فێر بکرێت و مەشق و راهێنانی پێبدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت حوکمڕانی بکات، لەساڵی ٢٠٠٣ و دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن دەرکەوت، ئەو گەلە نەك هەر دروست نابێت، بەڵکو دروستکردنی ئەو گەلە خۆی لە خۆیدا دەبێتە چاوپۆشیکردن لە پاکتاوی رەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی چەند پێکهاتەی جیاواز لە عێراقدا، بۆیە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، نەخشەی رێگەی ئەمریکا بۆ بونیادنانەوەی عێراق ئەوەبوو کە پێش هەموو شت ئەو سوپایە هەڵبوەشێنێتەوە کە ئامانج لە دروستکردنی بریتی بووە لە نمایشی سەربازی لەسەر ئاستی ناوچەکە و سەرکوتکردن و پاکتاوکردنی رەگەزی لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق، بۆ ئەمەش لە مانگی ئایاری ٢٠٠٤ بەپێی بڕیارەکانی ( ١٤٨سێ،١٥٠٩،١٥١١) ئەنجوومەنی ئاسایش ئەمریکای وەك وڵاتێکی داگیرکار ناساند و عێراق کەوتە ژێر ماندێتی ئەمریکاوە، ئەمریکا بەو لۆژیکە ئەمەی کرد، عێراق وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری لە دەستێوەردانی دەرەکی بپارێزێت، بەڵام ئەوەی فەرامۆش کرد، هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە گروپی چەکداری غەیرەدەوڵەتی لەناو عێراق بوونی هەبووە و لەسەر ئاستی ناوچەکە و دەوروبەری عێراقیش کاراکتەری چەکداری غەیرەدەوڵەتی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە بوونیان هەیە، بۆیە دەوڵەتانی ناوچەکە زۆر بەئاسانی دەتوانن بە رێگەی گرێدانی پەیوەندی هەماهەنگی لە نێوان گروپە چەکدارە غەیرەدەوڵەتییەکانی وڵاتانی دراوسێ لەگەڵ گروپە چەکدارە غەیرەدەوڵەتییەکەی عێراقدا، ئەوجا لەبەر ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن بە درێژای ٣٥ ساڵ ژێرخانێکی پتەوی دەوڵەتێکی سەربازی و ئەمنی و پۆلیسی لەسەر بنەمای عروبەی سوننە بونیادنابوو، ئەوا لەگەڵ هەڵوەشانەوەی سوپا و دەزگاکانی موخابەرات و ئەمن و پۆلیس، پشکی شێر بەر پێکهاتەی عەرەبی سوننە کەوت، عەرەبی سوننەش هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق وەك کۆتایهاتنی دەسەڵاتی عەرەبی سوننە لەقەڵەم دا. هەربۆیە عەرەبی سوننە یەکەمین هەڵبژاردنی عێراقی دوای روخانی رژێمی سەدام حوسێن بایکۆت کرد، پاشانیش بەشی ژمارەیەکی زۆری عەرەبی سوننەش کەمتر لە ٢ لەسەر سێی سێ پارێزگا دەستووری عێراقی رەتکردووە، دەستوورێك کە عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی پێناسە دەکاتەوە.

بێگومان ئاراستەی عەرەبی سوننەی عێراق بە رەتکردنەوەی عێراقی نوێ، دەوڵەتانی دەوروبەری عێراقی بە دەوڵەتانی عەرەبی و شیعە و سوننەوە یەکخستبوو، بۆیە لەو کاتەی عەرەبستانی سعودیە لە روانگەی عروبەی سوننەوە هاوکاری عەرەبی سوننەی دەکرد، ئەوا ئێران و سووریا وەك دوو دەوڵەتی شیعە لە روانگەی ئەوەی ئەمریکا دوژمنی هاوبەشی هەر سێ لایانە هاوکاری یاخیبووانی

سەدام حوسێن بۆ ئەوەی ویلایەتی فەقیهـ-ی ئێران رەگ دانەکوتێت، چەند مانگێک دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ویلایەتی فەقیهـ لە ئێران، کودەتایەکی سپی بە سەر ئەحمەد حەسەن بەکر-دا کرد و کەوتە گەڕان بە دوای بیانوویەک بۆ ئەوەی شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ ئێران دروست بکات و بە بیانووی ئەو شەڕەشەوە بە تەواوەتی هەموو ئەو مەرجەعانەی شیعە تەسفیە بکات و جارێکی دیکەش شۆڕشی کوردستان خامۆش بکاتەوە

ئەزموونی سەدەی رابردووی بونیادی دەوڵەتی عێراق دەریخست، ئەو ئامانجەی عێراقی لە سەر دروستکراوە بۆ ئەوەی گەلێکی تێدا دروست بکرێت لە عروبەی سوننەدا توابێتەوە، پاشان ئەو گەلە فێر بکرێت و مەشق و راهێنانی پێبدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت حوکمڕانی بکات، لەساڵی ٢٠٠٣ و دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن دەرکەوت، ئەو گەلە نەک هەر دروست نابێت، بەڵکو دروستکردنی ئەو گەلە خۆی لە خۆیدا دەبێتە چاوپۆشیکردن لە پاکتاوی رەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی چەند پێکهاتەی جیاواز لە عێراقدا

**لە دوای رووخانی دیواری بەرلین-یش دیسان سایکس پێکۆ وەک دیارییەکی دەستکاری نەکراو بۆ رۆژئاواو و ئەمریکا ماوەتەوە، دوای راپەڕینەکانی ساڵی ٢٠١١ لە وڵاتانی عەرەبیش زۆر هەوڵیاندا ئەو سنوورانە وەک خۆیان بهێڵنەوە، بەڵام بە وەڵامدانەوەی درندانەی رژێمی بەشار ئەسەد بۆ راپەڕینەکانی سووریا و وەرچەرخانی سیاسەتەکانی نوری مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت و عەسکەرتاریەت و سەرهەڵدانی داعش و راگەیاندنی خەلافەتە ئیسلامییەکە، نەخشەکەی سایکس پیکۆ وەک ئاکامی شەڕ و باڵانسی نێوان هێزە گەورەکان بوونی نەما، هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریاش وەک دوو دەوڵەتی خاوەنی سەروەری کۆتاییان هات**

**دەبێت ئەمریکا سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (کوردستان و ناوچەکانی عەرەبی سوننە و ناوچەکانی عەرەبی شیعە) بە یەک چاو سەیر بکات و رێگە نەدات لایەنی شیعە کە ئێستا خۆی بە براگەورەی عێراق دەزانێت و بەغدای کۆنترۆڵ کردووە، مافی عەرەبی سوننە و کوردستان بخوات و خۆی فەرز بکات، بۆ ئەمەش گرنگە نەخشەرێگەیەکی بە هاوشێوەی قەسسامی شەرعی بۆ میراتی عێراق دروست بکات، لەبەر رۆشنایی ئەو قەسسامە شەرعییە هەر پێکهاتەیەک بەشی خۆی لە میراتی عێراق وەربگرێت، پاشانیش لە چوارچێوەی شەرعییەتی نێودەوڵەتیدا هەر سێ دەوڵەتەکە بە فەرمی بناسرێت**

سوننەیان دەکرد، کاتێکیش ئەمریکا ناچار بوو لە کۆتایی ٢٠٠٦ و سەرەتای ٢٠٠٧ بەپەلە هێزی زیاتر بنێرێت بۆ عێراق و هۆزەکانی عەرەبی سوننە لە چوارچێوەی هێزەکانی سەحوە چەکدار بکات، ئەمە لە سەرەتادا بووە هۆکاری ئەوەی کە تیرۆریستانی قاعیدە لە عێراق تێکبشکێن و خەریك بوو هێزی لۆکاڵی چەکداری غەیرەدەوڵەتی عەرەبی سوننەش بەکار بهێنرێت بۆ سەقامگیری عێراق، بەڵام حکومەتی مالیکی ترسی ئەوەی لێ نیشت، ئەگەر سوننە چەکدار بێت، ئەوا مێژووی رابردوو بە سەر عەرەبی شیعە دووبارە دەبێتەوە، بۆیە کەوتە دانانی پلانێکی مەحکەم بۆ ئەوەی هێزی سەحوە هەڵبوەشێنێتەوە و وەك بڕیار بوو تێکەڵی سوپا و ئاسایش بکرێن، جێبەجێ نەکرا، لەبری ئەوە نوری مالیکی بە پشتگیری ئەمریکا سوپایەکی تازەی لەسەر بنەمای عێراقی عروبەی شیعە دروستکرد، بەو نیازە هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە ناو عروبەی شیعەدا بتوێنێتەوە، بەڵام ئەوە بوو ئەمجارەیان لە ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ دەرکەوتنی داعش لە موسڵ-ەوە پێنج فیرقەی سوپای عێراق خۆی تەسلیم کردو سوپای عێراق لەبەریەك هەڵوەشاوە، کە سوپاش لەبەریەك هەڵوەشا، ئیدی شتێك نامێنێت ناوی دەوڵەتی عێراق بێت. دەوڵەتی عێراق لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای سوپا و عەسکەرتاری بونیاد نراوە، بۆیە بە ناچاری دوای هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق لە حوزەیرانی ٢٠١٤، مەرجەعیەتی شیعە ئایەتوڵا سیستانی بە ئاشکرا داوای دامەزراندنی حەشدی شەعبی وەك سوپای شیعە کرد، بۆ ئەوەی بەرگری لە شیعە بکەن، دیارە ئەمەش بە تەواوەتی دەرگای بۆ ئێران واڵا کرد بەناوی بەرگریکردن لە شیعەوە نفوزی سەربازی خۆی بە ئاشکرا لە عێراقدا زیاد بکات. لەم حاڵەتەی ئێستادا کە کوردستان خاوەنی هێزی پێشمەرگەی خۆیەتی وەك سوپای کوردستان، هەروەها شیعە خاوەنی میلیشیای حەشدی شەعبی-یە وەك سوپای شیعە، ئێستا خەریکە سوننەش دەبێتە خاوەنی سوپای خۆی کە حەشدی وەتەنی-یە، ئەمە مانای ئەوەیە ئێستا بناخەی سێ دەوڵەت دروست بووە کە سێ سوپای جیاوازی هەیە، لێکجیاکردنەوەی ئەم سێ دەوڵەتەش پێویستی بە دروستکردنی قەسسامێکی شەرعی هەیە بۆ ئەوەی برای گەورە غەدر لە برای بچووك نەکات و هەر کەس مافی خۆی لە چوارچێوەیەکی شەرعیدا وەربگرێت.

**● دروستکردنی قەسسامێکی شەرعی بۆ دابەشکردنی میراتی عێراق لە چوارچێوەی شەرعیەتی نێودەوڵەتی**

ئەوەی هەموو دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان لێی دەترسان، ئەوە بوو سنووری دەوڵەتە دەستکردەکانی سایکس پیکۆ بگۆڕێت، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی رێککەوتنی سایکس پیکۆ رێککەوتنێکی پیرۆزە و نابێت دەستکاری بکرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی سایکس پیکۆی دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، نەك خودی رێککەوتنەکە، راگرتنی باڵانسی هێزە لە نێوان هێزە گەورەکان و جارێکی دیکەش لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی، پارسەنگی هێزی نێوان هێزە گەورەکان لەسەر ئەو سایکس پیکۆ-یەی ئاکامی شەڕ رێکخراوەتەوە و لە دوای رووخانی دیواری بەرلین-یش دیسان سایکس پێکۆ وەك دیارییەکی دەستکاری نەکراو بۆ رۆژئاواو و ئەمریکا ماوەتەوە، دوای راپەڕینەکانی ساڵی ٢٠١١ لە وڵاتانی عەرەبیش زۆر هەوڵیاندا ئەو سنوورانە وەك خۆیان بهێڵنەوە، بەڵام بە وەڵامدانەوەی درندانەی رژێمی بەشار ئەسەد بۆ راپەڕینەکانی سووریا و وەرچەرخانی سیاسەتەکانی نوری مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت و عەسکەرتاریەت و سەرهەڵدانی داعش و راگەیاندنی خەلافەتە ئیسلامییەکە، نەخشەکەی سایکس پیکۆ وەك ئاکامی شەڕ و باڵانسی نێوان هێزە گەورەکان بوونی نەما، هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریاش وەك دوو دەوڵەتی خاوەنی سەروەری کۆتاییان هات.

سەبارەت بە سووریا کە هێشتا وەك دەوڵەتێکی ناوکۆی نێوان هێزە گەورەکان سەیر دەکرێت و هەموو دەوڵەتە گەورەکان خۆیان بەخاوەنی دەزانن، لەوانەیە کارێکی ئاسان نەبێت بە زوویی ئەو وڵاتە دابەش بکرێت، بەڵام سەبارەت بە عێراق کە هەتا ئێستاش ئەمریکا وەك دەستکەوتی خۆی سەیری دەکات و ئەو مافەی هەیە سیاسەتی تایبەتی بۆ عێراق دابڕێژێت و کەی ویستی دەستێوەردان بکات، دەتوانێ بیکات، ئەوا کارکردن لەسەر دابەشکردنی عێراق و مانەوەی وەك دەستکەوتێك بۆ ئەمریکا، ئەوا دەبێت بە دوای ئەو رێگەیە بکەوێت کە چۆن پارچەکانی عێراق بە ئاشتی کۆبکاتەوە و لە بری ئەوەی عێراق وەك دەوڵەتێك بکاتە دۆست و هاوپەیمانی خۆی لە ناوچەکە، ئەوا زەمینەی ئەوەی بۆ رەخساوە سێ دەوڵەت پێکەوە بکاتە




هاوپەیمانی خۆی و ئەم سێ دەوڵەتەش لەبەر ئەوەی سێ دەوڵەتی تازەن، لۆژیکی پاراستنی دەوڵەتیش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام پشتبەستوو بووە بە هێزێکی گەورەی دەرەکی، ئەوا ئەم سێ دەوڵەتە خۆیان پێشوازی لە ئەمریکا دەکەن بۆ ئەوەی بیانپارێزێت، بەڵام بنەمای ئەم پاراستنە کە لە دوای مردن و کۆتاییهاتنی عێراق بۆتە باسی رۆژ، دەبێت ئەمریکا سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (کوردستان و ناوچەکانی عەرەبی سوننە و ناوچەکانی عەرەبی شیعە) بە یەك چاو سەیر بکات و رێگە نەدات لایەنی شیعە کە ئێستا خۆی بە براگەورەی عێراق دەزانێت و بەغدای کۆنترۆڵ کردووە، مافی عەرەبی سوننە و کوردستان بخوات و خۆی فەرز بکات، بۆ ئەمەش گرنگە نەخشەڕێگەیەکی بە هاوشێوەی قەسسامی شەرعی بۆ میراتی عێراق دروست بکات، لەبەر رۆشنایی ئەو قەسسامە شەرعییە هەر پێکهاتەیەك بەشی خۆی لە میراتی عێراق وەربگرێت، پاشانیش لە چوارچێوەی شەرعییەتی نێودەوڵەتیدا هەر سێ دەوڵەتەکە بە فەرمی بناسرێت.



باراك ماندێلسۆن، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی کۆرنێڵ بەدەست هێناوە، پێشتر توێژەر بووە لە پرۆگرامی ئاسایشی نێودەوڵەتی و حاڵی حازر پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە کۆلێژی هاڤەرفۆرد. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەندین بواری گرنگ دەدات، وەك بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایین و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەکی و هۆکارەکانی شەڕی نێوان دەوڵەتان. بۆ تاوتوێکردنی رەوشی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە درێژخایەنەکانی ئەم ناوچەیە و پرسی سەربەخۆبوونی کوردستان، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکرد و ئەویش بەم شێوەیە هاتەئاخاوتن.

## باراک ماندێلسۆن

پسپۆڕی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# باوەڕم بە حەتمیەتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان هەیە، لەبەر ئەوەی بەبێ کورد کێشەی سوننە چارەسەر ناکرێت

## میسر و سعودیە و ئیسرائیل
## لە بەرەیەکدان و لە نزیکەوە هاوکاری یەکتری دەکەن

*** شتێکی شاردراوە نییە کە لە ئێستادا کێشە و ناکۆکییەکی زۆر لە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدیدەکرێت، هەر هەوڵێکیش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدرێن، شکست دەهێنن. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت لە چوارچێوەی سنووری ئێستای ئەم وڵاتانەدا ئەو کێشانە یەکلابکرێنەوە؟**

- لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نازانێت چۆن کێشەکان لە دەرەوەی سنوورە کۆنەکاندا چارەسەر بکات، ئەوا بێتوانا بووە لە گرتنەبەری چارەسەری داهێنەرانە و لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع ڕوودەدات، کە ڕەنگە زیاتر هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- لەسەر بنەمای واقیعەکە بیر لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان ناکاتەوە. هەروەها من لەگەڵتاندا هاوڕام کە هەر چارەسەرێك کە دەبێت بگیرێتەبەر، پێویستە جیاواز بێت لە چارەسەرەکانی پێشوو، بەڵام ئەمە بە شێوەیەکی حەتمی ئاست و ئەندازەیەکی زیاتری توندوتیژی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، لەبەر ئەوە دوودڵی لە پیادەکردنی ڕێگاچارەی نوێ بە تەواوەتی شتێکی نالۆژیکی نییە. واقیعەکە ئەوەیە کە سیاسەتداڕێژەرانی واشنتۆن و وڵاتانی دیکە پێیانوایە تەنیا دوو بژاردەیان هەیە، یان ئەو پشێویە، یان چارەسەرکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتە نەتەوەییە کۆنەکاندا، لە کاتێکدا دەبێت بیر لە پشێویەکی جیاواز، یان بژاردەیەکی جیاوازتری زۆر مەترسیدار بکەنەوە.

*** ئەوەی لە ئێستادا لە عێراق و سووریا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە پێکهاتەکانی ئەم دوو وڵاتە ناتوانن پێکەوە بژین، بەتایبەتی شیعە و سوننە، ئەگەر ئەمە واقیعەکە بێت، بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەرچاوی ناگرێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە باس لە کاریگەری و ڕۆڵی وڵاتێکی وەك ڕووسیا بکەین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا ڕووسیا بەلایەوە گرنگ نییە چی لەم ناوچەیەدا ڕوودەدات، بەڵکو هەوڵدەدات بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەرژەوەندییەکەشی لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە پشتیوانی ئەسەد بکات و بواری پێبدات هەرچییەك کە بیەوێت بیکات. ئەوەی پێوەندی بە ئەمەریکاوە هەبێت، ئەوا جێی سەرسوڕمان نییە کە ئیدارەی ئەمەریکا ئیدارەیەکی زۆر لاواز بووە و لەوەتەی ئەو ئۆباما دەسەڵاتی گرتۆتەدەست لە هەموو هەوڵێکیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شکستی هێناوە. ئەوە ڕاستە کە ئەنجامدانی کارێکی تەواو جیاواز لەلایەن ئەمەریکاوە باجێکی زۆری دەوێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەمەریکا ئەوەندە دوودڵ بووە و پەنای بۆ ئەوە بردووە چارەسەرێکی ئارامتر بگرێتەبەر، ئەگەرچی لە ڕاستیدا ئەوە چارەسەرێکی کارا نەبووە.

*** ئێران لە هەوڵی بەرفراوانکردنی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆیدایە، لەم پێناوەشدا پەنای بۆ دروستکردنی میلیشیای جیاواز بردووە لە وڵاتانی ناوچەکەدا، ئایا ئەم هەنگاوەی ئێران ئاستی ناکۆکییە تایفەگەرییەکەی نێوان شیعە و سوننە زیاتر ناکات؟**

- من پێموایە کردەوەکانی ئێران بوونەتە هۆی ئاڵۆزترکردنی بارودۆخەکە، ئەگەرچی تێڕوانینی ئێران ئەوەیە کە ئەوان لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان، بەڵام ئەگەری هاتنەدی پێوەندییەکی ئاشتییانە لە نێوان شیعە و سوننەدا بەدی ناکەن، تەنیا ئامادەن پشتیوانی شیعە بکەن و دۆخەکە بەرەو هەڵکشان بەرن، ئەمەش بۆ ئێران لۆجیکی تێدایە، لەبەر ئەوەی ئێران خۆی بە ڕابەری شیعەکان دەزانێت لە هەر کوێیەك بن، هەروەها ئێران بەرەوپێشچوونی بەدەستهێناوە لە بەرفراوانکردنی دەستڕۆیشتوویی خۆی، بەڵام ئێران ئەوە قبووڵ ناکات کە دەوڵەتە سوننەکانی ناوچەکە بە چەشنی ڕابردوو بەهێز بن، بەلای ئێرانەوە ئەوە گەمەی سفر و سەدە، چونکە پێیوایە ئەمە بە شێوەیەکی حەتمی لەسەر حیسابی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەبێت. لەبەر ئەوە جەخت لەسەر ناکۆکی و پشتیوانی شیعە دەکەنەوە لەبەرامبەر گەیشتن بە هەر جۆرە چارەسەرێك، ئێمەش تەواو دڵنیا نین لە بوونی ڕێگایەك بۆ باشترکردنی پێوەندی شیعە و سوننە لە ئایندەیەکی نزیکدا. واتە ئەگەرێکی لاواز هەیە کە پێوەندییەکی ئاشتییانە لە نێوان شیعە و سوننەدا بێتەئاراوە، ئەمەش لەگەڵ هەوڵەکانی ئێراندا یەك دەگرێتەوە کە دەیەوێت پێگەی شیعە لە ناوچەکەدا بەهێز بکات. پرسیارەکە ئەوەیە لە قۆناخێکی دیاریکراودا ئێران ئامادەیە سازش بکات، پێناچێت لە ئێستادا ئەمە ڕووبدات، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە باجێکی کەم دەدات لەسەر کردەوەکانی، بەڵام لە ئێستادا پێدەچێت بارودۆخەکە- بە تایبەتی لە عێراقدا- بە باشی شکابێتەوە بۆ ئێران، چونکە لەو کاتەوەی ئەمەریکا عێراقی داگیرکردووە، ئێران براوەی ڕاستەقینە بووە، هەروەها لە ڕووی سیاسی و ناسنامەوە پێناچێت عێراق هیچ شتێکی هاوشێوەی ئەو بارودۆخە بێت کە ١٤ ساڵ پێش ئێستا لە ئارادابوو.

*** تا چ ڕادەیەك پێتوایە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لەم ناوچەیەدا هۆکارێکە بۆ گەڕانەوەی سەقامگیری و بۆ لە ناوبردنی تیرۆریستان یارمەتیدەر دەبێت؟**

- پێموایە دەبێت مافی کورد بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ جیابکەینەوە لە پرسی سەقامگیری لە ناوچەکەدا، کوردی عێراق توانیویانە خۆحوکمڕانییەك (ئۆتۆنۆمیەك) بۆ خۆیان دابمەزرێنن، ئەگەرچی هەموو خەسڵەتەکانی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییان تێدانیە، بەڵام ئەوەندەی مومکین بووە لەو پێگەیە نزێك بوونەتەوە، بەڵام پرسی کاریگەریی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەسەر سەقامگیری ناوچەکە، پتر بەندە بە هەڵوێستی تورکیاوە، بەتایبەتی کە تورکیا بەرهەڵستی دەکات و ئەو وڵاتە فاکتەرێکی سەرەکییە لەم مەسەلەیەدا. لە لایەکی دیکەوە نابێت کورد پەنا بباتە بەر ئەم پاساوە بۆ شەرعیەتدان بە هەوڵەکانی خۆی بۆ هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی. بۆ من جێی سەرسوڕمانە کە هەموولایەك هاودەنگن لەسەر ئەوەی فەلەستینییەکان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە، بەڵام ئەم تێڕوانینەیان بەرامبەر کورد نییە، بەتایبەتی کە ئێستا

**لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نازانێت چۆن کێشەکان لە دەرەوەی سنوورە کۆنەکاندا چارەسەر بکات، ئەوا بێتوانا بووە لە گرتنەبەری چارەسەری داهێنەرانە و لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع ڕوودەدات**

**پێدەچێت کێشەی فەلەستین بە تەواوەتی فەرامۆش کرابێت لە لایەن دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکانەوە، لەبەر ئەوەی سەرقاڵن بە هەڕەشە سەرەکییەکەوە کە ئێرانە، واتە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لە بەرامبەر ئێراندا**

**ئەگەر ئێمە وەک هێزێکی ناسەقامگیرکار لە ئێران بڕوانین، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو هێزەی بەرهەڵستی ئێران دەبێتەوە، دەبێتە هێزێکی سەقامگیرکار، بە مانای ئەوەی دروستبونی پێوەندی لە نێوان سعودیە و ئیسرائیلدا کاریگەری ئیجابی لێدەکەوێتەوە**

**کورد ئەو مافانەی بەدەست نەهێناوە کە شایستەیە بەدەستیان بهێنێت، بەڵام دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە باشترین ستراتیژیەت چییە بۆ پەرەپێدانی مافەکانی**

دەرکەوتووە حوکمڕانییە کوردیەکە تا ڕاددەیەك دەتوانێت کاروبارەکانی خۆی بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵسووڕێنێت و پارێزگاری لە ئەمنیەتی ئەو ناوچانە بکات کە لە ژێر دەسەڵاتیدان، بەڵام مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەبێت، ئەوا کورد بەرگری لەو خاکە ناکەن کە لەسەری دەژین، چونکە ئەوە ژیانی خۆتانە و بەرگری لێدەکەن، کەواتە کورد فاکتەری سەقامگیرین، ئیدی ببنە خاوەن دەوڵەت، یان نا، واتە مەسەلەی سەربەخۆیی پرسێکی دیکەیە، بەڵام ناکرێت کێشەی عێراق و سووریا بێ لەبەرچاوگرتنی کوردی ئەو دوو وڵاتە چارەسەر بکرێت، بەڵام لە پێوندی بە بواردان بە سەربەخۆبوونی کوردەوە، ئەوا ئەمە لە رووی سیاسییەوە هەنگاوێکی قورسە کە ئەمەریکا پشتیوانی لێبکات، نەك لەبەر ئەوەی ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کە چ کاریگەرییەکی لەسەر سەقامگیری لێدەکەوێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەبێتە پێشینەیەك بۆ ناوچەکانی دیکە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کورد ئەو مافانەی بەدەست نەهێناوە کە شایستەیە بەدەستیان بهێنێت، بەڵام دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە باشترین ستراتیژیەت چییە بۆ پەرەپێدانی مافەکانی، بەڵام من باوەڕم بە حەتمیەتی هاتنەئارای دەوڵەتی کوردستان هەیە لە کۆتاییدا، بەڵام ئەوە دەوەستێتەسەر ئەوەی چ جۆرە ڕێککەوتنێك لەگەڵ تورکیادا دەکەن.

*** ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە لە ئێستادا ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی سوننە بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو خۆیان لە بەرەیەکی هاوبەشدا دژ بە ئێران دەبیننەوە، ئایا ئەمە دەبێتە فاکتەرێك بۆ سەقامگیری ناوچەکە، یان ناکۆکییەکان بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەبات؟**

- ئەگەر ئێمە وەك هێزێکی ناسەقامگیرکار لە ئێران بڕوانین، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو هێزەی بەرهەڵستی ئێران دەبێتەوە، دەبێتە هێزێکی سەقامگیرکار، بە مانای ئەوەی دروستبونی پێوەندی لە نێوان سعودیە و ئیسرائیلدا کاریگەری ئیجابی لێدەکەوێتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێران بە ئاسانی پاشەکشە ناکات، ئەوا پێوەندی نێوان ئیسرائیل و سعودیە لە مەودای نزیکدا سەردەکێشێت بۆ سەقامگیرییەکی کەمتر، بەڵام ئەگەر لە نێوان دوو بژاردەدا بین، سەقامگیرییەکی کەمتر بەهۆی ئەوەی هێزێك هەیە بەرهەڵستی ئێران دەکات و سەقامگیرییەکی زیاتر بەهۆی ئەوەی ڕێ بە ئێران بدرێت هەرچییەکی بوێت، ئەنجامی بدات، ئەوا من تەفزیلی بژاردەی یەکەمیان دەکەم. پێدەچێت کێشەی فەلەستین بە تەواوەتی فەرامۆش کرابێت لە لایەن دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکانەوە، لەبەر ئەوەی سەرقاڵن بە هەڕەشە سەرەکییەکەوە کە ئێرانە، واتە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لە بەرامبەر ئێراندا، ئەوەش ڕاستە کە ئیسرائیل و سعودیە پێوەندییەکانیان بە تەواوەتی ئاشکرا ناکەن، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە بۆ سعودیە پاساوی بۆ بهێنێتەوە، بەڵام ئاشکرایە کە ئێستا میسر و سعودیە و ئیسرائیل نەك هەر لە بەرەیەکدان، بەڵکو لە نزیکەوە هەماهەنگی و هاوکاری یەکتر دەکەن.

*** تا چ ڕاددەیەك دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە دەبێتەهۆی چارەسەرکردنی سیستمی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا کە سیستمێکە و شکستی هێناوە؟**

- پێموایە گۆڕینی سنوورەکان لە هەندێ ناوچە کارێکی پێویستە، بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە، تەنانەت ئەگەر بتوانین بگەینە ڕێککەوتن لەسەر داڕشتنی سنووری نوێ، ئەوا ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و درێژخایەن دەبێت. من دڵنیا نیم ئیرادەیەکی سیاسی هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. تەنانەت ئەگەر ئەمەش ڕوویدات، ئەوا بۆ ماوەیەکی زۆر بێ متمانەیی لە ئارادا دەبێت لە نێوان کاراکتەرەکاندا و ئەگەر خەڵکە جیاوازەکان بە تەواوەتی لێکجیانەکرێنەوە، ئەوا ڕق و دوژمنایەتی دوولایەنە بەردەوام دەبێت. لە ئایندەی نزیکدا سەقامگیری ناگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە هاوکاری دەرەکی دەبێت، بەڵام زەحمەتە ببینین کە دەستێوەردانی دەرەکی بێمتمانەیی ناخۆیی لێنەکەوێتەوە. بۆ نموونە دەکرێت دروستبوونی دەوڵەتێکی سوننە لە سووریا و عێراق خزمەت بە سەقامگیری ناوچەکە بکات، بەڵام ئەوەش پێویستی بە ڕەزامەندی دەرەکی دەبێت، چونکە هێزە مەحەلییەکان ناتوانن ڕەققە و موسڵ بگرنەوە، بەڵکو دەبێت بە پاڵپشتی دەرەکی ئەو کارە بکرێت، ئەوەش پرۆسەیەکی ئاڵۆز دەبێت. بەلای منەوە کارێکی سوودبەخشە ئەگەر هێزی دەرەکی دەستێوەردان لە ڕەققە بکات و دواتر ئەو هێزە دەرەکیە لەگەڵ هێزی سوننەی ئیقلیمی لەوێدا جێگیر بکرێت کە هاوکار بن لە دروستکردنی دەوڵەتێکی سوننیدا. ئەوەی پێوەندی بە کوردەوە هەبێت، ئەوا کورد لە پێگەیەکی باشتردان، بەڵام ئێوە ناتوانن بە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا هیچ بەرەوپێشچوونێکی ڕاستەقینە بەدی بێنن. هەروەها سعودیەش دەیەوێت وا دەربکەوێت کە بەرگری لە سوننە دەکات، بەڵام بەرگریکردن لە سوننە پێویستی بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەیە، لەبەر ئەوە ڕەنگە کاریگەری زیاتری سعودیە لەسەر تورکیا بەدی بکەین بۆ هێنانەئارای بیرۆکەی داهێنەرانە. کارێکی زۆر سوودبەخش دەبێت کە رووسیا و ئەمەریکا هێزی ئیجابی بن، بەڵام ئەمەریکا دوودوڵە و رووسیاش هێزێکی ئیجابی نییە، کەواتە ئەگەرچی هێزی دەرەکی پێویستە، بەڵام من ئەوە بەدی ناکەم کە کۆمەڵگەی نێودوڵەتی کردەوەیەکی بوێرانە بگرێتەبەر بۆ سەقامگیرکردنی ناوچەکە.

*** دوا وتەتان چییە؟**

من هیوای خۆشبەختی و سەلامەتی و بەرەوپێشچوونتان بۆ دەخوازم، ئومێد دەکەم دەوڵەتێکی بەهێزی کوردی دروست بێت کە تەرکیز لەسەر برەودان بە خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی بکات، لەبری ئەوەی سەرقاڵ بێت بە بەرگریکردن لە بەرامبەر ئەو کاراکتەرانەی لە دەوروبەرین. ئومێدی من ئەوەیە کوردستان نەك هەر سەربەخۆ بێت، بەڵکو ببێتە نموونەیەکی دیموکراتی بۆ چۆنیەتی دروستکردنی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو و دیموکراتی بێت و بایەخ بە خەڵکەکەی بدات.

**ئەگەرێکی لاواز هەیە کە پێوەندییەکی ئاشتییانە لە نێوان شیعە و سوننەدا بێتەئاراوە، ئەمەش لەگەڵ هەوڵەکانی ئێراندا یەک دەگرێتەوە کە دەیەوێت پێگەی شیعە لە ناوچەکەدا بەهێز بکات**

**کردەوەکانی ئێران بوونەتە هۆی ئاڵۆزترکردنی بارودۆخەکە، ئەگەرچی تێڕوانینی ئێران ئەوەیە کە ئەوان لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان، بەڵام ئەگەری هاتنەدی پێوەندییەکی ئاشتییانە لە نێوان شیعە و سوننەدا بەدی ناکەن، تەنیا ئامادەن پشتیوانی شیعە بکەن و دۆخەکە بەرەو هەڵکشان بەرن**

**ئومێدی من ئەوەیە کوردستان نەک هەر سەربەخۆ بێت، بەڵکو ببێتە نموونەیەکی دیموکراتی بۆ چۆنیەتی دروستکردنی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو و دیموکراتی بێت و بایەخ بە خەڵکەکەی بدات**



**ئارییەل ئەهرام** پسپۆڕی کاروباری نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان ئەگەری ئەوە هەیە دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت

**ئارییەل ئەهرام، توێژەری پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایش و پەرەپێدانە، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خاوەنی کتێبی «شەڕی بەوەکالەت: دەرکەوتن و کەوتنی میلیشیا پاڵپشتیکراوەکان لە لایەن دەوڵەت»ـە. بۆ شرۆڤەکردنی ململانێی هێزە جیهانییە گەورەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رکابەری هێزە ئیقلیمییەکان لە ناوچەکەدا و ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە تێڕوانینەکانی کرد.**

**هەتا سازانێکی نێودەوڵەتی دروست دەبێت سەبارەت بە سەرووەری و مافی چارەنووس، ئەوا کوردستان لە نادڵنیایی و چاوەڕوانیدا دەبێت، خۆی بەڕێوەدەبات، بەڵام دەوڵەتی نابێت**

**ئەسەد مەترسییەکی گەورەیە لەسەر سووریا و گومان لە توندوتیژیەکانی ناکرێت لە دژی دانیشتووانەکەی، بەڵام ناوچەکە بەگشتی چەندین هەڕەشەی دیکەی لە سەر سەقامگیرییەکەی هەیە**

*** ناتوانرێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك بەشێك لە نیزامی جیهانی سەیربکرێت و زلهێزەکان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان سەیری دەکەن، بەڕای تۆ چۆن هاوسەنگیی هێز دروست دەکرێت لە نێو زلهێزەکاندا لە ناوچەکەدا بۆ ئەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێندرێتەوە؟**

- پێموانییە هاوسەنگیی هێز دروست بکرێت بەو شێوەیەی کە لە سەردەمی جەنگی سارددا هەبوو، بەشێوەیەکی بەرچاو رووسیا هێزێکی لاوازە لەچاو ئەمریکادا، هەم لە رووی ئابووری و هەم لە رووی سەربازییەوە، بۆیە تێوەگلانی رووسیا هاوسەنگیی هێز دروست ناکات و رەنگە ناسەقامگیری زیاتر دروست بکات.

*** هاوپەیمانە نەریتییەکانی ئەمریکا وەك سعودیە و تورکیا و ئیسرائیل لە ئێستادا بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکادا لە ناوچەکەدا یەکناگرێتەوە، بۆ نموونە رێککەوتنی ئەم دواییانەی ئەمریکا و ئێران ئەو هاوپەیمانانەی تووڕە کردووە، پێتوا نییە کاتی هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کۆتایی هاتووە؟**

- هەمیشە جیاوازیی بەرژەوەندی هەبووە لە نێوان ئەمریکا وەك زلهێزێکی جیهانی و هێزە هەرێمایەتییەکانی وەك سعودیە و تورکیا و ...تاد، بۆیە پێموایە ویستی هەندێك لە دەوڵەتان بۆ ئەوەی تاکلایەنە هەڵسوکەوت بکەن ئاماژە نییە بەوەی کە چیتر متمانەیان بە ئیلتیزاماتەکانی ئەمریکا نییە لە ناوچەکەدا.

*** هەندێك لە شارەزایان پێیانوایە کە ئەمریکا هیچ بژاردەیەکی تری نەبووە جگە لەوەی ببێتە هاوپەیمانی ئێران سەبارەت بە رێککەوتنی ئەتۆمی، تا چەند رێککەوتنی ئەتۆمی لە نێوان ئەمریکا و ئێران هاوپەیمانەکانی ئەمریکای لە ناوچەکەدا تووڕە کردووە لەبەر ئەوەی نفوزی ئێرانی لە ناوچەکەدا زیاتر کردووە؟**

- ئەو پێوەندییەی نێوان ئەمریکا و ئێران ناوی نانێم هاوپەیمانی، بەڵکو هاوکاریکردنە، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لەم مەسەلەیەدا و ئەمەش شتێکی نوێ نییە، لەساڵی ١٩٩١دا لەماوەی جەنگی یەکەمی کەنداودا ئێران زانیاری دا بە ئەمریکا بۆ لێدانی عێراق، هەروەها لە ماوەی جەنگی ئەفغانستانیشدا لە ساڵی ٢٠٠١دا دووبارە ئێران پاڵپشتی ئەمریکای کردو زانیاری پێدا، لە ئێستاشدا تا ئەوکاتەی ئەمریکا لە گرووپە سوننەکان بدات، ئێران هێزێکی هاوکاریکەری ئەمریکایە. زۆر لەو گرووپانەی کە وەکیلی ئێرانن وەك حوسییەکانی یەمەن و حزبوڵڵای شیعە لە لوبنان و تەنانەت حکومەتی عێراقیش چەند بەرژەوەندی و ئەجێندایەکان هەیە کە لەگەڵ ئێراندا یەك ناگرێتەوە، پێموایە ئەمە بەشێکە لەو گوتارەی کە خراوەتەڕوو بەتایبەتی لەلایەن سعودیەوە بۆ تێگەیشتن لەو دابەشبوونە تایفییەی کە لەڕاستیدا مەسەلەکەی ئاڵۆزتر کردووە.

*** هەندێك جار گوێمان لەوە دەبێت کە نەك هەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو سەرتاپای ناوچەکە شکستیهێناوە، بۆیە ناکرێت بەم سنوورانەی ئێستاوە سەقامگیری بگەڕێندرێتەوە، لەبەرئەوەی جیاوازی و دابەشبوونە تایفییەکان وای لێهاتووە مەحاڵە سوننە و شیعە بتوانن جارێکی دی لەناو هەمان سنووردا پێکەوە بژین، تاچەند دروستکردنی دەوڵەتی نوێ سەقامگیریی بۆ ناوچەکە دەگەڕێنێتەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە و بۆماوەیەکی درێژ بیرم لێکردووەتەوە، لە ئەمریکا پرسیاری زۆر هەیە سەبارەت بە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ژمارەیەکی زۆر دەوڵەت، بەڵام بچووکتر لەخۆبگرێت. چەند گرووپێك هەن کە زۆر نزیکن لەوەی دەوڵەتیان هەبێت، وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژئاوا، داعش، باشووری یەمەن، هەروەها ئەلبارکا لە لیبیا، ئەمانە ئەو گرووپانەن کە هەوڵدەدەن دەوڵەت دروست بکەن و سنوورەکان بگۆڕن، پێموانییە حوسییەکان هێڵی جیاکەرەوە بن، بەڵکو باشووری یەمەن هێڵی جیاکەرەوە دەبێت، بەڵام پێموایە هەموویان ئاواتیان ئەوەیە و هەوڵدەدەن ئیعترافی نێودەوڵەتی و سەروەری بەدەست بێنن لە داهاتوودا، هەندێکیان لەوانەیە بتوانن وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان بن کە لە هەموویان لەپێشترە، هەندێکیان دەوڵەتی دیفاکتۆیان هەیە و بارودۆخیان هاوشێوەی مالدۆڤۆیە لە کۆماری ترانسیستریا، یان جۆرجیا لە باشووری ئۆسێتیا، یان ئەرمینیا لە ناگۆرنۆکەرەباخ کە دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا هەیە و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئیعترافی پێنەکراوە، بەڵام بۆ مەبەستی کرداری وەك دەوڵەتێك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت لەلایەن کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکانەوە، هەرچەندە ئیعترافیشیان پێ نەکراوە. نموونەیەکی دیکە سۆمالیلاندە کە لە سۆمالیا جیابووەوە و هێشتا ئیعترافی نێودەوڵەتی نییە، بۆیە چەندین سنوور هەن بێ ئیعترافی نێودەوڵەتی و پێموایە ئەم سیناریۆیانە زۆرترین ئەگەری ڕوودانیان دەبێت.

*** پێتوانییە کێشەی سەرەکی لە ناوچەکە دابەشبوونی نێوان سوننە و شیعەکان بێت و وڵاتانی هەرێمایەتیش پاڵپشتیان دەکەن، کەواتە چۆن باس لە دیموکراسی و لێبوردەیی و مافی مرۆڤ بکرێت لە ناوچەکەدا؟**

- پێموانییە ناکۆکی تایفیی هەبێت، بەڵکو ناکۆکی هەرێمایەتییە لە خاکە تایفییەکاندا و لە دەرەوەوە جێبەجێدەکرێت، حوسییەکانی یەمەن جۆرێکی جیاوازن و زۆر بە کەمی وەك شیعە سەیردەکرێن و هەتا ئەم ماوانەی دواییش ناکۆکی تایفیی لە یەمەندا نەبووە، هەروەها باوەڕم نییە ئێرانیش ولایەتی فەقیە بنێرێتە دەرەوە و لە لوبنان و عێراق جێبەجێی بکات، بەڵکو هاوپەیمانی دروستدەکات، تەنانەت سیستەمی کۆماری ئیسلامیش چیتر ئەو کۆمارە نییە کە دەبوایە ببێت، بۆیە پێموایە ڕاستە ناکۆکی هەیە لە لوبنان و عێراق و یەمەن و بەگشتی لە ناوچەکەدا، بەڵام وا پیشاندەدرێت کە تایفییە، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئامانجی سیاسییە.

*** وەك دەزانی دابەزینی نرخی نەوت کاریگەری خراپی کردووەتە سەر ئابوری وڵاتانی ناوچەکە و وایکردووە خەڵکێکی زۆر بەرەو ئەورووپا کۆچ بکەن، سەرەڕای ناسەقامگیری و پشێوییەکان، کەواتە چۆن بارودۆخەکە دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت؟**

- پرسی نەوت زۆر ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی کاریگەری لە سەر زۆر وڵات هەیە بە ڕێگەی جیاواز، ڕووسیاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە زیان دەکات، بەڵام بەگشتی باشە بۆ سەقامگیری لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی سعودیە و ئێران و ڕووسیا ناچار دەکات بە سەرکێشییە سەربازییەکانیاندا لە دەرەوەدا بچنەوە و لە ماوەیەکی کورتخایەنیشدا دەرئەنجامی خراپی دەبێت لەسەریان، بەڵام بەگشتی بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات.

*** تاچەند مانەوەی ڕژێمی ئەسەد مەترسییە نەك بۆ ئاشتی ناوچەکە، بەڵکو بۆ ئاشتی جیهانیش؟**

- پێموایە ئەسەد مەترسییەکی گەورەیە لەسەر سووریا و گومان لە توندوتیژییەکانی ناکرێت لە دژی دانیشتووانەکەی، بەڵام ناوچەکە بەگشتی چەندین هەڕەشەی دیکەی لە سەر سەقامگیرییەکەی هەیە، بۆیە مانەوە و نەمانەوەی ئەسەد گرنگ نییە، بەڵکو ڕێگەی تر هەیە بۆ سەقامگیری کە ئەسەدی تێدا نەبێت، ڕێگە هەیە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەوەی ئەسەد لە دیمەشق، یان ناوچەیەك بمێنێتەوە و دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی تردا نەبێت، ئەمەش ڕەنگە بە شەرعییەتدانی ڕۆژئاوا بێت، یان دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕی ڕادیکاڵ، یان دابەشکردنی سووریا، بەڵام ئەمانە دەتوانرێت بکرێت بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا، بۆیە پێموایە یەکێك لەو شتانەی هەیە، شکستی وێنای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە سەبارەت بە چارەسەری کێشەی سووریا.

*** سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە عێراقدا ڕات چییە؟**

ئەو خەڵکەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەژین، پێویستە گۆڕانکاری کەم بکەن، بەڵام داوای گۆڕانکاریکردن لە یاسا و نۆڕمە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە مافی چارەنووس بکەن. هەتا سازانێکی نێودەوڵەتی دروست دەبێت سەبارەت بە سەروەری و مافی چارەنووس، ئەوا کوردستان لە نادڵنیایی و چاوەڕوانیدا دەبێت، خۆی بەڕێوەدەبات، بەڵام دەوڵەتی نابێت.

**لە ساڵی ١٩٩١دا لەماوەی جەنگی یەکەمی کەنداودا ئێران زانیاری دا بە ئەمریکا بۆ لێدانی عێراق، هەروەها لە ماوەی جەنگی ئەفغانستانیشدا لە ساڵی ٢٠٠١دا دووبارە ئێران پاڵپشتی ئەمریکای کردو زانیاری پێدا، لە ئێستاشدا تا ئەوکاتەی ئەمریکا لە گرووپە سوننەکان بدات، ئێران هێزێکی هاوکاریکەری ئەمریکایە**

**بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووسیا هێزێکی لاوازە لەچاو ئەمریکادا، هەم لە ڕووی ئابووری و هەم لە ڕووی سەربازییەوە، بۆیە تێوەگلانی ڕووسیا هاوسەنگیی هێز دروست ناکات و ڕەنگە ناسەقامگیری زیاتر دروست بکات**




# ئازادکرنی موسڵ کۆتایی گەمەی داعش و دەستپێکی گەمەیەکی دیکە

بەپێی ئەو بایەخە بێت کە میدیاکانی جیهان بە پرۆسەی ئازادکردنی شاری موسڵ-ی دەدەن و ئەو کۆبوونەوە بەردەوامانەی کە رۆژانە لە نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و باڵیۆز و فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستان گرێدەرێت، هەروەها بە بوونی هەماهەنگیی تەواو لە نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی وەتەنی سوننە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، پلانی سەربازی بۆ ئازادکردنەوەی ناو شاری موسڵ ئامادەکراوە و لایەنە پێوەندیدار و هاوپەیمانەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە لە ئامادەباشییەکی بەرچاودان و دیارە بە ئازادکردنەوەی ناو شاری موسڵیش ئیدی چەکدارانی داعش هیچ شوێنێکیان لە ناو عێراقدا بەدەستەوە نامێنێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئازادکردنەوەی موسڵ وەك شاری رومادی و تکریت ئاسان دەبێت، یان ئەم شارە تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیا لە پلانی سەربازی پێویستی بە پلانی دیکەی سیاسی، هەروەها دووبارە گێڕانەوەی دانیشتووانی ئەو شارە هەیە بۆ ناو شارەکە؟ لەمەش زیاتر ئایا لە دوای ئازادکردنەوەی موسڵ شەڕ و ئاژاوە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو شارە روونادات، ئەگەر ئەم مەترسییە لە ئارادا بێت، ئایا چ پلانێك ئامادەکراوە بۆ ئەوەی ئەم شەڕ و ئاژاوەیە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان روونەدات؟

دیارە لە نێو ئەم هەموو پرسیارانەی سەبارەت بە ئازادکردنەوەی ناو شاری موسڵ لە ژێر دەستی داعش دێتەئاراوە، دیدی لایەنی کوردستانی بۆ موسڵ وەك پارێزگای نەینەوا لەگەڵ موسڵ وەك ناو شاری موسڵ دیدێکی جیاوازە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای موسڵ چ لە باکوورەوە، یان باشوور، یان رۆژئاوا، یان رۆژهەڵات، نزیکەی هەموو ناوچەکان لەسەر دەستی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان ئازاد کراون، هەروەها بەشێکیش لە ناوچەی کریستیانەکان کە ئەوانیش هەر بەشێکن لە جوگرافیای کوردستان ئازادکراون، بۆیە لەم راستەوە ئەو بەشەی لە پارێزگای نەینەوا دەکەوێتە ناو جوگرافیای کوردستان و پێشتر پێیان دەگوت ئەو ناوچانەی کە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق چارەسەریان دەکات، هەموویان ئازادکراون، بەڵام لەناو شاری موسڵیشدا پێکهاتەی کوردستانیی دیکە وەك کریستیان و کورد و کوردی شەبەك و ئێزیدی بوونیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعش-ەوە ئەوا بەشی هەرە زۆری کورد و کوردی شەبەك و ئێزیدی و کریستیانەکان لەو شارە دەرکراون و خۆیان بەناچاری روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەها تورکمانەکانیش بەتایبەتی شیعەکان ئەوانیش لە ترسی داعش ناوچەکانی خۆیان چۆڵکردووە و یان ئەوەتا روویان کردۆتە هەرێمی کوردستان، یان لە رێی کورستانەوە چوونەتە باشوور و ناوەڕاستی عێراق، بۆیە لەگەڵ ئەوەی موسڵ دووەمین شاری گەورەیە دوای بەغدا لە عێراقدا و شارێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینە، بەڵام لە ماوەی نزیکەی دوو ساڵی رابردوو، بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم مۆزائیکە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازە کاڵ بۆتەوە و زیاتر سیمایەکی عەرەبی سوننە باڵی بەسەر ناوشاری موسڵدا کێشاوە. ئەمەش جۆرێك لە هەستیاری بە پرۆسەی سەربازی ئازادکردنەوەی ناوشاری موسڵداوە و ترسی ئەوە هەیە چوونە ناوەوەی هێزی هەر پێکهاتەیەکی دیکەی عێراق، جگە لەو هێزەی عەرەبی سوننە کە پێی دەڵێن حەشدی وەتەنی، جۆرێك لە هەستیاری و ئاڵۆزی مەزهەبی و نەتەوەیی دروست بکات و چەکدارانی داعشیش ئەم هەستە بقۆزنەوە و شەڕەکە لە شەڕی ئازادکردنی ناوی شاری موسڵەوە بگۆڕن بۆ شەڕی نێوان شیعە و سوننە، یان شەڕی نێوان کورد و عەرەب.

سەبارەت بەم لایەنە هەستیار و ئاڵۆزە، کەریم شنگالی وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بەوەکالەت لە کۆڕێکدا لە سەنتەری بەرگریکردن دیموکراتی (FDD) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە هەر چوار لایەنی سنووری شاری موسڵەوە بەشداری پرۆسەی ئازادکردنەوەی شاری موسڵ دەکەن، بەڵام پێشمەرگە ناچێتە ناو شاری موسڵ، بۆ ئەوەی جۆرێك لە هەستیاری، یان شەڕی نێوان کورد و عەرەب دروست نەبێت، یان داعش ئەو فرسەتە نەقۆزێتەوە و بیکات بەشەڕی نێوان کورد و عەرەب، هەر بۆیە وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بەوجۆرە باسی پلانی هاوبەشی بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ کرد، بەوەی باشترە تەنیا هێزی عەرەبی سوننە بەشداری بکەن بۆ ئەوەی هیچ شێوەیەکی هەستیاری دروست نەبێت.

## • تێکشکانی سەربازییانەی داعش کۆتایی داعش نییە

چاودێرانی سیاسی لە سەر رەوشی عێراق و چۆنیەتی سەرهەڵدانی داعش، بەوجۆرە لە رووی سیاسییەوە سەیری دیاردەی داعش دەکەن، کە داعش خودی نەخۆشییەکە نییە، بەڵکو یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی نەخۆشیی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا و ئەگەر هەوڵنەدرێت خودی نەخۆشییەکە چارەسەر بکرێت، ئەوا ئەم داعشەش لەناو ببرێت، داعشێکی دیکە بە فۆرم و شێوازێکی دیکە دووبارە دروست دەبێتەوە، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ توانی لە چوارچێوەی پرۆسەی ناردنی بەپەلەی هێز

**ناکرێت بیر لە سیستمی فیدراڵی لەگەڵ شیعەی عێراق بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی شیعەی عێراق بڕوای تەواوی بە خۆفەرزکردن و خۆسەپاندن هەیە، نەک پێکەوەژیان لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵیدا**

**دەبێت بە دوای بەدیلی چارەسەرێکی دیکەدا بگەڕێین کە کێشەکە لە ریشەوە چارەسەر بکات، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتێکە هاوشانی دەوڵەتی کوردستان بۆ عەرەبی سوننەی عێراق بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەقامگیری و تەناهی بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە**

**لەو کاتەوەی میلیشیای حەشدی شەعبی دروست بووە و ئەم میلیشیایە کە لە ژێر کاریگەری ئێراندایە، ئەوا نەک هەر لە عێراق، بەڵکو لە سووریا و لوبنان و یەمەن-یش، پێڕەوی جۆرێک لە ئایدیۆلۆژیای شیعەگەرایی بە ناوی بەرگریکردن لە شیعە دەکەن**

بۆ عێراق و چەکدارکردنی هۆزەکانی عەرەبی سوننە، گورزێکی باش لە ڕێکخراوی قاعیدەی عێراق بوەشێنێت و تێکیان بشکێنێت و چەکدارەکانی قاعیدە ناچار بن بگەڕێنەوە بۆ سووریا و سووریاش ڕەوانەی لوبنان و فەلەستینیان بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی دوای سەرکەوتن و تێکشکاندنی ئەلقاعیدە، پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەو ئاستە کارا نەکرایەوە کە عەرەبی سوننە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان تێکەڵاوی پرۆسەی سیاسی عێراق بکەن، هەروەها لەبەر ئەوەی نوری مالیکی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ بە تەواوەتی کەوتە سەرکوتکردنی عەرەبی و دوورخستنەوەیان لە پرۆسەی سیاسی و وەڵامدانەوەی خراپ و دڕندانەی لە دژی خۆپیشاندانی شارە سوننەکان کە داوای خزمەتگوزاری سەرەکییان دەکرد، ئەمە وایکرد فۆرمێکی تازەی ڕێکخراوی تیرۆریستی و ترسناکتر لە ئەلقاعیدە بە ناوی داعشەوە لە عێراقدا دروست ببێت، بۆیە هەموو ئەو چاودێرانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەگەر هاوشانی ئەو پلانە سەربازییەی بۆ ئازادکردنەوەی ناوشاری موسڵ داڕێژراوە، پلانێکیش بۆ پرۆسەی سیاسی و هەروەها پلانێك بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شاری موسڵ نەبێت، دوای ئازادکردنەوەی لەدەستی داعش، ئەوا دەبێتە سەرەتای دروستبوونەوەی گروپێکی دیکە لە فۆرم و ناوێکی جیاواز و هەرگیز سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت.

سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پارێزگای نەینەواش لەگەڵ کورد، دیارە وەك ئاکامی هەموو هەڵبژاردنەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەریخستووە بە تەنیا کورد لە موسڵدا سێ یەکی دانیشتووانی ئەو پاریزگایە پێکدەهێنن و هەروەها بەشێکی زۆری ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان دەکەونە سنووری پارێزگای موسڵەوە، بۆیە لەم لایەنەشەوە، گرنگە هەماهەنگی و هاوکاریی گرنگ لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگای نەینەوا دوای ئازادکردنی لەدەستی داعش بێتەئاراوە، بۆ ئەوەی هەم کورد وەك پێکهاتەی دووەم و سەرەکی دوای عەرەب لەو پارێزگایە بەشدارییەکی کارای هەبێت لە بەڕێوەبردنی ئەو شارە، و هەم هەوڵێکی هاوبەشیش هەبێت بۆ ئەوەی ئەو ناوچە دابڕێنراوانە بە شێوەیەکی یاسایی بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

### • مەترسیی حەشدی شەعبی و ئاوارەبوونی دانیشتووانی موسڵ

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی پرۆسەی ئازادکردنی ناوشاری موسڵ، ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵکانەی موسڵ کە لە ژێر دەستی داعشن و فرسەتی هەڵاتنیان بۆ هەڵدەکەوێت، لە شارەکە هەڵدێن و ڕوودەکەنە ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستی پێشمەرگەدان، دانیشتووانی عەرەبی سوننەی موسڵ لەبەر ئەوەی دیمەنە ناخۆش و کارەساتبارەکانی ئازادکردنەوەی هەر دوو شاری (ڕومادی و تکریت)-یان بینیوە، هەروەها بینیویانە چۆن هێزەکانی حەشدی شەعبی —شیعە- مامەڵە لەگەڵ پیاو ژن و منداڵی سوننەی ئەو شارانە دەکەن، لە ئێستاشدا ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە هەمان کارەساتیان بەسەردا دووبارە ببێتەوە، بۆیە لە ئێستاوە مشوری خۆیان دەخۆن و ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو خەڵکەی کە ئێستا فرسەتی بۆ هەڵناکەوێت و لە ترسی چەکدارانی داعش لەناو شارەکە دەمێنێتەوە، هەتا پرۆسە سەربازییەکە دەستپێدەکات، دەبێت چی بکەن؟ بێگومان هەموو چاودێران پێشبینی ئەوە دەکەن لە تێکچوونی بارودۆخەکە و شکانی تیرۆریستانی داعش شاڵاوێکی گەورەی ئاوارە لە موسڵەوە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات، هەندێك پێشبینی ئەوە دەکەن کە نزیکەی نیو ملیۆن هاووڵاتی دیکە ئاوارە بن و ڕوو بکەنە هەرێمی کوردستان، لەم لایەنەوە کوردستان هەموو کات دەرگای واڵا بووە بۆ هەموو ئاوارەیەك، ئەوجا کورد بووبێت، یان تورکمان، یان کریستیان، یان عەرەبی شیعە، یان سوننە، واقیعی ئێستای کوردستانیش کە پێشوازی لە هەموو پێکهاتەکان کردووە، شایەتی ئەو ڕاستییەن، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، لە ئێستادا کە کوردستان بەدەست قەیرانێکی گەورەی ئابوورییەوە دەناڵێنێت و زیاتر لە ١,٨ ملیۆن ئاوارەی لەخۆ گرتووە، ئەگەر ٥٠٠ هەزار ئاوارەی دیکە لە موسڵەوە ڕووبکەنە هەرێمی کوردستان، ئایا تاچەند هاوپەیمانی نیودەوڵەتی و دەوڵەتی عێراق ئامادەن هاوکاری هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی بتوانیت ئەو ئاوارانە دووچاری کارەساتی سەختر نەبن؟ سەبارەت بە ئامادەباشی بۆ ئەم لایەنە، پێشوەختە هەڵوێستی حکومەتی بەغدا ئاشکرایە کە هیچ یارمەتییەکی هەرێمی کوردستان لەو بارەوە نادات، هەروەك چۆن پێشتریش بۆ ١,٨ ملیۆن ئاوارەکەی دیکەش، تەنانەت وەك دەوڵەتێکی دراوسێش هاوکاری کوردستانی نەکردووە، بۆیە لەسەر ئەم پاشخانە نەرێنییەی هەڵویستی حکومەتی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، پێشبینی هەڵوێستێکی باشتر لە حکومەتی بەغدا ناکرێت، بۆیە لەم لایەنەوە پرسیاری سەرەکی ڕووبەڕووی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئەندامی لە هاوپەیمانی دژی داعش دەبێتەوە، بەوەی ئایا ئەوان تا چ ڕادەیەك ئەم پرسە بە جددی وەردەگرن و تاچەند ڕاستەوخۆ و بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بەغدا هاوکاری هەرێمی کوردستان دەکەن؟ سەبارەت بەم لایەنە ئێستا شاندێکی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکایە بۆ ئەوەی هەم لەگەڵ ئەمریکا و هەم لەگەڵ سندوقی نەختی نیودەوڵەتی ئەو باسە تاوتوێ بکەن و بەپێی قسەکانی جێگری سەرۆك

**میلیشیای حەشدی شەعبی هەموو عەرەبی سوننە لە چوارچێوەی داعش وێنا دەکەن و وەک داعش سەیریان دەکەن، ئەمەش کارێکی کردووە کە هەر شارێک ئازاد دەکرێت، مامەڵەیەکی زۆر خراپ لەگەڵ ئەو خەڵکە سوننەیەدا بکەن کە دوای نەمانی چەکدارانی داعش لە شارەکە دەکەونە دەستی چەکدارانی حەشدی شەعبی**

**ئەو سیاسەتە شیعەگەرایەی هەموو لایەنە شیعەکان لە بەغدا پیادەی دەکەن، بواری ئەوەی نەهێشتۆتەوە جارێکی دیکە عەرەبی سوننە بیر لەوە بکاتەوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە لەگەڵ عەرەبی شیعە بژی**

وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە کۆڕێکی هاوبەشی سەنتەری USبۆ ئاشتی و سەنتەر وۆردو ولسن رایگەیاند، تا رادەیەك وەڵامی ئەرێنییان گوێ لێ بووە، ئەگەر هەر شتێك بۆ عێراق بکەن، پشکی هەرێمی کوردستانی تێدا دەبێت، بەڵام هەتا ئێستا ساخ نەبۆتەوە ئایا ئەو پشکەی کوردستان لە رێگەی بەغداوە دەنێردرێت، یان راستەوخۆ دەدرێتە هەرێمی کوردستان.


**• جارێکی دیکە عەرەبی سوننە لەگەڵ حکومەتێکی شیعەدا ناژی**

ئەو سیاسەتە شیعەگەرایەی هەموو لایەنە شیعیەکان لە بەغدا پیادەی دەکەن، بواری ئەوەی نەهێشتۆتەوە جارێکی دیکە عەرەبی سوننە بیر لەوە بکاتەوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە لەگەڵ عەرەبی شیعە بژی. باڵیۆز رایان کرۆکەر کە پێشتر باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە عێراق و ئێستا سەرۆکایەتی گروپێکی ئەکادیمی دەکات بۆ ئەوەی راپۆرتێك سەبارەت بە ئایندەی عێراق بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا ئامادەبکات، لە پەنێڵێکدا ئاماژە بەوە دەکات، ئەوەی ئێستا بە سەر عەرەبی سوننەی عێراق دێت، سیاسەتی تۆڵەکردنەوەی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێرانە، کە ئێستا ئێران دەیەوێت تۆڵەی ئەو کاتە لە عەرەبی سوننەی عێراق بکاتەوە، ئەم بۆچوونە ئەگەر گومانی ئەوەشی لەسەر بێت کە بە تەواوەتی راست نییە، بەڵام لەو کاتەوەی میلیشیای حەشدی شەعبی دروست بووە و ئەم میلیشیایە کە لە ژێر کاریگەری ئێراندایە، ئەوا نەك هەر لە عێراق، بەڵکو لە سووریا و لوبنان و یەمەن-یش، پێڕەوی جۆرێك لە ئایدیۆلۆژیای شیعەگەرایی بە ناوی بەرگریکردن لە شیعە دەکەن و هەموو عەرەبی سوننە لە چوارچێوەی داعش وێنا دەکەن و وەك داعش سەیریان دەکەن، ئەمەش کارێکی کردووە کە هەر شارێك ئازاد دەکرێت، مامەڵەیەکی زۆر خراپ لەگەڵ ئەو خەڵکە سوننەیەدا بکەن کە دوای نەمانی چەکدارانی داعش لە شارەکە دەکەونە دەستی چەکدارانی حەشدی شەعبی.

لێرەوە ئەم ئاراستەیە یان ئەو رووداوانەی رابردوو ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، کە زامی تەنگژەی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە هێندە قووڵ بۆتەوە، پێویستی بەوەیە ئەو دوو تایفەیە لێکجیابکرێنەوە، ئەگەر لە هەر شوێنێك هەر لایەکیان بکەوێتە دەستی هێزی لایەنەکەی دیکە، ئەوا کۆمەڵکوژی و پاکتاوی رەگەزی دژی یەکتری پیادە دەکەن، ئەمەش وایکردووە بەشی زۆری سیاسەتمەدار و دیپلۆمات و توێژەران بگەنە ئەو قەناعەتەی کە تێکشکانی سەربازی تیرۆریستانی داعش نابێتە هۆکاری چارەسەرکردنی کێشەکە و گەڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە و دووبارە نیشتەجێکردنەوەی هاووڵاتیانی عەرەبی سوننە لە دەڤەرەکانی خۆیان، هەر بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەم پرسە پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسی و ریشەیی هەیە، ئەم چارەسەرە سیاسییە ریشەییەش لە ئێستا و هێندەی دەستووری عێراقی بوار بدات، لە چوارچێوەی دروستکردنی هەرێمێکی فیدراڵی بۆ عەرەبی سوننە بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێدەکرێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا بە بوونی هەرێمێکی فیدراڵی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بوون؟ ئایا دەسەڵاتدارانی شیعە لە بەغدا پابەند دەبن بەوەی مامەڵەیەکی دروست لە چوارچێوەی دەستووری عێراق و لە سەر بنەمای ئەو دەستوورە داهات و دەسەڵات لەگەڵ هەرێمی فیدراڵی سوننە دابەش بکەن؟ یان ئایا دەسەڵاتدارانی شیعە لە بەغدا ئامادەن وەك وڵاتی بەلجیکا پایتەختی وڵاتەکەیان وەك هەرێمێکی فیدراڵی رێکبخەنەوە و کورد و شیعە و سوننە پێکەوە بەغدا بەڕێوەبەرن، لەبەر ئەوەی بەغدا گەورەترین شاری شیعە و گەورەترین شاری سوننە و گەورەترین شاری کوردە؟ دیارە ئەزموونی چەند ساڵەی حکومەتی ناوەندی بەغدا لە چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات و داهات لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پشتگوێخستنی یاسای نەوت و گازی حکومەتی فیدراڵی و هەروەها شێوازی پێکهێنانی سوپا و هێزی ئاسمانی و شاندە دیپلۆماتەکان، ئەو راستییە دەسەلمێنن کە بونیادی فیدراڵی لەگەڵ ئەقڵی سیاسیی شیعەگەرایی و بیرکردنەوەی حزب و لایەنە شیعەکانی عێراق بە شێوەیەك کاریگەرە بە شێوازی سیاسەت و تێڕوانینی ئێران بۆ شیعەگەرایی و عەرەبی شیعەی عێراقیش هەمان بیرکردنەوەی ئێرانیان هەیە و دەیانەوێت نەك پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق، بەڵکو تەواوی دەوڵەت و هەموو داهات و سەرچاوەکانی عێراق بخەنە خزمەتی مەدی شیعەگەرایی و دروستکردنی بازنەی شیعی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەر بۆیە کە ئەم سیاسەتە ئێستا پێش هەر لایەکی دیکە بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بێجگە لە شیعە بە تەواوەتی روون بۆتەوە، بەوەی ناشێ و ناکرێت بیر لە سیستمی فیدراڵی لەگەڵ شیعەی عێراق بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی شیعەی عێراق بڕوای تەواوی بە خۆ فەرزکردن و خۆسەپاندن هەیە، نەك پێکەوەژیان لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵیدا، بۆیە دەبێت بە دوای بەدیلی چارەسەرێکی دیکەدا بگەڕێن کە کێشەکە لە ریشەوە چارەسەر بکات، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتێکە هاوشانی دەوڵەتی کوردستان بۆ عەرەبی سوننەی عێراق بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەقامگیری و تەناهی بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە، بە پێچەوانەشەوە هەر رێگەیەکی دیکە تاقی بکرێتەوە، دەبێتە دووبارە خولانەوە لەناو بازنەی شەڕ و ئاژاوە و خوێنڕشتنێکی بێ کۆتایی بۆ هەموو لایەك.

**کوردستان هەموو کات دەرگای واڵا بووە بۆ هەموو ئاوارەیەک، ئەوجا کورد بوویێت، یان تورکمان، یان کریستیان، یان عەرەبی شیعە، یان سوننە، واقیعی ئێستای کوردستانیش کە پێشوازی لە هەموو پێکهاتەکان کردووە، شایەتی ئەو راستییەن**

**دانیشتووانی عەرەبی سوننەی موسڵ لەبەر ئەوەی دیمەنە ناخۆش و کارەساتبارەکانی ئازادکردنەوەی هەر دوو شاری (رومادی و تکریت)-یان بینیوە، کە چۆن هێزەکانی حەشدی شەعبی مامەڵە لەگەڵ پیاو ژن و منداڵی سوننەی ئەو شارانە دەکەن، لە ئێستاشدا ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە هەمان کارەساتیان بەسەردا دووبارە ببێتەوە، بۆیە لە ئێستاوە مشوری خۆیان دەخۆن و روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن**



ئەلئەب جبرائیل گورگیس تۆما

سەرۆکی دێری حەزرەتی مەریەم و رەبان هورمزد بۆ گوڵان:

# پێکەوەژیان و یەکرپیزی نێوان پێکهاتەکان رێگەی راستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە کە بارزانی نەخشەی بۆ دارشتووە

**تاکە زەمانەتی پاراستنی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە دەگەرێنەوە دەشتی نەینەوا هێزی پێشمەرگە و دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارامی نێودەوڵەتییە**

**لە ساڵی ٢٠٠٣وە زیاتر لە ملیۆنێك كریستیان لە بەغدا و بەسرە و موسڵ كۆچیان بۆ هەرێمی كوردستان و توركیا و لوبنان و ئوردن و وڵاتانی ڕۆژئاوا كردووە، ئەمەش دوای ئەوەی بە دەیان پیاوی ئایینی و خەڵكی مەدەنی ئەو پێكهاتەیە ڕووبەڕووی ڕفاندن و كوشتن بوونەتەوە، هەر بۆیە كریستیانەكان بە هاوشێوەی زۆربەی پێكهاتەكانی دیكەی عێراق بە بێ ئومێدی سەیری داهاتووی وڵاتێك دەكەن كە نغرۆی شەڕی تائیفی و توندوتیژی بووەتەوە، ئەوان پێیانوایە ئەجینداییەكی گەورە و پیلانێكی داڕێژراو لە دژیان ئەنجام دەدرێت، تاوەكو عێراق لە پێكهاتە ڕەسەنەكانی بەتاڵ بكرێتەوە، لەمەشدا نەك تەنیا گروپە توندڕەوەكان و ئەلقاعیدە و داعش تۆمەتبار دەكەن، بەڵكو زۆر لە حزبە سیاسییەكان و حكومەتی عێراق و تەنانەت وڵاتانی ڕۆژئاواش بە كەمتەرخەم دەزانن. ئەلئەب جبرائیل گورگیس تۆما سەرۆكی دێری حەزرەتی مەریەم و ڕەبان هورمزد لە ئەلقوش لە وەڵامی چەند پرسیارێكی گوڵان-دا ئاماژەی بە دۆخی كریستیانەكان و چەند بابەتێكی پێوەندیدار كرد، لێرەدا پوختەی وەڵامەكانی بڵاودەكەینەوە.**

*** دەكرێت بزانین ئێستا دۆخی كریستیانەكان لە بەغدا و شارەكانی خواروو، یان ناوەڕاستی عێراق چۆنە، بەتایبەتی دوای ئەوەی داعش كۆنترۆڵی شاری موسڵ و دەشتی نەینەوای كرد و تەواوی خێزانە كریستیانەكانی لەو ناوچانە دەركرد و ڕوویان لەهەرێمی كوردستان كرد؟**

- كۆمەڵكوژی و دەركردنی كریستیانەكان مێژوویەكی كۆنی هەیە و بەستراوەتەوە بە زنجیرەیەك كاری خوێناوییەوە، هاتنی داعشیش دوا ئەڵقەی ئەم مێژووە خوێناوییەی تەواو كرد. دەكرێت لێرەدا بپرسین ئەمڕۆ كریستیانەكان لە وڵاتانی كەنداو و باكووری ئەفریقیا و توركیا و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە كوێن؟ لە كاتێكدا ئێمە پێكهاتەیەكی ڕەسەنی ناوچەكە بووین، لە عێراق خاوەنی شارستانیەتەكانی ئۆركلدانی و سۆمەر و ئەكەد و بابلی بووین، كە بەردی سەر شوێنەوارە دێرینەكانی ناوچەكە شاهیدیمان بۆ دەدات، بەو پێیەی ئیسلام ئایینێكی ئاسمانییە و وەكو ئێمە بڕوایان بە خودایە لە زەمەنی هاتنی موسڵمانەكان بۆ ئێرە لە سەردەمی عەباسییەكاندا ڕووبەڕووی لەشكرەكانیان نەبووینەوە، تەنانەت دەیان كتێبی یۆنانیمان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕا و زۆربەی زانایان و پزیشك و شارەزایانمان لە دەوڵەتی هارونە ڕەشید لە ناو (بيت الحكمة) كاریان كردووە، لە شەڕی قادسیە دەرگامان بۆ ئیسلام كردەوە لە دژی ئیمپراتۆریەتی فارسی، بەڵام لە دوای ئەم مێژووەوە زۆر لە خەلیفەكان و كەسایەتییەكان لە دژمان ڕاوەستان و ناویان بردین بە (اهل الذمة) لە كاتێكدا ئێمە (اهل البيت و اهل البلد) بووین. لە عێراقیش لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە ئاكامی ململانێ سیاسییەكان و كاری توندوتیژی و بڵاوبوونەوەی بیری توندڕەوی بەئاشكرا دژایەتی كریستیانەكان كراوە و دەیان پیاوی ئایینی و خەڵكی مەدەنی ناو پێكهاتەی كریستیان كراونەتە ئامانج، ڕفاندن و كوشتنی پیاوانی ئایینی وەكو فەرەج ڕەحۆ لە موسڵ و مەتران مینا ڕغید و مینا پۆڵس، ئەمە جگە لە تەقاندنەوەی كەنیسەكان وەكو كەنیسەی (سيدة نجاة) لە بەغدا، شێواندنی شوێنەوار و مێژووی كریستیانەكانیش ڕاستی قسەكانم دەردەخات، ئەم ڕووداو و كارەساتە یەك لە دوای یەكانە وایكردووە ٩٠٪ی كریستیانەكان لە بەغدا و بەسرا و شارەكانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق كۆچ بكەن، بەهاتنی داعش بۆ شاری موسڵ و دەشتی نەینەوا تەواوی ئەجیندای دەركردن و چۆڵپێكردنی كریستیانەكان لەعێراق جێبەجێكرا، بەمەش نەك تەنیا كریستیانەكان زیانیان بەركەوت، بەڵكو تەواوی خەڵكی عێراق زیانمەند بوون بە چۆڵپێكردنی وڵاتەكە لە پێكهاتەیەكی گرنگ كە بە بەردەوامی سەرقاڵی خزمەتكردن بوون لە بوارەكانی خزمەتگوزاری و پزیشكی و خوێندن و هونەر و ئاوەدانكردنەوە، لەناو كریستیانەكان سەدان خاوەن بڕوانامەی بەرز هەن كە لە زانكۆ پێشكەوتووەكانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریكا و كەنەدا بەدەستیانهێناوە، خەسڵەتی ئاشتیخوازی مۆركی كەسایەتی كریستیانە، هەر بۆیە بۆ كوێ بچن ئاوەدانی دەكەنەوە. بەڵام لەم ناوچەیەدا تەنیا دەرگایەكی ئارام و بە سۆز كە لە ڕووی كریستیانەكان دانەخرا، هەرێمی كوردستان بوو كە سەرۆك بارزانی و خەڵكی كوردستان و هەموو حزبە سیاسییەكانی ئەم هەرێمە ڕۆڵی مێژوویی خۆیان گێڕاوە و سەلماندیان كە هەرێمی كوردستان لە ناوچەكەدا تاكە شوێنێكە بۆ پێكەوەژیان و خەڵكەكەی خاوەنی كەلتووری لێبووردەییین، بەڵام سەرەڕای ئەو گەمارۆ ئابوورییەی بەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستاندا سەپێنراوە، هێشتا بەپێی توانا دەستی هاوكاری و یارمەتی بۆ خێزانە ئاوارەكان درێژ كردووە.

*** وەك ئاماژەت پێكرد هەرێمی كوردستان پێگەیەكە بۆ پێكەوەژیان و لێبووردەیی؛ ئایا چۆن بتوانین لەم دۆخە ئاڵۆزەدا ئەم كەلتوورە بپارێزین و گەشەی پێبدەین؟**

**كاتێک بەڕێز مسعود بارزانی سەردانی ڤاتیکانی کرد، وەک سەرۆک دەوڵەتێک پێشوازی لێکرا، لە تێڕوانینی ڤاتیکاندا هەڵوێست و بوێری بارزانی ڕوون و ئاشکرایە، ئەو بەبێ جیاوازی پارێزگاری لەکریستیان و هەموو پێکهاتەکانی تری کوردستان و عێراق دەکات**

**لەچەندین بۆنەدا لە نزیکەوە گوێبیستی بەڕێز مسعود بارزانی بووم کە داوای لێکردووین وڵاتی خۆمان بەجێنەهێڵین، بەڕێزیان سەرەڕای هەموو ئەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی بۆتەوە هیچ دوودڵییەکی نەنواندووە لەبەرامبەر پاراستن و پێشکەشکردنی دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ کریستیانەکان**

- مێژووی نێوان کوردی موسڵمان و کریستیانەکان پڕیەتی لە برایەتی و پێکەوەژیان و لەسەر ئەم خاکە قوربانییەکی زۆریان داوە، ئەمەش بۆ فکری مستەفا بارزانی ڕێبەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان دەگەڕێتەوە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول کریستیانەکان شانبەشانی برا کوردە موسڵمانەکانیان لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا هاوبەش بوون و قوربانی زۆریان داوە، هرمز مەلەك چەکۆ شەهیدی شۆڕشی ئەیلوول یەکێکە لە دەیان شەهیدی کریستیانەکان، ئەمڕۆ ئەو فکرە لەسەر دەستی سەرۆك مسعود بارزانی بەردەوامی هەیە و لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە پاڵپشتی لەو فکرە دەکرێت، لەچەندین بۆنەدا لە نزیکەوە گوێبیستی بەڕێز مسعود بارزانی بووم کە داوای لێکردووین وڵاتی خۆمان بەجێنەهێڵین، بەڕێزیان سەرەڕای هەموو ئەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی بۆتەوە هیچ دوودڵییەکی نەنواندووە لەبەرامبەر پاراستن و پێشکەشکردنی دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ کریستیانەکان، مسعود بارزانی کریستیانەکانی خۆش دەوێت و ڕۆحی پێکەوەژیان و لێبووردەیی دەپارێزێت، لەکاتێکدا زۆر لە حزبەکانی کوردستان لە ململانێیەکی توندان و هەیانە دەیانەوێت دوور لە دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردستانی زیان بە گیانی دیموکراتی و ئازادی لەم هەرێمە بگەیەنن، بێ ئەوەی گوێبدەن بەوەی کورد دوژمنێکی زۆری لەناوچەکەدا هەیە. ئەوان دەزانن پاڵپشتی و هاوکاری ڕۆژئاوا بۆ پێشمەرگەو کوردەکان بۆ ئەو کەلتوور و پێگەیە دەگەڕێتەوە کە کوردستان لە بواری پێکەوەژیان پێی ناسراوە، کریستیانەکانیش لە ڕێگەی پیاوانی ئایینی و کەسایەتییەکانیانەوە توانیویانە ئەم واقیعە بگەیەننە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هانی ڕۆژئاوا بدەن بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە و پاراستنی کوردستان. پاراستنی کەلتووری پێکەوەژیان و یەکڕیزی لە نێوان هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان ئەو ڕێگە ڕاستەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کە بەڕێز بارزانی نەخشەی بۆ دارشتووە، ئەو دەوڵەتەی کە کوردەکان و برا کریستیانەکان و ئێزیدی و هەموو پێکهاتەکانی تری کوردستان شەهید و خوێنێکی زۆریان بۆ داوە، تاکە زەمانەتیش بۆ دامەزراندنی خەونی کوردستان بە پاڵپشتیکردنی سەرۆکەکەیانە.

*** دەوڵەتی ڤاتیکان دانی بەو ڕاستییەدا ناوە کە تاکە نەوای ئارام بۆ کریستیانەکان لە عێراق و ناوچەکە هەرێمی کوردستانە، سەرکردەکانی ڕۆژئاواش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە تەنانەت کەسایەتییەکی وەکو فرانسۆ هۆلاندی سەرۆکی فەرەنسا سەردانی کوردستانی کرد و چاوی کەوت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئایا تاچەند گرنگە پاپای ڤاتیکان سەردانی هەرێمی کوردستان بکات؟**

- کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی سەردانی ڤاتیکانی کرد، وەك سەرۆك دەوڵەتێك پێشوازی لێکرا، لە تێڕوانینی ڤاتیکاندا هەڵوێست و بوێری بارزانی ڕوون و ئاشکرایە، ئەو بەبێ جیاوازی پارێزگاری لەکریستیان و هەموو پێکهاتەکانی تری کوردستان و عێراق دەکات، هەربۆیە بە دڵنیاییەوە ڤاتیکان ئەم هەڵوێستە لەبیر ناکات، پێشوازی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان بۆ سەرۆکی هەرێم پێشوازی سەرۆك دەوڵەتێك بوو کە دەرگای بە ڕووی ئاوارە لێقەوماوەکان کردۆتەوە و شەڕی دژ بەداعش و تیرۆرستان دەکات، بەدڵنیاییەوە سەرۆك مسعود بارزانی داوای لە پاپا کردووە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام ئەو سیاسەتە تایبەتمەندەی ڤاتیکان هەیەتی بۆ سەردانی کوردستان و عێراق، بۆ ئەو دۆخە ناهەموارە دەگەڕێتەوە کە لە ناوچەکە و عێراقدا هەیە. بەڵام ئێمە وەکو کەنیسەی عێراق و ئەساقفە و باتریاك لەگەڵ سەرۆك بارزانی دەبین و داوامان کردووە پاپای ڤاتیکان سەردانی ئەو هەرێمە بکات کە ئارامترین هەرێمە لە ناوچەکەدا بۆ ئاین و ئاینزاکان، پشت بە خوا لە داهاتوودا سەردانی پاپای ڤاتیکان بۆ کوردستان ڕوودەدات و لەنزیکەوە دۆخی کاسۆلیکەکان دەبینێت.

*** ئێستاکە زۆر باس لە ئازادکردنەوەی شاری موسڵ و دەشتی نەینەوا دەکرێت کە ناوچەیەکی زۆری پێکهاتەکانی ئایین و ئایینزاکانە لەوانە کریستیانەکان و کوردە ئێزیدییەکان، تاچەند گرنگە پێشمەرگە بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکات و وڵاتانی ڕۆژئاواش هاوکاری سەربازی بۆ دابین بکەن؟**

- کریستیانەکان هەرگیز ڕۆڵی جوامێرانەی بەڕێز مسعود بارزانی و پێشمەرگە لەیاد ناکەن؛ ئەوان پارێزەری گیان و کەرامەتی هەموو پێکهاتەکانن، سەرۆکی هەرێم هەر لەگەڵ هاتنی داعش بۆ دەشتی نەینەوا و شاری موسڵ هەوڵ و ماندووبوونەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دیار و لەبەرچاوە، ئێمە وەکو کەنیسەکانی عێراق و ئەساقف و مەترانەکان پاڵپشتی هەموو ئەو هەوڵانەشی دەکەین کە بۆ پڕچەك کردنی سوپای پێشمەرگە داویێتی، لە سەردان و چاوپێکەوتنەکانیشماندا لە بۆنە و سەردانەکانمان بۆ ڤاتیکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا باسی پاڵەوانێتی و قوربانییەکانی پێشمەرگەمان کردووە، نزا دەکەین و لە خودا دەپاڕێینەوە کە شەهیدەکانی کوردستان جێگایان بەهەشت بێت. دوای ئازادکردنی دەشتی نەینەواش تاکە زەمانەتی پاراستنی گیانی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە دەگەڕێنەوە بوونی هێزی پێشمەرگە و دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارامە لەلایەن ئەنجومەنی

**هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر پشکیان لە ئاڵۆزبوونی دۆخەکە و ئەو ناکۆکییە سیاسییانە هەیە کە ئەمڕۆ شەقامی عێراقی پێیدا تێپەڕ دەبێت و گەلانی عێراقیان خزاندە ناو ئەو هەڵدێرە**

**ئێران ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی ناوخۆی عێراق دەکات و سیاسەتی ئەمەریکاش لەم ناوچەیەدا لە خزمەتی گەلانی عێراقدا نەبووە**

**ئەمڕۆ هەموو حزبێک لە بەغدا دەوڵەتێکە و هەموو سەرۆکی حزبێکیش لەوێ سەرۆکی وڵاتە و ئەجیندەی تایبەت بەخۆی و مەرام و پیلانی وڵاتانی دیکە جێبەجێ دەکات**

ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، کە سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستانی بە کریستیان و تورکمان و ئێزیدییەوە رۆڵەکانیان لە ناو ریزەکانی پێشمەرگەیە و تەنانەت لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە چەند فرقەیەکی تایبەت بەم پێکهاتانە دامەزراوە کە لە سەردەمی مستەفا بارزانی ئەم تەواجودە لەناو پێشمەرگەدا لەلایەن پێکهاتە کوردستانییەکانەوە بوونیان هەبووە. بەپێچەوانەوە بێ زەمانەتی بوونی پێشمەرگە و هێزی نێودەوڵەتی گەڕانەوەی کریستیان و ئێزیدییەکان زۆر زەحمەتە کە کۆمەڵکوژییان دەرهەق کراوە، هەموومان بینیمان چۆن لە شەو و رۆژێکدا نیوەی چەك و جبەخانەی سوپای عێراق کەوتە بەردەستی داعش، ئەمڕۆ دۆخەکە لە عێراق زیاتر ئاڵۆز و پشێوی پێوە دیارە، تەنانەت لە بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق داعش نییە، کەچی بە هەموو شێوەیەك پێشێلی مافەکانی کریستیانەکان دەکرێت و بگرە رفاندن و کوشتنیان دەرهەق ئەنجام دەدرێت، لە ژێر سایەی حکومەتی ناوەندی دانیشتووانی دەشتی نەینەوا هەر دووچاری رفاندن و کوشتن و کۆچپێکردن و کۆمەڵکوژی پەراوێزخستن بوونەوە. بۆیە پێویستە چارەنووسی دەشتی نەینەوا دیاری بکرێت بە گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە داواکاری هەموو کریستیان و پێکهاتە ئایینییەکانی ناوچەکەیە.

*** بەشداریتان لە رێوڕەسمی خولێکی (پێکەوەژیان و برایەتی لە موسڵ) لە شاری دهۆك کرد، ئایا گرنگترین ئامانجەکانی ئەو خولە چی بوو؟**

- ئەمە دووەم خولی (پێکەوەژیان و برایەتی لەپارێزگای موسڵ) بوو کە لە دهۆك بۆ کۆمەڵێك گەنج ئەنجام دەدرێت لەلایەن لقی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بۆ پێگەیاندنی گەنجەکان چاندنی فکری پێکەوەژیان و کەلتووری لێبووردەیی لە نێوان هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی پارێزگای موسڵ و دەشتی نەینەوا، ئەمەش بۆ خۆئامادەکردنە بۆ دوای پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ کە بە دوور نابێت لە کەوتنەوەی گرفت و کێشەی جۆراوجۆر کە بە درێژایی هەزاران ساڵ ئەم پێکهاتانە وەکو مۆزایکێك پێکەوەژیاون. ئومێدەوارم وتە و دروشمەکانی ئەم خولە وەکو هەموو کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی دیکە نەبێت کە لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ ناکرێت، بەپێچەوانەی کوردستانەوە کە وەکو سیمبولێك وایە پێویستە ناوچەکانی دیکەی عێراق پەند و عیبرەتی لێوەربگرن.

*** حکومەتی عێراق گەمارۆیەکی توندی ئابووری لە سەر کوردستان سەپاندووە، ئەمەش بە پێچەوانەی هەموو یاسا و عورفە مەدەنی و ئایینییەکانە، بۆچی تا ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڤاتیکان و وڵاتانی ئەورووپا نەیانتوانیوە هاوکاری و یارمەتی دارایی بەپێی پێویست بگەیەننە هەرێمی کوردستان کە نزیکەی دوو ملیۆن پەنابەرە و ئاوارەی عێراق و سووریای لەخۆگرتووە؟**

- وەکو کەنیسەکانی عێراق هەموو هەوڵێکمان داوە بۆ دابینکردنی هاوکاری و یارمەتی مرۆیی ئاوارەکان کە لە کوردستان نیشتەجێن، ئێمەش ئەو راستییە دەزانین بەغدا مستەحەقاتی هەرێمی بڕیوە و ململانێ سیاسیەکانی لە نێوان بەغدا و هەولێر قووڵتر کردۆتەوە ئەمەش لەلایەن ئێمەوە رەتی دەکەینەوە ناکرێت بەم شێوەیە وەڵامی رۆڵی پێشمەرگە و کورد لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان بدرێتەوە. ناکۆکی و ئاڵۆزی دۆخەکە لەناو حکومەتی عێراق و دەوڵەتەکەدا بە شێوەیەکە کە لە رووی واقیعەوە حکومەتێك و دەوڵەتێکی نەهێشتۆتەوە تا وەکو گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت و هۆشی بێتەوە و گەمارۆی ئابووری سەر هەرێمی کوردستان هەڵگرێت و بەپێی یاسا و دەستوور مامەڵە لەگەڵ هەرێمەکەیدا بکات، ئەمڕۆ هەموو حزبێك لە بەغدا دەوڵەتێکە و هەموو سەرۆکی حزبێکیش لەوێ سەرۆکی وڵاتە و ئەجێندەی تایبەت بەخۆی و مەرام و پیلانی وڵاتانی دیکە جێبەجێ دەکات، هەربۆیە نەك تەنیا ئێمەی پیاوانی ئایینی کاسۆلیکی، بەڵکو سەرۆکەکانی جیهانیش نازانن لەگەڵ کێ گفتوگۆ و دانوستاندن بکەن، لە کاتێکدا نەك تەنیا سیاسەتی مەرکەزی بەغدا بەرامبەر هەرێم روون نییە، بەڵکو بۆ ناوخۆی عێراقیشدا ئاڵۆز و ناڕوونە. تەنیا بودجەی مالیکی و هێزە چەکدارەکانی بە قەد بودجەی کوردستانە، باشە ئەگەر پارەی کوردستان بدەن، ئەی گەندەڵی لەچیدا بکەن.

*** باسی ئەجێندای دەرەکیتان کرد، ئایا بەنچەی تۆمەت ئاراستەی لایەنێکی دیاریکراو دەکەن بەوەی رق و کین و ناکۆکییەکانی لەعێراقدا لەنێوان لایەنەکان قووڵتر کردبێتەوە؟**

من لە کوشتن و کۆچپێکردنی کریستیانەکان تەنیا لایەنێکی دیاریکراو تۆمەتبار ناکەم، هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر پشکیان لە ئاڵۆزبوونی دۆخەکە و ئەو ناکۆکییە سیاسییانە هەیە کە ئەمڕۆ شەقامی عێراقی پێیدا تێپەڕ دەبێت و گەلانی عێراقیان خزاندە ناو ئەو هەڵدێرە، ئێران راستەوخۆ دەستێوەردانی ناوخۆی عێراق دەکات و سیاسەتی ئەمەریکاش لەم ناوچەیەدا لە خزمەتی گەلانی عێراقدا نەبووە. با چیتر زوڵم لە یەکتر نەکەین و ئایین بۆ کوشتنی مرۆڤەکان بەکارنەهێنین، با وەکو گەلانی پێشکەوتوو بژین و با بەس بێت سیاسەتی تائیفی و کوشتن و گەندەڵی.

**ئێمە وەکو کەنیسەی عێراق و ئەساقفە و باتریاک لەگەڵ سەرۆک بارزانی دەبین و داوامان کردووە پاپای ڤاتیکان سەردانی ئەو هەرێمە بکات کە ئارامترین هەرێمە لە ناوچەکەدا بۆ ئاین و ئاینزاکان، پشت بە خوا لە داهاتوودا سەردانی پاپای ڤاتیکان بۆ کوردستان روودەدات و لەنزیکەوە دۆخی کاسۆلیکەکان دەبینێت**

**پاڵپشتی و هاوکاری رۆژئاوا بۆ پێشمەرگەو کوردەکان بۆ ئەو کەلتوور و پێگەیە دەگەڕێتەوە کە کوردستان لە بواری پێکەوەژیان پێی ناسراوە، کریستیانەکانیش لە رێگەی پیاوانی ئایینی و کەسایەتییەکانیانەوە توانیویانە ئەم واقیعە بگەیەننە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هانی رۆژئاوا بدەن بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە و پاراستنی کوردستان**

**مێژووی نێوان کوردی موسڵمان و کریستیانەکان پڕیەتی لە برایەتی و پێکەوەژیان و لەسەر ئەم خاکە قوربانییەکی زۆریان داوە، ئەمەش بۆ فکری مستەفا بارزانی رێبەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان دەگەڕێتەوە**

ئەلێکس ڤاتانکا
شارەزا لە کاروباری ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# دەبێت گەلی کوردستان خۆی بڕیاری سەربەخۆیی بدات و چاوەڕێی ئەوە نەبێت ئەمریکا و ڕووسیا بڕیاری بۆ بدەن

*** هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە چارەسەرکردنی دۆخی وڵاتێکی وەك سووریا یەکجار قورس و ئاڵۆزە و تەنانەت ئەوەی لە میانەی گفتوگۆکانیشدا باس دەکرێت لەگەڵ ئەوەدا یەکناگرێتەوە کە لە سەر ئەرزی واقیع ڕوودەدات، تێڕوانینی ئێوە چییە لەسەر ئەوەی لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لە سووریادا بەتایبەتی ڕوودەدات؟**

- لە ڕاستیدا خەڵکانێکی کەم لە ڕۆژئاوا بیرۆکەی باشیان هەیە دەربارەری ئەوەی چۆن دەکرێت شەڕی ناوخۆی سووریا کۆتایی پێبهێنرێت، ڕاستە مەزەندەیان هەیە لەسەر ئاکام و دەرهاویشتەکانی شەڕی ناوخۆی سووریا لە سەر سەقامگیری و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی ڕۆژئاوا، بەڵام بیرۆکەی باشیان نییە لەبارەی ئەوەی چۆن ئەم شەڕە ناوخۆییە لە سووریا کۆتایی پێبهێنرێت. هەروەها کاتێك ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوەی لەسەر مێزی گفتوگۆ ڕوودەدات، هیچ پێوەندییەکی نییە بەوەی لەسەر ئەرزی واقیع دەگوزەرێت، جێی سەرسوڕمانی من نییە. چونکە شەڕی ناوخۆیی لە سووریا لە زۆر ڕووەوە دۆخێکی دەگمەنە، مەبەستم لە دەگمەن ئەوەیە کە دۆخێکی ئاڵۆزە و ئەمە وڵاتێکی عەرەبی گەورەیە و جیاوازی تایفەگەری و جیاوازی ئیتنی تێدایە، سەرەڕای ئەوەش ململانێیەکی جیوپۆلەتیکی گەورە هەیە لەلایەن هێزە جیهانی و ئیقلیمییە گەورەکاندا، کە هەر یەکە لەو هێزانە هەوڵ دەدەن ئەوپەڕی دەستڕۆیشتوویی خۆیان لە سووریادا مومارەسە بکەن. لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە کەسێك هەیە بە ناوی بەشار ئەسەد کە ڕازی نابێت ئاشتییانە دەستبەرداری دەسەڵات بێت. من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ڕاستە- هەروەك باسم کرد- بیرۆکەی باش زۆر کەمە دەربارەی چۆنیەتی کۆتایی هێنان بە شەڕەکە، بەڵام چارەسەرکردنی دۆخی سووریاش ئاسان نییە، کاتێك ئێمە باسی نەبوونی بۆچوونی باش دەکەین، ئەوا ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەیە لە سووریا باڵادەستە. لە لایەکی دیکەوە کاتێك لە شەڕی ناوخۆیی لوبنان -١٩٧٥ بۆ ١٩٩٠- دەڕوانین، ئەوا هەمان مشت و مڕ لەو کاتەشدا کرا، شەڕی ناوخۆیی لوبنانیش بە ئەندازەی شەڕی ناوخۆیی سووریا لە ئێستادا قێزەون و ئاڵۆز بوو، بەڵام لە



**ئەلێکس ڤاتانکا توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تایبەتمەندی کاروبارە ئەمنییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و شارەزای بواری کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی ئێران و پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و پرسی ئیسلام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بۆ شیکردنەوەی ئەو بارودۆخە پڕ لە پشێوییەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باڵادەستە، هەروەها چۆنیەتی کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆیی سووریا و لەناوبردنی تیرۆریستان لە عێراق و ئەگەری دابەشبوونی ئەم وڵاتانە و پرسی سەربەخۆبوونی کورد، گوڵان گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا و ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خستەڕوو.**

ساڵی ١٩٩٠دا و بە ئەنجامدانی رێککەوتنی تائیف کۆتایی هات، راستە ٢٦ ساڵی رابردوو لە لوبناندا ژیان سەخت بووە و رۆژگاری ئاشتی و سەقامگیری سیاسی نەبووە، بەڵام هەرچۆنێك بوو، شەڕەکە کۆتایی هات. لەبەر ئەوە کاتێك لە بارودۆخی ئێستای سووریا دەڕوانین، ئەوا باشترین ئومێدێك کە لە ئێستادا هەمانبێت، ئەوەیە کە گەمەکارە سەرەکییەکان، رووسیا و ئەمەریکا و تورکیا و ئێران و سعودیە و ئیمارات و قەتەر، بگەنە رێککەوتنێك لە بارەی ئایندەی سووریاوە و دەست لە رەوانەکردنی چەك و پارە بۆ سووریا هەڵبگرن، کە ئەمانە دەبنەهۆی درێژەپێدانی شەڕەکە. هەروەها دەبێت خەڵکی سووریا بارودۆخەکە چارەسەر بکەن لە مەودای دووردا، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، کە چەندەها خەڵك کوژراون و چەندەها ماڵ و خانوو وێران کراون، بەڵام ئەگەر بمانەوێت سووریا بەم سنوورانەی ئێستایەوە بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت دەست بدەنە ئەم کارە تەنانەت ئەگەر تەمەنی نەوەیەکیش بخایەنێت. رەنگە بوترێت خۆ سنووری لوبنانیش نەگۆڕا، بەڵام لە لوبناندا پێکهاتەیەکی کوردی بوونی نەبوو بە چەشنی ئەوەی لە سووریادا هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت دۆخی ئەو دوو وڵاتە بە یەك بەراورد بکرێت، رەنگە ئەمە راست بێت، بەڵام دەبێت لە سووریادا چارەسەرێکی سیاسی بێتەئاراوە و سەرەتا دەبێت رێگە لە هاتنی چەك و پارە بۆ ئەم وڵاتە بگیرێت و، رێککەوتنێکی چەشنی رێککەوتنی تائیف بکرێت لە نێوان گەمەکارە جیوپۆلەتیکییەکاندا، بەڵام لە ئێستادا هەست بەوە ناکرێت ئەم هێزانە لە یەك نزیك بووبێتنەوە، چونکە ئەگەر ئێمە لە چۆنیەتی ئامادەکاریی سعودیە و ئێران بڕوانین بۆ درێژەدان بە شەڕەکەی سووریا، ئەوا دووچاری رەشبینی دەبین، نەك گەشبینی. لەبەر ئەوە گەیشتن بە چارەسەرە سیاسییەکە پێویستی بە سازشی جیوپۆلەتیکی هەیە- بە چەشنێك کە رەنگە پێشتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رووی نەدابێت-، بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە شەڕەکە بهێننە نزمترین ئاست و بینا لەسەر ئەو دۆخە بکرێت، بەڵام ئەمەش ئەرکێکی گەورەیە و چەندین ساڵی پێدەچێت. چونکە ئەگەر لوبنان دوای ٢٦ ساڵ لە رێککەوتنی تائیف هێشتا هەر لە ململانێدا بێت،

ئەوا سووریاش بۆ ٢٠ تا ٣٠ تا ٥٠ ساڵی دیکە ئەو ململانێیە بەردەوام دەبێت.

*** زۆر جار ئەو باس لەوە دەکرێت کە رۆژئاوا پتر تەرکیز لەسەر چارەسەری سەربازی دەکات بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان و لە ناوبردنی داعش، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە هەردوو چارەسەرەکە بە سیاسی و سەربازییەوە هاوشان بەیەك بگیرێنەبەر، چونکە لە بنەڕەتدا دروستبونی گروپی تیرۆریستی بە چەشنی داعش بەهۆی شکستی سیاسییەوە دروست بوون؟**

- ئەگەر ئێمە لە رووی سەربازییەوە قسە دەربارەی ئەوە بکەین کە لەسەر ئەرزی واقیع روودەدات، ئەوا هەموو ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ یەکدا شەڕ دەکەن، تەقەمەنی پێویستیان نییە بۆ درێژەدان بەو شەڕە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ، بەڵام دەبینین وڵاتێکی وەك سعودیە، هەروەها ئێرانیش باوەڕیان وایە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی لە رێگەی گفتوگۆی سیاسیەوە، ئەوا دەبێت لە پێگەیەکی سەربازی بەهێزدابن، واتە باوەڕیان وایە سەرەتا دەبێت لە رووی سەربازییەوە براوە بیت، دواتر رووبکەیتە گفتوگۆ بۆ ئەوەی لە پێگەیەکی بەهێزدابیت. من بە گومانم لەمە، کاتێك لە بارودۆخی سەر ئەرزی واقیع دەڕوانم و لە پێگەی رووسیا و ئەمەریکا دەڕوانم، ئەوا پێموانییە چارەسەرێکی سەربازی لە ئارادا بێت و هەڵەیە چاوەڕێی ئەوە بکەین لە رووی سەربازییەوە پێگەیەکی بەهێزترت هەبێت، پێش ئەوەی رووبکەینە گفتوگۆی سیاسی، چونکە پێویستە بە زووترین کات گفتوگۆی سیاسی دەست پێبکات. ئەوەی پێوەندی بە رۆژئاواوە هەبێت، ئەوا رۆژئاوا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە چارەسەرێکی سەربازی بۆ ئەم دۆخە لە ئارادانییە، بۆیە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەوەی رۆژئاوا لە دژی داعش دەیکات و ئەوەی لە دژی ئەسەد دەیکات. هەروەها رۆژئاوا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم دۆخە لە رووی سەربازییەوە زۆنگاوێکە و بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە دەکێشێت. کۆبوونەوەکانی جنێف و و گفتوگۆی ئەمەریکا و رووسیا و لێدوانی ئەم دواییە جۆن کێری کە هانی ئێران دەدات بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە چارەسەر، ئەوە دەخەنەڕوو کە تەنیا ئومێدێك بۆ کۆتایی هێنانی ئاشتییانە بەم شەڕە بریتییە لە گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی. زۆر کەس بە گومانەوە لە ئاگربەستەکەی سووریا دەڕوانن و پێیانوایە ئەمە تەنیا یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەسەد، چونکە خۆی بۆ هێرشێکی گەورە ئامادە دەکات، بەڵام پێموایە ئەوانە پرسی تاکتیکین، چونکە ئەگەر ئەمەریکا و رووسیا لەسەر ئەوە رێککەون سووریا نەکەنە گۆڕەپانی دەستڕۆیشتوویی خۆیان، ئەگەر سعودیە و ئێرانیش هەمان رێککەوتن بکەن، ئەوا لایەنە سەربازییەکە دەتوانرێت ئیدارە بکرێت. چونکە ئەمە لە بنەڕەتدا شەڕێکی سیاسی و شەڕێکی سیاسی و جیۆپۆلەتیکییە.

*** واقیعی سووریا و عێراق ئەوەیە کە ئەم دوو وڵاتە دابەش بوون و پێکهاتەکانی ناتوانن پێکەوە بژین، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بە شیعە و سوننەکانی ئەم دوو وڵاتەوە هەبێت، کە شەڕ و کوشتار و خوێنڕێژییەکی زۆر لە نێوانیاندا دروست بووە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هێشتا رۆژئاوا دەستەبەرداری یەکپارچەیی ئەم وڵاتانە نابێت کە لە کاتێکدا ئەم وڵاتانە بە ئەمری واقیع دابەش بوون؟**

- ئێستا من لە (واشنتۆن دی سی)م، بەڵام ئەگەر من لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوومایە، یان لە هەولێر، یان لە کەرکووك بوومایە، ئەوا چاوم لە دەستی ئەمەریکا یان رووسیا یاخود چین نەدەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، راستە هێزە گەورەکان قسەی خۆیان هەیە و دەتوانن بەشدار بن، بەڵام ئایندەی ئەم وڵاتانە بەتایبەتی سووریا و عێراق لە دەستی خەڵکانی خۆیاندایە. ئەگەر ئاماژە بە هەرێمی کوردستانی عێراق بکەین، ئەوا راستە کە کوردەکانی ئەم وڵاتە بۆ ماوەیەکی درێژە جیابوونەتەوە، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە و لە رووی ئەمری واقیعەوە سەربەخۆن، بەڵام ئەوە کاری ئەمەریکا یان رووسیا نییە کە بێن و باس لە سنووری عێراقی ئایندە بکەن، هەروەها من هانتان دەدەم کە بەو شێوەیە لە سیاسەتی ئەمەریکا مەڕوانن کە ئەوەندە تموحیان هەبێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر باس لە گۆڕینی سنوورەکان بکەین لە سووریا، ئەوا ئەمە پرسێکە کە ئەمەریکا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت، بەڵام ئەمەریکا خۆی دەست بەم پرۆسەیە ناکات، چونکە ئێوە وێنای ئەوە بکەن کە ئەگەر کۆشکی سپی و سەرۆك ئۆباما رایبگەیەنن دەبێت سووریا دابەش بێت، ئایا ئەمە چ کاردانەوەیەکی لێدەکەوێتەوە، لە

**جیاوازییەکانی نێوان شیعە و سوننە لە روانگەی ئایینییەوە جیاوازی بچووکن، لە جیاوازی نێوان کاسیۆلیک و پرۆتستانت گەورەتر نین، دەبێت بەم وڵاتانە بوترێت نابێت چیتر ئایین بۆ ئامانجی جیوپۆلەتیکی بەکار بهێنن**

**ئێران ناتوانێت بە چەشنی ئەوەی لە عێراقدا توانیویەتی میلیشیا دروست بکات، بە هەمان شێوە بتوانێت لە سووریاشدا ئەم کارە بکات، لەبەر ئەوەی هێندەی عێراق شیعەی جەعفەری لە سووریادا بوونی نییە. هەرچۆنێک بێت، ئەوە شێوازێکە کە ئێران بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە بەکاری دەهێنێت کاتێک بۆشایی و دەرفەت بەدی دەکات، هەروەک ئەوەی حزبوڵای لە لوبنان دروست کرد، بە هەمان شێوە ئەو میلیشیایانەی لە عێراق دروست کردوون**

یادتانە کاتێك جۆزێف بایدن باسی لە دابەشبوونی عێراق کرد بۆ سێ دەوڵەتی جیاواز، چەند رەخنەی لێگیرا، ئەمە وەك کۆلۆنیالیزمێکی نوێ دەردەکەوێت، وەك ئەوەی هێزێکی دەرەکی لە دوورەوە بڕیار لە ئایندەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات. من دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی مەبەستمە، ئەگەر لە سووریادا چارەسەری فیدراڵی هاتەئاراوە و هەرێمی کورد و هەرێمی سوننە و هەرێمی عەلەوی دروست بوون، ئەوا رووسیا و ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە دەتوانن ئەوە بکەنە واقیع، بەڵام پێش ئەوە دەبێت پێکهاتە مەحەلییەکان لەسەر ئەوە رێکبکەون، وەك رژێمی ئەسەد و موعارەزە و.. هتد، بۆ نموونە ناکرێت لە کۆبونەوەکانی جنێڤدا ئەمەریکا و رووسیا رایبگەیەنن کە ئەوان دەیانەوێت سووریا، یان عێراق ببێتە سێ دەوڵەت و ئینجا ئەمە وەك پێشنیارێك بخەنە بەردەم گەلی سووریا، یان عێراق، بەڵکو دەبێت خودی گەلانی ئەم وڵاتانە بگەنە چارەسەرێك و ئومێدی ئەوە بخوازن پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ بەدەست بهێنن. باس لە یوگسلافیا دەکرێت لەم رووەوە، مەسەلەکە ئەوە نییە رووسیا و ئەمەریکا مۆدێلێکیان بەسەر ئەو ولاتەدا سەپاندبێت، بەڵکو خۆیان گفتوگۆیان کرد و دواتر پشتیوانی ئەمەریکای بە دوادا هات، پێویستە حاڵەتێکی لەم چەشنە لە سووریا و عێراقدا رووبدات، لە سووریادا هەرێمێك هەیە و بوونەتە واقیعێك لەو وڵاتەدا، بەڵام کاتێك باسی سووریا دەکەین، ئەوا دەبێت هەڵوێستی تورکیا لەبەرچاو بگرین، تورکیا نایەوێت فیدراڵییەت، یان دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە سووریا دروست بێت، ئێرانیش نایەوێت سنوری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕدرێن، لەبەر ئەوەی لە ئاکامەکانی دەترسێت. کەواتە ئەمەریکا و رووسیا و چین و هەموو لایەنەکانی دیکە دەتوانن کارئاسانی بکەن، بەڵام دەبێت خەڵکی ناوچەکە و سەرکردەکان خۆیان بە کارەکە هەڵبستن لە سووریا و عێراقدا. من باوەڕم وانییە لە ساڵی ٢٠١٦دا هیچ وڵاتێك بتوانێت چارەسەرێکی سیاسی بە سەر وڵاتێکی دیکەدا بسەپێنێت. من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە سنورەکانی سووریا و عێراق دەستکردن و لەلایەن هێزە کۆلۆنیاڵییە ئەوروپییەکانەوە کێشراون، کە ئێستا ئێمە گرفتاری ئاکامەکانی بووین، بەڵام باوەڕیشم بەوە نییە کە هێزی دەرەکی وەك رووسیا و ئەمەریکا بێن و ئەو کێشانە چارەسەر بکەن کە ئەوروپییەکان نزیکەی ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا دروستیان کرد. بەڵکو دەبێت خەڵکی ناوچەکە بە هاوکاری هێزە ئیقلیمیەکان، وەك ئێران و سعودیە و تورکیا ئەوە بکەن و دەکرێت رووسیا و ئەمەریکا بەشێك بن لەو گفتوگۆیە و کارئاسانی بکەن، بەڵام ناکرێت تۆ لە سلێمانی، یان کەرکووك یان لە شوێنەکانی دیکە دانیشتبی و چاوەڕێ بکەیت هێزێك لە دوورەوە بێت و وڵاتێکی نوێ و واقعێکی نوێت بۆ دروست بکات، شتەکان بەم شێوەیە روونادەن.

*** ئێران بە چەشنی داعش دەیەوێت خەلافەتێك دروست بکات بە ناوی (ویلایەتی فەقیە)، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم هەنگاوەی ئێران ئاڵۆزییەکان زیاتر ناکات و ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە قووڵتر ناکاتەوە؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە سیاسەتی ئێران یارمەتیدەر بووبێت لەو گرژییەی کە لە نێوان شیعە و سوننەدا هەیە، بەڵام ئەگەر راشکاو و داد‌پەروەر بین، ئەوا نەك هەر تەنیا ئێران، بەڵکو چەند وڵاتێکی دیکەش هەن لە ناوچەکەدا کە پرسی شیعە و سوننە بۆ مەرامی جیوپۆلەتیکی بەکار دەهێنن، کەواتە ئێران تاوانبارە و وڵاتانی دیکەش تاوانبارن، ئێران ناتوانێت بە چەشنی ئەوەی لە عێراقدا توانیویەتی میلیشیا دروست بکات، بە هەمان شێوە بتوانێت لە سووریاشدا ئەم کارە بکات، لەبەر ئەوەی هێندەی عێراق شیعەی جەعفەری لە سووریادا بوونی نییە. هەرچۆنێك بێت، ئەوە شێوازێکە کە ئێران بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەکاری دەهێنێت کاتێك بۆشایی و دەرفەت بەدی دەکات، هەروەك ئەوەی حزبوڵای لە لوبنان دروست کرد، بە هەمان شێوە ئەو میلیشیایانەی لە عێراق دروست کردوون، ئەمەش یارمەتیدەر نییە و گرژی زیاتر لە نێوان شیعە و سوننە دروست دەکات. لە ئێستادا پێویستە بە رەوتێکی پێچەوانە کاربکەین، لە ئێستادا پێویستە ئەوە بڵێین کە جیاوازییەکانی نێوان شیعە و سوننە لە روانگەی ئایینییەوە جیاوازی بچووکن، لە جیاوازی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانت گەورەتر نین، دەبێت بەم وڵاتانە بوترێت نابێت چیتر ئایین بۆ ئامانجی جیوپۆلەتیکی بەکار بهێنن.

*** تا ئێستا کوردستان نەبۆتە بەشێك لە کێشە**

**ئەگەر لە سووریادا چارەسەری فیدراڵی هاتەئاراوە و هەرێمی کورد و هەرێمی سوننە و هەرێمی عەلەوی دروست بوون، ئەوا رووسیا و ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە دەتوانن ئەوە بکەنە واقیع، بەڵام پێش ئەوە دەبێت پێکهاتە مەحەلییەکان لەسەر ئەوە رێکبکەون**

**هەموو ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ یەکدا شەڕ دەکەن، تەقەمەنی پێویستیان نییە بۆ درێژەدان بەو شەڕە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ، بەڵام دەبینین وڵاتێکی وەک سعودیە، هەروەها ئێرانیش باوەڕیان وایە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی لە رێگەی گفتوگۆی سیاسیەوە، ئەوا دەبێت لە پێگەیەکی سەربازی بەهێزدابن**

**و ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە، لەلایەکی دیکەوە کورد لە هەوڵی ئەوەدایە کە هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەم هەوڵە پشتیوانی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنێت؟**

- وڵاتی کوردستان نیشتمانی ٢٥ بۆ ٣٠ ملیۆن کەسە و لە رووی قەبارەوە وڵاتێکی مامناوەندە، کورد لە ئەرمینیاوە بۆ لوبنان و بۆ عێراق و ئێران بوونیان هەیە. ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی واقیعبینیانە باس لە کوردستانی سەربەخۆ بکەین و ئەگەر بمانتوانیایە کات بۆ دواوە بگەڕێنینەوە، ئەوا دەبوو ئێستا کوردستان- وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ- لەسەر نەخشە بوونی هەبووایە، کورد خاوەن نەتەوەیەکی جیاواز و کەلتووری جیاواز و زمانی جیاوازن، واتە هەموو تۆخمێکی بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام ئەوە گەمەی جیوپۆلەتیکییە کە ئەو واقیعە و دۆخەی ئێستای دروست کردووە و بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەش بوون. لە ئێستادا تورکیا دەیەوێت هەرێمی کوردستانی عێراق بەو شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت و نایەوێت لەوە زیاتر سەربەخۆ بێت، هەروەها تورکیا- بە دڵنیاییەوە سەرۆک ئەردۆغان- ناخوازێت کوردی سووریا سەربەخۆیی زیاتر بەدەست بهێنن، ئێرانیش بە هەمان شێوە نایەوێت کوردی ئێران باسی جیابوونەوە بکەن، بەڵام لە ئێستادا من سەرهەڵدانی کوردستانی گەورە، یان تەنانەت سەربەخۆبوونی تەواوی بەشێکی کوردستان- کوردستانی عێراق- بەدی ناکەم، بەڵکو پێموایە باشترین شتێك کە ئیمکانی روودانی هەبێت- کە بە دڵنیاییەوە ئێران و تورکیا فێری ئەوە دەبن لەگەڵ ئەم واقیعەدا بژین- بریتیە لە ئۆتۆنۆمی —خۆحوکمڕانی- زیاتر بۆ کوردی عێراق و سووریا. تورکیا راهات لەگەڵ ئەو واقیعەدا کە کوردستانی عێراق ئەندازەیەکی زیاتر لە خۆحوکمڕانی هەبێت، ئێرانییەکانیش راهاتن لەگەڵ ئەمەدا بژین، من دڵنیام رادێن لەگەڵ ئەوەشدا کە کوردی سووریا ئاستێکی بەرزتری خۆحکومڕانی بەدەست بهێنێت، بەڵام تورکیا و ئێران خوازیاری هاتنەدی ئەم بارودۆخە نین بۆ کوردی وڵاتانی خۆیان. لەبەر ئەوە لەو باوەڕەدا نیم لە ئێستادا تورکیا و ئێران بیانەوێت سازش بۆ کوردی وڵاتەکەی خۆیان بکەن، بەڵام رەنگە بیانەوێت بارودۆخێکی جیاواز ببینن لە پێوەندی بە کوردی سووریاوە، ئەگەرچی هەروەك ئێوە لە من باشتر دەزانن، ئەوەی پێوەندی بە سیاسەت و بڕیاری تورکیا و سەرۆك ئەردۆغان-ـەوە هەبێت، ئەوا ئەوان ترسیان هەیە لە بارودۆخی کوردی سووریا، چونکە پێیانوایە ئەمە راستەوخۆ گرێدراوە بە پرسی چارەنووسی کوردی تورکیاوە.

**باشترین ئومێدێک کە لە ئێستادا هەمانبێت، ئەوەیە کە گەمەکارە سەرەکییەکان، رووسیا و ئەمەریکا و تورکیا و ئێران و سعودیە و ئیمارات و قەتەر، بگەنە رێککەوتنێک لە بارەی ئایندەی سووریاوە و دەست لە رەوانەکردنی چەک و پارە بۆ سووریا هەڵبگرن**

*** لە ئێستادا ئێران بە ئاشکرا دوژمنایەتی خۆی بۆ وڵاتانی سوننی راگەیاندووە و داوای رووخاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات، واتە ئیسرائیل و وڵاتە سوننەکان خۆیان لە یەك سەنگەردا دەبیننەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری سەرهەڵدانی هاوپەیمانێتییەك لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی سوننەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران هەیە ؟**

- بەڵێ، پێموایە ئەوە روودەدات، چونکە ئێران خۆی کردووە بە دوژمنی ئیسرائیل و دەوڵەتە سوننەکانی کەنداو، ئەمە واقیعێکە و بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانەوە هاتۆتەئاراوە، بەڵام من بە گومانم لە دروستبوونی هاوپەیمانێتیەکی درێژخایەن و ستراتیژی لە نێوان ئیسرائیل و عەرەب، بەڵکو هاوپەیمانێتیەکی تەمەن کورت دەبێت و بەند دەبێت بە مانەوەی ئێران وەك دوژمنێکی هاوبەش، واتە هەر کاتێك ئێران وەك دوژمنێکی هاوبەش لە ئارادا نەما، ئەوا دەبێت مامەڵە لەگەڵ ناکۆکی عەرەب-ئیسرائیلدا بکەن. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە بۆ دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداوی فارسی و وڵاتێکی وەك ئەردەن کە بە شێوەیەکی ریشەیی تێڕوانینی خۆیان لە ئاست ئیسرائیل بگۆڕن، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە کێشەی فەلەستین گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت. کەواتە وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە کە بەڵێ هاوپەیمانی تاکتیکی دروست دەبێت، بەڵام کێشەکانی عەرەب و ئیسرائیل تەنیا بەهۆی پرسی ئێرانەوە چارەسەر نابن، بەڵکو دووبارە پرسەکە دێتەوەسەر کێشەی فەلەستین و پرۆسەی ئاشتی.

*** دوا وتەتان چییە؟**

ئومێدەوارم بتوانم سەردانی کوردستان بکەم و ئەو نیشتمانە جوانە ببینم، هەروەها هیوای خۆشبەختی بۆ کورد دەخوازم، بۆ ژنەپێشمەرگەکان و بۆ ئەو کەسانەی کە توانای پێداگیری لەسەر شەڕکردن لە پێناوی ناسنامە و نەتەوەکەی خۆیاندا دەکەن و ئەوەی کورد کردوویەتی لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوو وامان لێدەکات جگە لە رێز و هاوسۆزی و هیوای هەموو سەرکەوتنێك بۆیان لە ئایندەدا هیچی دیکەم بۆیان نەبێت.

**ئەوەی کورد کردوویەتی لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوو وامان لێدەکات جگە لە رێز و هاوسۆزی و هیوای هەموو سەرکەوتنێک بۆیان لە ئایندەدا هیچی دیکەم بۆیان نەبێت**

# (٢٢)ی نیسان رۆژی جیهانیی زەوی

جیهان لە (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێك یادی رۆژی جیهانیی زەوی دەكاتەوە.

چیرۆكی ئەم رۆژە لەوەوە دەست پێدەكات كە لە هەمان بەروار و لە ساڵی (١٩٧٠)دا، نزیكەی (٢٠) ملیۆن كەس لە تەواوی ئەمریكادا خۆپیشاندانیان كرد بە سەركردایەتی سێناتۆر (گایلۆرد نیلسۆن) بۆ دەرخستنی مەترسییەكانی پیسبوونی ژینگە بە هۆی كارگە پیشەسازییەكانەوە.

خۆپیشاندەران داوای دامەزراندنی ئاژانسی پاراستنی ژینگە و دەرچوواندنی یاساكانی پاراستنی ژینگەیان دەكرد، كە لە دواجاردا كۆنگرێس هەردوو داواكانیانی پەسەند كرد، ئەم رۆژەش لە ئەمریكادا بوو بە رۆژی زەوی. بەڵام لە دواییدا نەتەوە یەكگرتووەكان بە بڕیاری ژمارە (٦٣/٢٧٨)، رۆژی (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێكی كردە رۆژی زەوی بۆ گشت جیهان، ئەم راگەیاندنەش دانپێدانانێكە بەو راستییەی كە زەوی و سیستمە ئیكۆلۆژییەكەی سەرچاوەی سەرەكیی ژیان و بژێویی گشت دانیشتووان و گیانلەبەرانە. هەروەها دانپێدانانێكە بە بەرپرسیارێتیی گشتی كە راگەیاندنی كۆنگرەی زەوی لە (ریۆدی جانیرۆ)ی ساڵی (١٩٩٢) داوای كردووە بۆ زیاتر تەبایی و كۆك بوون لەگەڵ سروشت و زەویدا، لە پێناو دابینكردنی هاوسەنگییەكی دادپەروەرانە لە نێوان پێداویستییە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانی نەوەكانی ئێستاو داهاتوودا.

لە ساڵی (٢٠١٣) لە رۆژی جیهانی زەوی دایكدا، (بان كی مۆن) سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان گوتی: «رۆژی جیهانی دایكەزەوی هەلێكە بۆ دووبارە جەختكردنەوە لە بەرپرسیارێتی هەموومان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ سرووشتدا، لەو كاتەی كە هەسارەكەمان رووبەڕووی مەترسیی گۆڕانی كەش و هەوا و خراپ بەكاربردنی دەرامەتەكان و زۆر كێشەی دیكە دەبێتەوە كە دەستكردی مرۆڤەكانن.بۆیە كاتێك دەبینە هەڕەشە لەسەر هەسارەكەمان، ئەوسا خۆمان ئەم ماڵە تاقانەیەی خۆمان دەڕووخێنین. با پەیمان تازە بكەینەوە بە بۆنەی ئەم رۆژە جیهانییەوە، رێز لەم دایكەزەوییەمان بگرین.»

بۆ یادكرنەوەی ساڵانەی رۆژی زەوی، نەتەوە یەكگرتووەكان دروشمی جیا جیا هەڵدەبژێرێت لەپێناو هاندانی ملیۆنەها لە دانیشتووانی گۆی زەوی بۆ بونیادنانی ژینگەیەكی تەندروستی بەردەوام لە رێگەی سەوزكردنی كۆمەڵگەكان لە سەرتاسەری جیهاندا، چونكە ئەمڕۆ نیوەی زیاتری دانیشتووانی جیهان لە نێو شارەكاندا دەژین، بۆیە لەگەڵ زیادبوونی دانیشتووان و ئاسەوارەكانی گۆڕانی كەش و هەوادا، پێویستە ستایلی ژیانیش لەنێو شارەكاندا بە ئاراستەی سەوزكردن بگۆڕێن.

لەم بۆنەی رۆژی زەوییەدا، ئێستا كاتی وەبەرهێنانە لە بواری وزە نوێبووەوەكان و دووبارە بونیادنانەوەی شار و شارۆچكەكانمان و دەستكردن بە چارەسەركردنی كێشەی كەش و هەوا بۆ ئەوەی لە ماوەی دوو ساڵدا و بە جووڵەیەكی خێرا، ئاسەواری باشی ئەم گۆڕانكارییە دەربكەوێت.

لە (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێكدا نزیكەی یەك ملیار كەس لە (١٩٠) دەوڵەتدا بۆنەی رۆژی زەوی بەرز و زیندوو رادەگرن لە رێگەی چاندنی نەمام و پاككردنەوەی نێو شار و پێوەندیكردن بە نوێنەرەكانیانەوە و زۆر چالاكیی دیكەی ژینگەپارێزانە.

ساڵانە لەم بۆنەیەدا تیشك دەخرێتەسەر كێشەو رێگرییە كۆن و نوێیەكان، بەتایبەت مەسەلەی دەركەوتنی زیانە زۆرەكانی گردبوونەوەی دانیشتووان لە شارەكان و چۆڵكردنی گوند و لادێكان، لەگەڵ دەركەوتنی زیانە گەورەكانی گۆڕان لە كەش و هەوادا.

بۆیە پێویستە ئێمەش لە كوردستاندا ئەم هەنگاوانە بنێین:

یەكەم: چاوخشاندنەوە بكەین بە دیزاینی شارەكانمان و وەبەرهێنانەكانیشمان بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی سەوز و ژینگەدۆستانە بن.

دووەم: سیاسەتێكی نوێی ژینگەپارێزانەی بەردەوام لەلایەن حكومەتەوە پەیڕەو بكرێت سەبارەت بە سیاسەتی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت و غاز و ژمارە و جۆر و قەبارە و شوێنی پاڵاوگە نەوتییەكان، بە جۆرێك لەگەڵ ستانداردە ژینگەییەكاندا تەبا بن.

سێیەم: هەوڵدانی بەردەوام بۆ ئامادەكردنی كۆمەڵگەیەكی مەدەنیی وریا و زانا، بە پاڵپشتیی جەماوەرێكی هۆشیار و چالاك.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com



**لەماوەی تەنیا ساڵێكدا پاساپۆرتی هەولێر ١٧٢ هەزار پاساپۆرتی دەركردووە، بەمەش لە ساڵی ٢٠١٥دا لە سەر ئاستی هەرێم و عێراق بە پلەی یەكەم دێت، وەكو كارئاسانییەكیش بۆ هاووڵاتیان و ئاوارەكان بەڕێوەبەرایەتی پاساپۆرتی هەولێر دوو نوسینگە و بەشێكی نوێكردنەوەی پاساپۆرتی كردۆتەوە، داوا لە هاووڵاتیانیش دەكات پابەندی ڕێنماییەكان بن، چەند ڕێنماییەكیشی بەو كەسانە دەركردووە كە لەناوخۆی هەرێم و دەرەوەی وڵات گرفتی پاساپۆرتیان هەیە، لەم ڕاپۆرتەدا عەمیدی مافپەروەر دیدار عومەر پیرەبابی بەڕێوەبەری پاساپۆرتی هەولێر باس لەو ڕێنماییانە و چەند بابەتێكی تایبەت بە كارتی نیشتمانی و پاساپۆرتی ئەلیكترۆنی و چارەسەركردنی پاساپۆرتی دڕاو و سووتاو و ونبوو دەكات. لێرەدا پوختەی قسەكانی بڵاودەكەینەوە.**

## عەمید دیدار عومەر پیرەبابی بۆ گوڵان:

# ئاسانكاریی زۆر بۆ بریندارانی شەڕی داعش و نەخۆش و خاوەن پێداویستیی تایبەت دەكەین

**■ بە كوالێتییەكی بەرز پاساپۆرتی ئەلیكترۆنی دەردەچێت**

**■ تەنیا لەساڵی ٢٠١٥ توانیمان ١٧٢ هەزار پاساپۆرت دەربكەین، لەسێ مانگی ئەمساڵیشدا بەهۆی زۆری ژمارەی ئەو ئاوارانەی روویان لە پارێزگاكە كردووە، قەرەباڵغیەكی زۆرمان لەسەر بووە**

**● هەركەسێك ماوەی تەواوبوونی پاساپۆرتەكەی ٦ مانگی مابێت ناتوانێت سەفەر بكات**

سەبارەت بە ژمارەی ئەو كەسانەی لە ساڵی ڕابردوو پاساپۆرتیان دەرهێناوە و ئەو كارئاسانییەی بەڕێوەبەرایەتی پاساپۆرتی هەولێر پێشكەشی هاووڵاتیانی دەكات، عەمیدی مافپەروەر دیدار عومەر پیرەبابی بەڕێوەبەری پاساپۆرتی هەولێر وتی: «لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق بەڕێوەبەرایەتی پاساپۆرتی هەولێر لە پێشەنگ دێت، بە ڕادەیەك تەنیا لەساڵی ٢٠١٥ توانیمان ١٧٢ هەزار پاساپۆرت دەربكەین، لەسێ مانگی ئەمساڵیشدا بەهۆی زۆری ژمارەی ئەو ئاوارانەی روویان لە پارێزگاكە كردووە، قەرەباڵغیەكی زۆرمان لەسەر بووە، هەربۆیە بیرمان لە میكانیزمێكی نوێ كردەوە، ئەوە بوو نووسینگەی (یەك)ی پاساپۆرتمان تایبەت كرد بۆ نوێكردنەوەی پاساپۆرت، یان ئەو كەسانەی گرفت و كێشەی ونبوون و تێكچوونی پاساپۆرتەكانیان هەیە، هاوكات نووسینگەی (٢)ی پاساپۆرتیشمان تایبەت كرد بۆ ئەو كەسانەی یەكەمین جارە پاساپۆرت دەردەهێنن، لەم دوو بەڕێوەبەرایەتیەش دەوامی پێش نیوەڕۆ و دوای نیوەڕۆشمان هەیە. لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵان-ەوە بە پێویستی دەزانم چەند روونكردنەوەیەك بە هاووڵاتیانی خۆشەویست بدەم، بەتایبەتی ئەو كەسانەی خاوەنی پاساپۆرتن و ماوەی بەسەرچوونەكەی ٦ مانگ كەمترە، پێویستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەكەمان بكەن بۆ نوێكردنەوەی پاساپۆرتەكانیان، چونكە ناتوانن گەشتی پێبكەن، ئەمەش سیستەمێكی جیهانییە و لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا پەیڕەو كراوە، لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیەكەشماندایە ئەگەر كەسێك پاساپۆرتەكەی لە ساڵێك كەمتر ماوەكەی تێدا مابێت، بتوانین پاساپۆرتەكەی بۆ نوێ بكەینەوە، داواكاریشین لە هاووڵاتیان لە كاتی پڕكردنەوەی فۆرمی زانیاری تایبەت بە وەرگرتنی پاساپۆرت، بە وردی سەیری زانیارییەكان بكەن، تاوەكو بە هەڵە فۆرمەكە پڕ نەكرێتەوەو دواتر تووشی گرفتی یاسایی نەبن.»

## • پاساپۆرتی دڕاو و سووتاو و ونبوو لە ناوخۆی وڵات و دەرەوە

سەبارەت بە چارەسەرکردنی پاساپۆرتی دڕاو و ونبوو، یان سوتاویش بەڕێوەبەری پاساپۆرتی هەولێر وتی: «بەو پێیەی سیستەمی پاساپۆرت لە عێراق مەرکەزییە، هەر بۆیە ئەو کەسانەی پاساپۆرتەکانیان دڕاو، سووتاو، یان ون بووە، توانرا دوای هەوڵێکی زۆر چەند یاسایەك دەربچێت کە لە بەرژەوەندی هاووڵاتیاندا بوو، ئەمەش دوای ئەوەی بڕیاردرا کە دەتوانرێت لە ڕێگەی دادگایەکی تایبەتەوە گرفتی ئەو هاووڵاتیانە لە پارێزگاکانی خۆیان چارەسەر بکرێت، ئەمەش خەرجی و ماندووبون و مەترسی و گرفتێکی زۆری زمان و زۆرجار ڕۆتینی لە کۆڵ هاووڵاتیان کردەوە، بەڵام پێویستە ئەو هاووڵاتیە زانیاریی ڕاست و دروستمان بداتێ، بۆ ئەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە و دادگا بڕیاری لە بەرژەوەندی هاووڵاتیەکە بدات، دواتر لە ڕێگەی چەند ئیجرائاتێکی یاساییەوە، دادوەر بۆ یەکەمینجار بە غەرامەیەك، یان لێخۆشبوونێك -ئەگەر بۆی دەرکەوت ئیهمال نییە- بڕیاری دووبارە دەرکردنەوەی پاساپۆرتی ئەو کەسە دەدات، بەڵام دەمەوێت هاووڵاتیانی بەڕێز ئاگادار بکەمەوە کە زۆر ئاگاداری پاساپۆرتەکانیان بن، چونکە ونکردن و تێکچوون بۆ دووەم جار سزا و غەرامەکەی زۆر قورسترە کە لە ملیۆنێك دینار غەرامە تاوەکو ڕاگرتنی پاساپۆرتەکەی بۆ ماوەی ٣ مانگ سزا دەدرێت. هەروەها بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کوردستان کە لە دەروەی وڵاتن و گرفتی پاساپۆرتیان هەیە، دەبێت لەو وڵاتە سەردانی نزیکترین بنکەی پۆلیس بکەن و دواتر ئەوراقی داوا یاساییەکە ئاراستەی باڵیۆزخانە، یان کونسوڵخانەی عێراق بکرێت، تاوەکو پاساپۆرتی کاتیی پێ بدەن، کە پێی دەڵێن: (پاساپۆرت مرور) دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە دووبارە دەبێت داواکاری پێشکەش بکات و لە ڕێگەی دادگای هەولێرەوە بڕیاری دەرکردنەوەی پاساپۆرتەکەی پێ دەدرێتەوە، بەڵام ئەمە ئاسانکاریی زیاتر پێشکەش دەکرێت، چونکە وا دانراوە ئەو هاووڵاتیەی دەچێتە دەرەوەی وڵات، ناچار دەبێت پاساپۆرتەکەی پێ بێت، بەپێچەوانەی ناوخۆی وڵاتەوە کە مەرج نییە بۆ هەموو شوێنێك پاساپۆرتەکەی پێ بێت، واتا لەناوخۆی وڵات دەکەوێتە خانەی ئیهمالییەوە زیاتر. ئەو هاووڵاتییەی کوردستان کە لە دەرەوەی وڵاتە و گرفتی ناوگۆڕین و گۆڕینی شوێنی هەیە، دەتوانێت لە ڕێگەی پارێزەرەوە لەو وڵاتەی کە لێی نیشتەجێیە زانیارییەکان ڕاست بکاتەوە، چونکە بەڵگەنامە فەرمیەکانی باری شارستانی و ڕەگەزنامە ناتوانرێت بێ فەرمانی دادگا دەستکاری بکرێت.»

## • کارتی نیشتمانی و پاساپۆرتی نوێی ئەلیکترۆنی

بەڕێوەبەری پاساپۆرتی هەولێر سەبارەت بە کارکردن بە کارتی نیشتمانی و ئەگەری دەرکردنی پاساپۆرتێکی نوێی ئەلیکترۆنی وتی: «لە شاری هەولێر لە کۆی ٤٣ بەڕێوەبەرایەتی کە دەبێت بۆ پێدانی کارتی نیشتمانی بکرێتەوە، تەنیا یەك بەڕێوەبەرایەتی لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر کراوەتەوە و لە داهاتوودا بەڕێوەبەرایەتی زیاتر دەکرێتەوە، واتا ئەم پرۆسەیە نەك تەنیا لە کوردستان لە عێراقیش بە هۆی خراپی باری داراییەوە بە خاویی بەڕێوەدەچێت، هەر بۆیە بۆ دەرهێنانی پاساپۆرت و نوێکردنەوە بە بەڵگەنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامە مامەڵەکان بەڕێوەدەچێت، هەر کەسێکیش ئەو کارتەی نیشتمانی هەبێت، لەناو فۆرمی پڕکردنەوەی پاساپۆرت شوێنی تایبەت هەیە، ئەو کات دەتوانێت بەڵگەنامەکانی باری شارستانی و ڕەگەزنامە نەهێنێت. هەروەها ئێستا قسەوباسێکی زۆر لەسەر مەسەلەی دەرکردنی پاساپۆرتی ئەلیکترۆنی دەکرێت، من خۆم ئەندامم لەو لێژنەیەی کە دووساڵە سەرقاڵی ئەو کارەیە، پرۆسەی پاساپۆرتی ئەلیکترۆنی گەیشتۆتە دوا قۆناغەکانی کە بڕیارە لەلایەن کۆمپانیا پێشکەوتووەکانی ئەورووپاوە دەربچێت، بەتایبەتی دوو کۆمپانیای ئەڵمانی و بەریتانی. ئەم پاساپۆرتە لەڕووی کوالێتی و هونەرییەوە پاساپۆرتێکی زۆر پێشکەوتووە، واتا لەم پاساپۆرتەی ئێستا کە لە ئەڵمانیا چاپ کراوە، پێشکەوتووترە، لەگەڵ دەرکردنی پاساپۆرتەکەش ئەوەی ماوەی پاساپۆرتەکەی تەواو دەبێت، یان پاساپۆرتی نوێ دەردەکات، تەنیا ئەوان پاساپۆرتی ئەلیکترۆنیان دەدەینێ بۆ ئەوەی قەرەباڵغی دروست نەبێت، واتا پاساپۆرتەکەی ئێستا بەردەوام مامەڵەی پێوە دەکرێت، بە دەرکردنی ئەم پاساپۆرتە گرفتی تێکچوون و تەزویرکردنیش بە تەواوەتی کۆتایی دێت، چونکە لاپەڕەی یەکەمی پاساپۆرتەکە پلاستیکییە، گۆڕینی پاساپۆرتیش کارێکی ئاساییە، چونکە تادێت لە رووی کوالێتی و هونەرییەوە پاساپۆرتی پێشکەوتووتر چاپ دەکرێت، دەرکردنیشی کاریگەری لە سەر هاووڵاتیان نابێت، چونکە کار بەپاساپۆرتە کۆنەکەش دەکرێت و وردە وردە لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوەکەی خۆی ئەم پاساپۆرتەی ئێستا نامێنێت. بەهۆی ئەو یەك سیستەمییەی کە لە پاساپۆرتدا هەیە، توانراوە کۆنترۆڵی بەڕێوەچوونی کارەکان بە باشی بکەین، واتا ئەگەر لە پارێزگای بەسرا کەسێك تۆمەتبار بێت و بیەوێت لە ڕێگەی هەولێرەوە سەفەر بکات، ڕێگەی لێ دەگیرێت، چونکە ئێمەش ئاگاداری قەدەغەکردنی سەفەرین لەو کەسە، لە رووی کارئاسانی و سەفەرکردنی بریندارەکانی شەڕی داعشیشەوە، کارئاسانی تەواو هەیە، تەنانەت ڕۆژێکیان پێشمەرگەیەکمان بریندار بوو، دەبووایە زوو سەفەری بکردایە، لەبەغدا لە ڕۆژی هەینی ئەفسەرمان هێناوەتەوە پاساپۆرتەکەمان بۆ دەرکردووە.»

**ئەو کەسانەی خاوەنی پاساپۆرتن و ماوەی بەسەرچوونەکەی ٦ مانگ کەمترە، پێویستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بکەن بۆ نوێکردنەوەی پاساپۆرتەکانیان، چونکە ناتوانن گەشتی پێبکەن**

**ونکردن و تێکچوون بۆ دووەم جار سزا و غەرامەکەی زۆر قورسترە کە لە ملیۆنێك دینار غەرامە تاوەکو ڕاگرتنی پاساپۆرتەکەی بۆ ماوەی ٣ مانگ سزا دەدرێت**

**پرۆسەی پاساپۆرتی ئەلیکترۆنی گەیشتۆتە دوا قۆناغەکانی کە بڕیارە لەلایەن کۆمپانیا پێشکەوتووەکانی ئەورووپاوە دەربچێت، بەتایبەتی دوو کۆمپانیای ئەڵمانی و بەریتانی. ئەم پاساپۆرتە لەڕووی کوالێتی و هونەرییەوە پاساپۆرتێکی زۆر پێشکەوتووە**